زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە کوردیدا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە کراوە، لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن

**محەمەد حوسێن محەمەد**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- ٢٠٠٤

بە سەرپەرشتیاری

**پ.د. تالیب حوسێن عەلی**

هەولێر، کوردستان

تشرینی دووەم، ٢٠٢٢

## بەڵێننامە

من بەڵێنـدەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە، بە ناونیشـانەی (**سـینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵنـاو لە کوریـدا**) هەمـوی کـاری ڕەسـەنی تـاکە کەسـی خـۆمە. جگە لەو جێگەیـانەی، کە بە ئاشـکرا ئامــاژەم بە ســەرچاوەکانی کــردووە، هەمــو نوســینەکان و ئەنجامەکــان، تــوێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشـی هـیچ شـوێنێکم نەکــردووە، بــۆ ئەوەی بڕوانــامەی پێــوەربگرم. بەڵێنـــدەدەم لە هەر جــێگەیەک، شــتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

واژو:

ناوی قوتابی: **محەمەد حوسێن محەمەد**

ڕێکەوت:      /      / ٢٠٢٢

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری (زمانی کوردی) من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژو:

ناو: **پ.د. تالیب حوسێن عەلی**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ .

واژو:

ناو: **گۆران سۆران فەیزی**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم، کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ .

بە ڕپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژو:

ناو: **د. عبدالستار صالح البناء**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەم ماستەرنامەیەمان، کە ناونیشانی بریتی بو لە (**سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە کوردیدا**) خوێندەوە و قوتابیەکەمان، کە ناوی (**محەمەد حوسێن محەمەد**) بو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین، کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (زمانی کوردی) تێدایە.

واژو:

ناو: **پ.ی.د. محمد عمر عەول**

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژو:

ناو: **پ.ی.د. سانیا جبار ابوزید**

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژو:

ناو: **پ.د. طالب حسین علی**

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژو:

ناو: **پ.ی.د. حاتم ولیا محمد**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئەنجومەنی کۆلێژ بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوەی پەسەند کرد لە دانیشتنی ژمارە ( ) ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژو:

ناو: **پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم**

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە...**

- دایکی زێدە ئازیز و خۆشەویستم.
- گیانی پاکی باوکم.
- گیانی پاکی پرۆفیسۆر د. تالیب حوسێن عەلی.
- هاوسەری خۆشەویستم، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پاڵپشتم بو.
- جگەرگۆشەکانم (تنۆک، تەما، تابین).
- خوشک و براکانم، کە هەمیشە پاڵپشتی سەرکەوتنەکانم بون.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- خـودای گەورە، کە توانـای پێبەخشـیم و تەمەنـی پێـدام لە بە ئەنجـام گەیانـدنی ئەم کارەدا.

- بەڕێــز (پ.د. تالیــب حوســێن عەلــی)، تــا لە ژیانــدا بــو، دڵســۆزانە ئەرکــی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی کردم و لەگەڵمدا ماندوبو.

- بەڕێز (د. گۆران سۆران فەیزی) سەرۆکی بەشی زمانی کوردی، کە زۆر هاوکار و یارمەتیدەرم بو.

- بەڕێــزان (پ.د. عەبــدولجەبار مســتەفا مەعــروف، پ.ی.د. حــاتەم ولیــا مــحەمەد، پ.ی.د. صالح ابراهیم احمد )، کە هەردەم ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بون، لە کاتی پێویستدا ڕێنماییان کردوم.

- مامۆستایانی هاوڕێم:

  - بەڕێز (م. عثمان شخصە مامە)، کە بە هەڵەچنی نامەکەوە زۆر ماندوبو.
  - بەڕێـز (م. ابـراهیم محمـود ابـراهیم)، کە هاوکاریـکردم لە وەرگێڕانـی سـەرچاوە ئینگلیزییەکان و پوختەی نامەکە.
  - بەڕێزان (م. خالد حاجی محمد و م. یونس اسماعیل یونس)، کە هاوکارییان کردم لە بەدەستخستنی سەرچاوەی پێویست.

# پوختە

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە کوردیدا)یە، بەشێوەیەکی سەرەکی هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، لەم تیۆرەشدا کار بە لقە تیۆری (ئێکس_بار، دۆخی ڕیزمانی و سێتا) کراوە، کە چالاکن بۆ لێکۆلینەوە لە سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا. بۆ ئەو مەبەستەش نامەکە دابەشکراوە بۆ پێنج بەش:

بەشی یەکەم پێشەکی نامەکەیە، کە بریتییە لە ناونیشانی نامەکە، سنوری نامەکە، ڕێبازی نامەکە، هۆی هەڵبژاردنی نامەکە، پرسیاری نامەکە، بەشەکانی نامەکە.

بەشی دووەم بۆ پێشکەشکردنی چەند بابەتێکی گشتی لەسەر کاتیگۆرییەکانی وشە و کاتیگۆریی ئاوەڵناو تەرخانکراوە ، کە تێیدا جەخت لەسەر پۆلێنکردنی وشەکان بۆ پۆلێنێکی وردتر لە پۆلێنی ڕێزماننوسانی دێرین کراوەتەوە و کاتیگۆری ئاوەڵناو وەک کاتیگۆرییەکی فەرهەنگی سەربەخۆ دەستنیشانکراوە. تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی و جێکەوتە و بەکارهێنانی ئاوەڵناو و هاوبەشی و جیاوازی، لەگەڵ کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تری وەک (ناو، ئاوەڵکردار، کردار) ڕونکراوەتەوە. لە تەوەرەیەکی سەربەخۆشدا ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو خراوەتەڕو. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت لە هەر بابەتێکدا بەپێی پێویست پشت بە بۆچونی زمانەوانانی بیانی و کورد بەستراوە و لە هەندێک بابەتدا پێداچونەوە بە بۆچونەکانیاندا کراوە.

بەشی سێیەم تایبەتکراوە بە سینتاکسی ئاوەڵناو، هەوڵدراوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی، بەپێی تیۆری ئێکس_بار و هەندێک لقە تیۆری تر، کە هاوشان و پەیکاڵن لەگەڵ ئەم تیۆرەدا، سەرەڕای خستنەڕوی ڕۆنانی فرێزەکان، لە تەوەرەیەکی سەربەخۆدا لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا، ئاوەڵناو وەک سەرەیەکی ڕێزمانی نیشاندراوە، تایبەتمەندییەکانی و ڕۆنان و سەرەوڕیزبونی سەرە و تەواوکەرەکەی خراوەتەڕو، ئەو فرێزانەش

دەستنیشانکراون، کە فریزی ئاوەڵناوی تێیدا دەشکێتەوە. هەروەها کاریگەریی مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا لە ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی خراوەتەڕو. لە تەوەرەیەکی تردا بەپێی تیۆری دۆخی ڕێزمانی باسی تیۆرەکە و سەرە دۆخدەرەکانی زمانی کوردی کراوە و بە پێی بەکارهێنانی ئاوەڵناو، بابەتی دۆخ تاوتوێکراوە و لە کۆتاییدا پەیوەندیی ئاوەڵناو بە (pro)ی بچوکەوە ڕونکراوەتەوە.

لە بەشی چوارەمدا باسی سیمانتیکی ئاوەڵناو کراوە، گرنگی بە ڕونکردنەوەی چەمک و واتای ئاوەڵناو دراوە. سەرەتا لە ئاستی واتاسازی وشەدا بەپێی تیۆری بوارە واتاییەکان پۆلێنی واتایی بۆ ئاوەڵناو کراوە، هەروەها بە مەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتری واتای ئاوەڵناو سود لە پەیوەندییە واتاییەکان وەرگیراوە، بەتایبەتی پەیوەندیی ئاسۆی ئاوەڵناو، لەگەڵ پێکهێنەکانی تری فریز و ڕستەدا بەپێی لقە تیۆری سێتا خراوەتەڕو. لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا گرنگی بە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن و جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە و ئارگۆمێنت_داواکەرەکان و ڕۆنانی ئارگۆمێنت دراوە. هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا ئاوەڵناو وەکو ئارگۆمێنت_داواکەر دەستنیشانکراوە، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو خراوەتەڕو، ئەوە نیشاندراوە ئاوەڵناو بە هەمان واتایی پێکهاتەیی/ فەرهەنگی بە چ سیمایەکی واتایی ناوەکەی هەڵاوێردەکات و کەی نادروستی واتایی دێتە ئاراوە و چۆن سیما واتاییەکان دەبەزێنێت و واتای ناپێکهاتەیی (میتافۆر و ئیدیەم)ی دەبێت. لە بەشەکرداردا لەو ڕستانەی، کە ئاوەڵناو تەواوکەری کرداری (بون)ە، وەکو سەرەی واتایی فریزەکە دیاریکراوە، کە داواکردنی ئارگۆمێنتەکان و ڕۆڵی بابەتانەکەیان دەوەستێتەسەر ئاوەڵناوەکە.

لە بەشی پێنجەمدا ئەنجامە گرنگ و دیارەکانی نامەکە خراوەتەڕو.

## نـــاوەرۆک

بـــــــــابەت ..... لاپـــەڕە

**١. پێشەکی ..... ١-٣**

١.١ ناونیشانی نامەکە ..... ١

٢.١ سنوری نامەکە ..... ١

٣.١ ڕێبازی نامەکە ..... ١

٤.١ هۆی هەڵبژاردنی نامەکە ..... ١

١,٥ پرسیاری نامەکە ..... ١

٦.١ بەشەکانی نامەکە ..... ٢

**٢. کاتیگۆریی ئاوەڵناو ..... ٤-٤٤**

١.٢ سەرەتا ..... ٤

٢.٢ کاتیگۆرییەکانی وشە ..... ٤

١.٢.٢ وشەی ناوەڕۆک و وشەی ئەرکی ..... ١٠

٢.٢.٢ پۆلە کراوەکان ..... ١٠

١.٢.٢.٢ پێوەرەکانی پۆلی کراوە ..... ١٢

١.١.٢.٢.٢ پێوەری فۆنۆلۆژی ..... ١٢

٢.١.٢.٢.٢ پێوەری مۆرفۆلۆژی ..... ١٢

٣.١.٢.٢.٢ پێوەری سینتاکسی ..... ١٣

٤.١.٢.٢.٢ پێوەری سیمانتیکی ..... ١٤

٣.٢.٢ پۆلە داخراوەکان ..... ١٥

٣.٢ کاتیگۆریی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ..... ١٦

١.٣.٢ ئاوەڵناو (چەمک و پێناسە) ..... ١٨

٢.٣.٢ تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو ...................................................................................... ٢٣
١.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژی ........................................................................................ ٢٣
٢.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی سینتاکسی ....................................................................................... ٢٤
٣.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی سیمانتیکی ....................................................................................... ٢٥
٣.٣.٢ جێکەوتە و بەکارهێنانی ئاوەڵناو .................................................................................. ٢٦
١.٣.٣.٢ بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (Attributive use) ........................................................ ٢٦
٢.٣.٣.٢ بەکارهێنانی بەشەکرداری (Predicate use) ........................................................ ٢٧
٣.٣.٣.٢ بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری (Adverbial use) ........................................................ ٢٨
٤.٣.٢ ئاوەڵناوئاسا ........................................................................................................... ٢٨
٥.٣.٢ پەیوەندیی نێوان ئاوەڵناو و کاتیگۆرییەکانی تر ................................................................ ٣١
١.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و نـــاو ..................................................................................................... ٣١
٢.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار ............................................................................................. ٣٤
٣.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و کردار ................................................................................................... ٣٥
٦.٣.٢ ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو ...................................................................................... ٣٧
١.٦.٣.٢ ڕێگەی داڕشتن ...................................................................................................... ٣٨
٢.٦.٣.٢ ڕێگەی لێکدان ....................................................................................................... ٤١
**٣. سینتاکسی ئاوەڵناو ........................................................................................ ٤٤– ٨٨**
١.٣ سەرەتا ........................................................................................................................ ٤٤
٢.٣ تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە (GB) .................................................................................. ٤٤
٣.٣ لقە تیۆرییەکانی (GB) ...................................................................................................... ٤٧
٤.٣ تـــــیۆری ئێکس_بار (X-bar) ......................................................................................... ٤٧
٥.٣ ڕۆنـــانی فـــرێزەکان ......................................................................................................... ٤٩
١.٥.٣ فـــرێزی نـــاوی (NP) ..................................................................................................... ٥٠

٢.٥.٣ فـــرێزی دیـــارخـەری (DP)........................................................................................٥١
٣.٥.٣ فـــرێزی ئاوەڵناوی (AP) .......................................................................................٥٢
٤.٥.٣ فـــرێـزی پێشـــناوی (PP) .......................................................................................٥٢
٥.٥.٣ فـــرێـزی كـــرداری (VP) .......................................................................................٥٣
٦.٥.٣ فـــرێـزی تاف (TP) .......................................................................................٥٤
٧.٥.٣ فـــرێـزی رێكـــكـــەوتن (AGRP) .......................................................................................٥٥
٨.٥.٣ فـــرێزی تـــەواوكەری (CP) .......................................................................................٥٦
٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی (AP) .......................................................................................٥٧
١.٦.٣ تایبەتمەندییەكانی سەرە_ئاوەڵناو.......................................................................................٥٨
٢.٦.٣ لقكردنی كاتیگۆریانە .......................................................................................٦٠
٣.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە بەكارهێنانی ئاوەڵناویدا .......................................................................................٦١
١.٣.٦.٣ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی .......................................................................................٦٢
٢.٣.٦.٣ فـرێـزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (DP)دا.......................................................................................٦٤
٣.٣.٦.٣ فرێـزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (PP)دا .......................................................................................٦٦
٤.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە بەكارهێنانی بەشەكرداریدا .......................................................................................٦٧
١.٤.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕۆنانی (VP)دا .......................................................................................٦٧
٢.٤.٦.٣ تایبەتمەندییەكانی فرێزی ئاوەڵناوی لە بەشەكرداردا .......................................................................................٦٨
٣.٤.٦.٣ فـرێـزی ئـاوەڵـناوی لە (TP)دا .......................................................................................٧٣
٧.٣ ئاوەڵناو لە بەكارهێنانی ئاوەڵكردایدا .......................................................................................٧٤
٨.٣ فرێزی ئاوەڵناوی بەپێی پلەكانی ئاوەڵناو .......................................................................................٧٦
١.٨.٣ پـــلەی چەسپاو .......................................................................................٧٦
٢.٨.٣ پـــلەی بەراورد .......................................................................................٧٧
٣.٨.٣ پـــلەی باڵا.......................................................................................٧٨

٩.٣ ئــاوەڵناو و تیۆری دۆخی ڕێزمانی ........................................................................ ٧٩

١.٩.٣ تــیۆری دۆخی ڕێـزمـانی ........................................................................ ٧٩

٢.٩.٣ دۆخی ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا ........................................................................ ٨٢

٣.٩.٣ دۆخی ئــاوەڵناوی لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا ........................................................................ ٨٣

١٠.٣ ئــــــاوەڵناو و pro ........................................................................ ٨٤

**٤. سیمانتیکی ئاوەڵناو ........................................................................ ٨٩– ١٣٤**

١.٤ سەرەتا ........................................................................ ٨٩

٢.٤ سیمانتیکی ئاوەڵناو ........................................................................ ٨٩

١.٢.٤ تیۆرە واتاییەکان ........................................................................ ٨٩

٢.٢.٤ تیۆری بوارە واتاییەکان ........................................................................ ٩٠

١.٢.٢.٤ بواری واتایی (چەمک و پێناسە) ........................................................................ ٩٠

٢.٢.٢.٤ پۆلێنی واتایی ئاوەڵناو ........................................................................ ٩١

٣.٢.٤ ئاوەڵناو و پەیوەندییە واتاییەکان ........................................................................ ٩٢

١.٣.٢.٤ پەیوەندی ئاماژەیی ........................................................................ ٩٢

٢.٣.٢.٤ پەیوەندی شوێنی ........................................................................ ٩٣

١.٢.٣.٢.٤ پەیوەندی ستونی ........................................................................ ٩٣

٢.٢.٣.٢.٤ پەیوەندی ئاسۆیی ........................................................................ ٩٥

٣.٤ تیۆری سێتا (Theta) ........................................................................ ٩٧

١.٣.٤ پێوەری سێتا ........................................................................ ٩٨

٢.٣.٤ کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن ........................................................................ ٩٨

١.٢.٣.٤ هەڵاوێرکردنی واتایی ........................................................................ ٩٨

٢.٢.٣.٤ هەڵاوێرکردنی کاتیگۆری ........................................................................ ١٠٠

٣.٣.٤ نواندنی سێتا گرید ........................................................................ ١٠٢

٤.٣.٤ جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە ........................................................................................................ ١٠٢
٥.٣.٤ جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر ........................................................................................ ١٠٤
٦.٣.٤ ڕۆنانی ئارگۆمێنت ......................................................................................................... ١٠٤
١.٦.٣.٤ کـــــردار ........................................................................................................... ١٠٥
٢.٦.٣.٤ نـــــــاو ............................................................................................................ ١٠٦
٣.٦.٣.٤ پێشنـــــاو ......................................................................................................... ١٠٧
٤.٤ ئاوەڵناو و تیۆری سێتا ........................................................................................................ ١٠٧
١.٤.٤ ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا .................................................................................... ١٠٧
١.١.٤.٤ هەڵاوێرکردنی سیماتیکی لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا ............................................ ١٠٨
١.١.١.٤.٤ واتای پێکهاتەیی ............................................................................................. ١٠٨
٢.١.١.٤.٤ واتای ناپێکهاتەیی (میتافۆر، ئیدیەم) ..................................................................... ١٠٩
٢.١.٤.٤ کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو ................................... ١١٠
١.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تەمەن ............................................................................................. ١١٠
٢.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی ڕەنگ ............................................................................................... ١١١
٣.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی نرخ و بەها ........................................................................................ ١١٣
٤.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تایبەتمەندی کەسی/ گیانلەبەران ............................................................ ١١٥
٥.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تایبەتمەندی فیزیکی شت ...................................................................... ١١٩
٦.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی خێرایی ............................................................................................. ١٢٦
٧.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی دوری ............................................................................................... ١٢٧
٢.٤.٤ ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا ................................................................................ ١٢٨
١.٢.٤.٤ ڕۆنانی ئارگۆمێنت لە بەشەکرداردا .............................................................................. ١٢٩
٢.٢.٤.٤ ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتەکان ................................................................................... ١٣٠
**٥. ئەنجام ......................................................................................................... ١٣٥ –١٣٧**

سەرچاوەكان ........................................................................................................................ R١٣٧
پاشكۆكان ........................................................................................................ A ١٥٠ – A ١٤٩
پوختە بە زمانی ئینگلیزی .......................................................................................................... A-B

# لیستی خشتەکان

| خشتە | لاپەڕە |
|---|---|

خشتەی ٢-١ جیاوازیی نێوان وشەی ناوەڕۆک و وشەی ئەرکی.......................................... ١٠
خشتەی ٢-٢ تایپۆلۆژیای سیستەمی بەشەکانی ئاخاوتن ...................................................... ١٧
خشتەی ٢-٣ دارشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ئاوەڵناو............................................................. ٣٩
خشتەی ٢-٤ دارشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ڕەگی کردار......................................................... ٣٩
خشتەی ٢-٥ دارشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ناو ...................................................................... ٣٩
خشتەی ٢-٦ دارشتنی ئاوەڵناو لە ناو و پاشگر........................................................................ ٤٠
خشتەی ٢-٧ دارشتنی ئاوەڵناو لە ڕەگ/ قەدی کردار و پاشگر................................................ ٤١
خشتەی ٢-٨ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو بەبێ مۆرفیمی بەستنەوە.................................. ٤٢
خشتەی ٢-٩ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو بەهۆی مۆرفیمی بەستنەوە................................ ٤٣
خشتەی سێتا گریدی ٤-١ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کرداری خوارد ................................... ٩٩
خشتەی سێتا گریدی ٤-٢ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی و کاتیگۆری کرداری خوارد............. ١٠٠
خشتەی سێتا گریدی ٤-٣ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_ا)................................. ١٠١
خشتەی سێتا گریدی ٤-٤ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_ب)............................... ١٠١
خشتەی سێتا گریدی ٤-٥ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_پ)............................... ١٠٢

## لیستی هێڵکارییەکان

**هێڵکاری** **لاپەڕە**


هێڵکاری ٢-١ دیاریکردنی کاتیگۆرییەکانی وشە لە پەیوەندیی ستونیدا.......... ١٤

هێڵکاری ٢-٢ کاتیگۆرییەکانی وشەی زمانی کوردیدا .......... ١٦

هێڵکاری ٢-٣ پەیڕەوی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناو .......... ٣٨

هێڵکاری ٣-١ ئاستەکانی نواندنی ڕێزمانی گشتی.......... ٤٥

هێڵکاریی دەرختی ٣-٢ ڕێسای ڕۆنانی فرێز لە زمانی کوردیدا.......... ٤٨

هێڵکاریی درەختی ٣-٣ ڕۆنانی فرێزی (٢_ا).......... ٥١

هێڵکاریی درەختی ٣-٤ ڕۆنانی فرێزی (کوڕەکان).......... ٥٢

هێڵکاریی درەختی ٣-٥ فرێزی پێشناوی (٤_ا، ب، پ).......... ٥٣

هێڵکاریی درەختی ٣-٦ فرێزی کرداری ڕستەی (٥).......... ٥٤

هێڵکاریی درەختی ٣-٧ فرێزی تافی ڕستەی (٥).......... ٥٥

هێڵکاریی درەختی ٣-٨ فرێزی ڕێککەوتنی ڕستەی (٥).......... ٥٦

هێڵکاریی درەختی ٣-٩ فرێزی تەواوکەری ڕستەی (٦_ا).......... ٥٧

هێڵکاریی درەختی ٣-١٠ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (ئەسپی بەهێز).......... ٦٢

هێڵکاریی درەختی ٣-١١ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (١٣_ا).......... ٦٣

هێڵکاری درەختی ٣-١٢ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (١٤_ا،ب).......... ٦٤

هێڵکاریی درەختی ٣-١٣ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (DP)دا.......... ٦٥

هێڵکاریی درەختی ٣-١٤ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (PP)دا.......... ٦٧

هێڵکاریی درەختی ٣-١٥ ڕستەی (٢٠).......... ٦٨

هێڵکاریی درەختی٣-١٦ بەشەکرداری ڕستەی (٢٢_ا).......... ٧٠

هێڵکاریی درەختی ٣-١٧ ڕستەی (٢٤_ا).......... ٧١

هێڵکاریی درەختی ٣-١٨ فرێزی تەکخراوی ڕستەی (٢٥_ا).......... ٧٢

هێڵکاریی درەختی ٣-١٩ ڕستەی (٢٨_ا)........................................................................................٧٤
هێڵکاری ٣-٢٠ لە ئاوەڵناوخستن ........................................................................................٧٥
هێڵکاریی درەختی ٣-٢١ (VP) ڕستەی (٢٩_ب)........................................................................٧٦
هێڵکاریی درەختی ٣-٢٢ (AP) لە پلەی بەراورددا....................................................................٧٧
هێڵکاریی درەختی ٣-٢٣ (AP) لە پلەی باڵادا..........................................................................٧٩

## لیستی نەخشەکان

**نەخشە** **لاپەڕە**

نەخشەی ٤-١ ڕێککەوتنی سیمای واتایی ناو و ئاوەڵناو..........................................................٩٦

نەخشەی ٤-٢ ڕێکنەکەوتنی سیمای واتایی ناو و ئاوەڵناو........................................................٩٧

نەخشەی ٤-٣ ڕێکنەکەوتنی واتایی ئاوەڵناوی باری دەرونی..................................................١١٦

نەخشەی ٤-٤ سیمای واتایی ئاوەڵناوی ڕواڵەت....................................................................١٢١

## هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| / | یان |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| /...._/ | مۆرفیم: پێشگر |
| /_..../ | مۆرفیم: پاشگر |
| [ ] | سیمای واتایی |
| < > | ئەوانەی لەناو ئەمەدان ئارگۆمێنت و ڕۆڵی بابەتانەیە |
| Det | دیارخەر Determiner |
| d/det | مۆڕفیمی خستنەپاڵ |
| XP/ X" | پرۆژەی گەورە (VP)، (DP)، (AP)، (PP)، (NP)، (TP)، (AGRP) |
| X' | هێمایە لەبری هەریەک لە (V')، (D')، (A')، (P')، (N')، (T')، (AGR') |
| A°/ A | ئاوەڵناو |
| AP/A" | فریزی ئاوەڵناوی |
| N° | ناو |
| NP/N" | فریزی ناوی |
| D° | دیارخەر |
| DP /D" | فریزی دیارخەری |
| P° | پێشناو |
| PP/P" | فریزی پێشناویی |
| V°/ V | کردار |
| VP /V" | فریزی کرداریی |
| T° | تاف |
| TP /T" | فریزی تاف |
| Agr° | ڕێککەوتن |
| AGRP/ AGR" | فریزی ڕێککەوتن |
| Adv | ئاوەڵکردار |
| AdvP/ Adv" | فریزی ئاوەڵکرداری |
| CongP/ Cong" | فریزی تەکخراو |
| DEG | پلە |
| Spec | سپێک |

| | |
|---|---|
| k, j, i | نیشانەکردن |
| t | شوینپێ |
| PRO | پڕۆی گەورە |
| Pro | جێناوی بکەری سفر |
| LF | فۆڕمی لۆجیکی |
| PF | فۆڕمی فۆنۆلۆجی |
| SOV | ڕێسای ڕیزبونی کەرەستە بنجییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا |
| NP-trace | شوێنپێی فریێزی ناوی |
| Wh-trace | شوێنپێی وشەی پرسیار |
| S-S | ڕۆنانی سەرەوە |
| D-S | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Ibid | هەمان سەرچاوەی پێشو |
| ' | ١. هێز<br>٢. باڕ لە تیۆری (ئێکس_بار)دا. |
| "......." | بۆ ئەو دەقانەی وەک خۆی بەبێ دەستکاریکردن وەرگیراوە. |
| ؟؟ | لە ڕوی واتاوە کەم بەهایە. |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| | ئـ |
| Dyadic predicate | ئارگۆمێنت_داواکەری دو جێکەوتەیی |
| Triadic predicate | ئارگۆمێنت_داواکەری سێ جێکەوتەیی |
| Monadic predicate | ئارگۆمێنت_داواکەری یەک جێکەوتەیی |
| Vocative | ئامرازی بانگکردن |
| Conjunction | ئامرازی بەستن |
| Interjection | ئامرازی سەرسوڕمان |
| Instrument | ئامێر |
| Paraphrase | ئاوەڵ_فرێز |
| Adverb | ئاوەڵکردار |
| Derivated Adverb | ئاوەڵکرداری داڕێژراوی |
| Adjectival | ئاوەڵناوئاسا |
| Experiencer | ئەزمونکار |
| | ب |
| Physical State | باری جەستەیی |
| Mental State | باری ئاوەزی |
| Semantic field | بواری واتایی |
| Caseless | بێدۆخ |
| Predicate | بەشەکردار |
| Full Predicate | بەشەکردارێکی تەواو |
| Predicative use | بەکارهێنانی بەشەکرداری |
| Adverbal use | بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری |
| Attributive use | بەکارهێنانی ئاوەڵناوی |
| Base Lexeme | بنجی فەرهەنگی |
| | پ |
| Case filter | پاڵێوەری دۆخ |
| Degree | پلە |
| Temperature | پلەی گەرمی |
| Class-Maintaining | پۆلپارێز |
| Class-Changing | پۆلگۆڕ |

| | |
|---|---|
| Closed classes | پۆلە داخراوەکان |
| Word-form | پۆلە فۆرم |
| Open Classes | پۆلە کراوەکان |
| Word-classes | پۆلە وشە |
| Preposition | پێشناو |
| Genitive construction | پێکهاتوی خستنەپاڵی |
| Thteta Criterion | پێوەری سێتا |
| Modifier | پەسنکەر |
| Paradigmatic | پەیوەندیی ستونی |
| Syntagmatic | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| ت | |
| Tense | تاف |
| Distributives | تاکبەندەکان |
| Taste | تام |
| Physical Propensity | تایبەتمەندی فیزیکی شت |
| Human Propensity | تایبەتمەندی کەسی |
| Topic | ترۆپک/ باس |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Bunding Theory | تیۆری بەندیتی |
| Government and Binding Theory | تیۆری حکومکردن و بەستنەوە |
| Government Theory | تیۆری حوکمکردن |
| Case Theory | تیۆری دۆخی ڕێزمانی |
| Theta Theory | تیۆری سێتا |
| Control Theory | تیۆری کۆنترۆڵ |
| Age | تەمەن |
| Complement | تەواوکەر |
| Theme | تەوەر |
| خ | |
| Coordinte | خستنەتەکیەک |
| Speed | خێرایی |
| Move | جوڵە |
| د | |
| Synthetic | داڕێژەر |

| | |
|---|---|
| Dimension | دوری |
| Inherent Case | دۆخی بۆماوەیی |
| Accusative Case | دۆخی بەرکاری |
| Genitive Case | دۆخی خستنەپاڵی |
| Structural Case | دۆخی ڕۆنانی |
| Nominative Case | دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤ |
| Determiner | دیارخەر |
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Sub-Phrase | دەستەواژیلە |
| ڕ | |
| Quantifiers | ڕادەی چەندێتی |
| texture | ڕواڵەت و پێکهاتەی شت |
| D-Structure | ڕۆنانی ژێرەوە |
| S-Structure | ڕۆنانی سەرەوە |
| Universal Grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| Projection Principle | ڕێسای پرۆژەسازدان |
| Projection principle Extended | ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو |
| Behavioral State | باری ڕەفتاری |
| ز | |
| Lexical Knowledge | زانیاری فەرهەنگی |
| ژ | |
| Numerals | ژمارەکان |
| س | |
| Formation | سازکردن |
| Benefactive | سودمەند |
| System of constraint | سیستێمی سنوردارکردن |
| Head | سەرە |
| Head-last | سەرە_کۆتا |
| Substantive | سەرەناو |
| ش | |
| Inflectional | شکانەوە |
| Locative | شوێن |
| Trace | شوێنپێ |

| | |
|---|---|
| Analytic | شیکەرەوەیی |
| ف | |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Mental Lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| ق | |
| Stress | قورساییخستنەسەر/ هێز |
| Size and Index | قەبارە و پێوانە |
| ک | |
| Temporal | کـــات لە (ڕۆڵی بابەتانە)دا |
| Word Categories | کاتیگۆرییەکانی وشە |
| Agent | کارا |
| Patient | کارتێکراو |
| Verb | کردار |
| Verb to be | کرداری (بون) |
| Action | کردە |
| Selection Restrictions | کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن |
| Weight | کێش |
| گ | |
| Internal Subject Hypothesis | گریمانەی بکەری ناوەکی |
| Dynamic | گۆڕاو |
| ل | |
| Sub categorization | لقکردنی کاتیگۆریانە |
| Compoynding | لێکدان |
| Complemtizer | لێکدەر |
| ن | |
| Reference identity | ناسنامەی ئاماژەبەندی |
| Marked nouns | ناوی نیشانەکراون |
| Value | نرخ و بەها |
| Declination | نیشانەکراویی |
| Stative | نەگۆڕ |
| هـ | |
| Cooperation | هاریکار |
| C_Selection | هەڵاوێرکردنی کاتیگۆری |

| | |
|---|---|
| S_Selection | هەڵاوێرکردنی واتایی |
| و | |
| Structural meaning | واتای دروستەیی |
| Grammatical words | وشە ڕێزمانییەکان |
| Lexical words | وشە فەرهەنگییەکان |
| Content words | وشە ناوەڕۆکییەکان |
| Function words | وشە ئەرکییەکان |

## ١. پێشەکی

### ١.١ ناونیشانی نامەکە

نامەکە بە ناونیشانی (سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە کوردیدا)یە، کە بۆ شیکردنەوەی سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە. لەبەر پێویستی لێکۆڵینەوەکە لە بەشی دووەمدا ئاوەڕ لە لایەنی مۆرفۆلۆژی دراوەتەوە.

### ٢.١ سنوری نامەکە

ئەم نامەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاستدایە، نمونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتە وەرگیراوە.

### ٣.١ ڕێبازی نامەکە

لەم نامەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی (پەسنی- شیکاری) کراوە، بە شێوەیەکی سەرەکی کار بە (تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە) کراوە، لە پێناوی زیاتر ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە، بەپێی پێویست سود لە بیروبۆچون زمانەوانی تر وەرگیراوە.

### ٤.١ هۆی هەڵبژاردنی نامەکە

نیشاندانی ناواخنی سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناو ، وەکو کاتیگۆرییەکی فەرهەنگی سەربەخۆ، بەپێی بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە فرێز و ڕستە و شکانەوەی لە پلەدا، کە بەپێی ئەو گەڕان و پشکنینەی، تا دوا قۆناغەکانی نوسینی ئەم نامەیە ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە ئاوەڵناو لە ڕوانگەی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە لەبەردەستدا نەبووە، ئەوەی هەبووە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی تردا، بەشێوەیەکی زۆر کورت باسکراوە.

### ٥.١ پرسیاری نامەکە

١- ئایا ئاوەڵناو کاتیگۆرییەکی سەربەخۆی فەرهەنگی زمانی کوردییە؟ چەند جۆر بەکارهێنانی هەیە؟ پەیوەندی لەگەڵ کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تردا چییە؟

٢- ڕۆنـانی فرێـزی ئاوەڵنـاوی بەپێـی بەکارهێنـانی ئاوەڵنـاو لە فرێـز و ڕسـتەدا و پلەکـانی ئاوەڵنـاو چۆنە؟ بەشـداری لە چ ڕۆنـانێکی سینتاکسـیدا دەکات؟ لەڕوی دۆخەوە چۆنە؟ ئایـا شـوێنی نـاوە دەرنەبـڕدراوەکە لەو فرێـزە دیـارخەرییەی، کە ئاوەڵناوێـک پەسـنی نـاوەکەی کردووە بە pro دادەنرێت؟

٣- واتـای ئاوەڵناوەکـان چـۆن دیاریـدەکرێن و زانیـارییە سـیمانتیکییەکان چـۆن بەرجەسـتە دەکرێن و نیشاندەدرێن؟ ئایا ئاوەڵنـاو لە بەکارهێنـانی ئاوەڵناویدا کۆتوبەنـدی هەڵاوێرکردنـی سـیمانتیکی ئـارگۆمینتەکەی دەکـات؟ لە بەکارهێنـانی بەشـەکرداریدا پێـدانی ڕۆڵـی بابەتـانە دەوەستێتە سەر ئاوەڵناوەکە؟

**٦.١ بەشەکانی نامەکە**

نامەکە بەشێوەیەکی گشتی لە (٥) بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: پێشـەکی نـامەکەیە، کە بـریتییە لە ناونیشـانی نـامەکە، سنوری نـامەکە، ڕێبـازی نامەکە، هۆی هەڵبژاردنی نامەکە، پرسیاری نامەکە، بەشەکانی نامەکە.

بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ پێشکەشکردنی چەند بابەتێکی گشتی لەسەر  کاتیگۆرییەکانی وشە و کاتیگۆریی ئاوەڵناو، کە تێدا جەخت لەسەر پۆلێنکردنی وشـەکان بـۆ پۆلێنێکی وردتـر لە پـۆلێنی ڕێزماننوسـانی دێـرین کـراوەتەوە و کـاتیگۆریی ئاوەڵنـاو، وەکـو کـاتیگۆرییەکی فەرهەنگی سەربەخۆ دەستنیشانکراوە، تایبەتمەندیی مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسـی و سـیمانتیکی و جـــێکەوتە و بەکارهێنـــانی ئاوەڵنـــاو و هاوبەشـــی و جیـــاوازی، لەگەڵ کـــاتیگۆرییە فەرهەنگییەکـانی تـری وەک (نـاو، ئـاوەڵکردار، کـردار) ڕونکـراوەتەوە و لە تەوەرێکـی سەربەخۆشدا ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو خراوەتەڕو.

بەشی سێیەم: تـایبەتکراوە بە سینتاکسـی ئاوەڵنـاو، هەوڵـدراوە بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕۆنـانی فرێزی ئاوەڵناوی، بەپێی تیۆری ئێکس_بار و هەندێک لقە تیۆری تر، کە هاوشـان و پەیکـاڵن لەگەڵ ئەم تیـۆرەدا، سـەرەڕای خسـتنەڕوی ڕۆنـانی فرێزەکـان، لە تەورەیەکـی سـەربەخۆدا

باسی ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی کراوە، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا، باسی ڕۆنانی فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی کراوە و ئەو فریزانەش دەستنیشانکراون، کە فریزی ئاوەڵناوی تێدا دەشکێتەوە. دواتریش باسی فریزی ئاوەڵناوی لە بەکارهێنانی بەشەکرداری و بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریدا کراوە، هەروەها کاریگەریی مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا لە ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی خراوەتەڕو. لە تەوەرەیەکی تردا بەپێی تیۆری دۆخی ڕێزمانی باسی تیۆرەکە و سەرە دۆخدەرکانی زمانی کوردی کراوە و بە پێی بەکارهێنانی ئاوەڵناو، بابەتی دۆخ تاوتوێکراو. لە کۆتایدا پەیوەندیی ئاوەڵناو بە (pro)ی بچوکەوە ڕونکراوەتەوە.

بەشی چوارەم: لەم بەشەدا باسی سیمانتیکی ئاوەڵناو کراوە، گرنگی بە ڕونکردنەوەی چەمک و واتای ئاوەڵناو دراوە، سەرەتا لە ئاستی واتاسازیی وشەدا بەپێی تیۆری بوارە واتاییەکان ئەو بوارە واتاییانە پۆلێنکراون، کە بە ئاوەڵناو دەردەبڕدرێن، هەروەها بە مەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتری واتای ئاوەڵناو باسی پەیوەندییە واتاییەکان کراوە، بەتایبەتی پەیوەندیی ئاسۆی ئاوەڵناو، لەگەڵ پێکهێنەکانی تری فریز و ڕستەدا، بەپێی لقە تیۆری سێتا خراوەتەڕو، لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا گرنگی دراوە بە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن و جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە و ئارگۆمێنت_داواکەرەکان و ڕۆنانی ئارگۆمێنت. هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا ئاوەڵناو وەکو ئارگۆمێنت_داواکەر دەسنیشانکراوە، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو خراوەتەڕو، لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا ئاوەڵناو وەکو سەرەی واتایی بەشەکردارەکە دیاریکراوە، لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا باسی ڕۆنانی ئارگۆمێنت و ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتەکان کراوە.

لە بەشی پێنجەمدا ئەنجامە گرنگ و دیارەکانی نامەکە خراوەتەڕو.

## ٢. کاتیگۆریی ئاوەڵناو

### ١.٢ سەرەتا:

پۆلێنکردنی کاتیگۆرییەکانی وشە لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زمانەوانییەوە تا ئەمڕۆ گرنگیی خۆی هەبووە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەهۆی بەرەوپێشەوە چونی زانستی زمانەوانییەوە بەڕەچاوکردنی پێوەری جیاواز هەوڵدراوە پۆلێنێکی وردتر پێشکەشبکرێت، بۆیە لە سەرەتای ئەم بەشەدا گرنگی بەم بابەتە دراوە، بەڵام زیاتر گرنگی بە کاتیگۆریی ئاوەڵناوە دراوە لە زمانی کوردیدا، هەوڵدراوە وەکو کاتیگۆرییەکی سەربەخۆی فەرهەنگی دەستنیشانبکرێت، تایبەتمەندی و بەکارهێنانی ئاوەڵناو و خاڵی هاوبەش و جیاوازی، لەگەڵ کاتیگۆریی (ناو، ئاوەڵکردار، کردار) دەستنیشانبکرێت و ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو بخرێتەڕو.

### ٢.٢ کاتیگۆرییەکانی وشە (Word Categories)

وشەکان یەکەی بنچینەیین بۆ پێکهێنانی گرێ و ڕستەکان، ئەگەر سەیری ڕستەی (١) بکەین:

١. شڤان نانی گەرم دەکڕێت.

وشە ناوەڕۆکییەکانی ڕستەی (١) بریتین لە (شڤان، نان، گەرم، دەکڕێت)، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵگیراون، ئەم فەرهەنگەش هەمو ئەو زانیارییانەی تێدایە، کە پەیوەستن بە وشەکانی زمانەکە و جۆری کاتیگۆرییەکەی،[١] هەربۆیە وشەکانی (شڤان و نان) بە یەک جۆرە وشە دەناسرێن، بەڵام (شڤان و دەکڕێت) یان (گەرم و دەکڕێت) بە دو وشەی جیاواز دادەنرێن، ئەم هەستکردنە بە جیاوازیی نێوان وشەکان لە سەردەمە دێرینەکانەوە سەرنجی زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە و ئەو وشانەی، کە لە ناوەڕۆکدا، یان لەڕوی ئەرکی ڕێزمانییەوە لەیەکدەچن لە پۆلێکدا کۆیانکردونەتەوە و دواتر هەمو پۆلەکانیان لەژێر یەک ناونیشاندا

---

[١] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦، ل٢٤

کۆکردۆتەوە بە ناوی (بەشەکانی ئاخاوتن Parts of speech)، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە دەستنیشانکردنی کاتیگۆرییەکانی وشە دەستپێکردووە.

یۆنانییەکان بە یەکەمین نەتەوە دادەنرێن، کە بەشەکانی ئاخاوتنیان دەستنیشانکردووە، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، کە دەڵێت ڕستە لە دو بەش پێکدێت، ئەویش (ناو و کردار)ن[٢]. لەدوای ئەفلاتون، ئەرستۆ بەشەکانی ئاخاوتنی پۆلێنکردووە[٣] بۆ (ناو و کردار و پیت)[٤] دواتر (تراکس) (٩٠-١٧٠) پ.ز، یەکەم کتێبی دەستوری زمانی یۆنانی داناوە لەو کتێبەدا... لە بنەمای وشەکان و بەشەکانی ئاخاوتن دواوە[٥]، بەشەکانی ئاخاوتنی کردووە بە (٨) بەش ( ناو، کردار، پارتیسپڵ، ئامرازی ناسیاری، جێناو، پریپۆزیشن، ئاوەڵکردار، ئامرازی لێکدەر)[٦] ئەمە سەرەتایەکی گرنگبو بۆ پۆلێنکردنی وشەکان، چونکە ئەمجۆرە پۆلێنکردنەی یۆنانییەکان، بو بە بناغەیەک بۆ دوای خۆیان و تەنانەت بۆ ماوەیەکی دور و درێژ زۆربەی زمانەکان لە پۆلێنکردنی وشەکاندا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوان. ئەوەی جێی سەرنجە ئاوەڵناو وەک بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ دیاری نەکراوە، چونکە ناو و ئاوەڵناو لە دۆخە جیاوازەکانی سینتاکسدا وەک یەک گەردان دەکرێن،[٧] بۆیە جیاوازی نەکراوە لە نێوان ئەم دو بەشە ئاخاوتنەدا.

لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا و لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینییەوە، چەند ڕێزمانوسێکی لاتینی دەرکەوتن دیارترینیان (دۆناتوس) لە سەدەی چوارەمی زایینی و

[٢] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١٣، ل٥

[3] Riemer, nick, Introducing Semantics. Cambridge University Press: UK, 2010. PP 295

[٤] محەمەد ڕەزا باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، چاپ و بڵاوکردنەوەی سوید، ١٩٩٣، ل١٧

[٥] تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، ل١٤-١٥

[6] Riemer, nick, Introducing Semantics. PP 295

[٧] محەمەد ڕەزا باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، ل٦٩.

(پریشــیان Priscian) له ســەدەی شەشــەمی زاینــی بــو،[٨] ئەم ڕێزماننوســانە کەوتــنە ژێــر کاریگەریی یۆنانییەکان بەدەستکارییەکی کەمەوە بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشکردوە بۆ (٨) بەش. "دۆنــاتۆس لە ناوەڕاســتی ســەدەی چــوارەم بەشــەکانی ئاخــاوتنی بەمشــێوەیە پۆلــێنکردووە (نــاو، جێنــاو، کــردار، ئـاوەڵکردار، پارتیسـپل، ئـامرازی لێکـدەر، پریپۆزیشـن، ئـامرازی سەرسـوڕمان) جیاوازیی ئەم پـۆلێنە، لەگەڵ پـۆلێنەکەی (تـراکس) ئەوەیە، ئـامرازی سەرسـوڕمانی لەبری ئـامرازی ناسـاندن دانـاوە، ئەمەش جیـاوازیی زمـانی یۆنـانی و لاتینـی دەردەخـات، چـونکە لە زمـانی لاتینیـدا (ەکە-the) نیـیە."[٩] (پریشـیان)یش بەهەمـان شـێوەی (دۆناتوس) لە دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا لەسەر هەمان پۆلێنەکەی (تراکس) بەشەکانی ئاخاوتن دابەشدەکات بۆ (٨) بەش ( نـاو، کـردار، پارتیسـپل، جێنـاو، ئـاوەڵکردار، پریپۆزیشـن، ئـامرازی سەرسـوڕمان، ئـامرازی لێکـدەر) تەنـانەت بەهەمـان شـێوەی ئەوان پێناسـەی بەشـە ئاخاوتنی کردووە[١٠].

ئەم جــۆرە پــۆلێنکردنە درێــژدەبێتەوە بــۆ ســەدەکانی ناوەڕاســت، ڕێزمانوســەکان درێژەپێدەری هەمان بیر و بۆچونەکانی (دۆنـاتوس و پریشـیان) بـون، کە لە بـارەی ڕێزمـانی لاتینی نوسیبویان و نەیانتوانی لە سنوری بیر و بۆچونەکانی ئەوان دەربچن[١١].

ئەم نەخشــەیەی، کە لەلایەن یۆنانییەکــان و لاتینیەکــانەوە بــۆ دەستنیشــانکردنی بەشــەکانی ئاخــاوتن کێشــرا، بــۆ مــاوەیەکی زۆر درێــژەی کێشــا، گۆڕانکـارییەکی ئەوتـۆی بەسەردا نەهات، تا لە سەدەی هەژدەدا بەشێوەیەکی دیاریکراو نوسینی ڕێزمان بۆ زمانەکان پەرەی سەند، بە مەبەستی فێرکردن و خوێندن چەند کتێبێکی ڕێزمـانی تـایبەت بە زمانەکـان دانــران، ئەمە بــووە هــۆی ئەوەی، بەپێــی تایبەتمەنــدی زمانەکــان بەشــەکانی ئاخــاوتن

---

[٨] میلکا أفیتش، اتجاهات البحث اللساني، الطبعة الثانیة، ترجمة :د. سعد عبدالعزیز مصلوح، د. وفاء كامل فاید،٢٠٠٠، ل٢٧.

[9] Riemer, nick. Introducing Semantics, PP 295

[١٠] ر. هـ .روبنز، موجز تاریخ علم اللغة، ترجمة :د .أحمد عوض .الكویت :المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأدب ١٩٩٧، ل٩٥.

[١١] محمد حسن عبدالعزیز، علم اللغة الحدیث، القاهرة: مكتبة الأداب، الطبعة الأولى، ٢٠١١، ل٢٦١

دەسنیشانبکرێت و گۆڕانکاری لە ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتندا ڕوبدات. لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا و لە چوارچێوەی نوسینی ڕێزمانی زمانەکاندا بە مەبەستی خوێندن (لاندلی مورای Lindley Murray) لە ساڵی (١٧٩٥) زاینیدا، کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی ( English Grammar) بڵاوکردەوە، کە دواتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا چەندینجار چاپکرایەوە،[١٢] لەم کتێبەدا بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزی پۆلێندەکات بۆ (٩) بەش، کە ئەمانەن: (ئامرازی ناسیاری، ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار، ئاوەڵکردار، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی سەرسوڕمان.)[١٣]

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دابەشکردنە نەریتییە ژمارەی گەیشتوەتە (١٠) بەش (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، جێناو، پێشناو و پاشناو، ئامرازی لێکدەر، ژمارە، ئارتیکڵ، ئامرازی سەرسوڕمان)،[١٤] تەنانەت لەلای (Roger stone) ژمارەیان گەیشتوەتە (١١) بەشە ئاخاوتن (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پەیوەستکردن، نیشانە، ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی پرس، ناو، ژمارە، پێشناو، جێناو، کردار) وردتر لەمەش ژمارە دابەشدەکات بۆ (ژمارەی بنەڕتی، ژمارەی پێوانەیی (ئۆردینال))، هەروەها کرداریش لقێکی دیکەی لێجیادەکاتەوە بە ناوی (کردارئاسا)،[١٥] شایانی باسە لە پۆلێنی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی ئینگلیزیدا، هەمیشە ئاوەڵناو وەک بەشێکی سەربەخۆ دیاریکراوە.

لە زمانی کوردیدا زمانەوانەکان لە دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا کەوتونەتە ژێر کاریگەری ڕۆژئاواییەکان[١٦] ئەو زمانەوانانەی، لەبەر ڕوناکی ڕێزمانی ئینگلیزیدا باسی

---

[١٢] ر. هـ .روبنز، موجز تاريخ علم اللغة، ل١٨٠.

[13] Murray, Lindley. English Grammar, Adapted to the Diffrent Classes of Leariners, 1809. PP 41.

[14] Haspelmath, Martin. Word Classes and Parts of Speech, (International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences), 2001. PP 16 038

[15] Stone, Roger. An Automated Template Approach to Morphology and Syntax Description for Ayta Abellen (using FLEx and PAWS), M.A. Applied Linguistics, Faculty of the Graduate Institute of Applied Linguistics, 2010, PP 106- 107

[١٦] شایانی باسە سەعید صدقی لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبدا و توفیق وەهبی لەژێرکاریگەری زمانی ئینگلیزیدا بەشەکانی ئاخاوتنیان دیاریکردوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەمیر حەسەن پور،سەدەیەک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا (تیۆری، سیاسەت، ئیدەئۆلۆژی، سلێمانی: چاپخانەی ژین، ٢٠١٥، ل١٥٨-١٦٣).

ڕێزمـانی کوردیـان کـردوه، لە (٨) بەشـە ئاخـاوتن دواون (نـاو، ئاوەڵنـاو، جێنـاو، کـردار، ئـاوەڵکردار، پرێپۆزشـن، ئـامرازی پەیوەنـدی، ئـامرازی سـەرسـوڕمان و بانگهێشـت)، هەرچـی ئەوانەی سودیان لە ڕێزمـانی ڕوسـی وەرگرتـوە (١٠) بەشـە ئاخاوتنییـان دیاریکردووە (نـاو، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە، کردار، چاوگ، ئاوەڵکردار، پرێپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئـامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشت، پارتیکڵ).[١٧]

دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی دێریندا ڕوبەڕوی ئەم ڕەخنانە بۆتەوە:

١- یەکێـک لە ڕەخنەکـان ئەوەیە، کە بەشـێکی زۆر لە ڕێزماننوسـەکان کاتیگۆرییەکـانی وشـە لە ژێـر یەک ناونیشـاندا کـۆدەکەنەوە و جیـاوازی نـاکەن لەنێـوان ئەو پـۆلانەی واتای فەرهەنگیان هەیە، لەگەڵ ئەو پۆلانەی ئەرکی ڕێزمانییان هەیە.

٢- یەکێکی تر لە ڕەخنەکان ئەوەیە، ژمارەی بەشەکانی ئاخـاوتن لە ڕێزماننوسـێکەوە بـۆ ڕێزمانوسێکی تر گۆڕاوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەماکانی دەستنیشـانکردنی بەشەکانی ئاخاوتن زۆر دیاریکراو و ڕون نەبووبون.

٣- دەستنیشـانکردنی بەشـەکانی ئاخـاوتن لەسـەر بنچینەی چـاولێکەری زمـانی یۆنـانی و لاتینـی بـوە، کە ئەمـانیش لە چوارچێـوەی لۆژیکـدا لە بەشـەکانی ئاخـاوتن دواون و پێناسـەیان کـردون، لە زۆربەی زمانەکانیشـدا "پێناسـەکردنی بەشـەکانی ئاخـاوتن لەسەر هەمـان تایبەتمەنـدی زمـانی یۆنـانی و لاتینـی بـووە، ئەم پێناسـانەش بـۆ هەمـو زمانێک دەستنادەن و دوربون لەوەی جیهانی بن."[١٨]

٤- ئەو بنەمایانەیان دیارینەکردووە، کە بـۆ جیـاکردنەوەی بەشـەکانی ئاخـاوتن بەکاریـان هێناوە، بەڵام ئەوەی لە پێناسەکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا بەدیدەکرێت زیـاتر پشـتیان بە واتـا بەسـتوە، بـۆ نمـونە: "نـاو، نـاوێکە بـۆ کەسـێک، شـوێنێک یـان شـتێک، کـردار

[١٧] ئەورەحمـان حـاجی مـارف، ڕێزمـانی کـوردی، بەرگـی یەکەم، مۆرفۆلـۆژی، بەشـی یەکەم، نـاو، بەغـدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٧٩، ل٨.

[18] Lyons, john. Language and linguistics, an introdction. london: cambridoe Universty, 2009, PP 109.

وشەیەکە کردەوەیەک پێشاندەدات، ئاوەڵناو وەسفی ناوێک دەکات، جێناوێک ئاماژە بەناوێک دەکات، یان لەبری بەکاردێت، ... تاد"[19] ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە، کە گرنگی بە پێوەری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی نەدراوە.

٥- لەمجۆرە پۆلێنکردنەدا گرنگی بە وشە دراوە، بە دور و درێژی باسی بناغەی وشە و ڕێگەکانی دارِشتنی کراوە، بەڵام لەبارەی ڕستەوە، یان هیچ نەگوتراوە، یان بەکورتی قسەی لە بارەوە کراوە،[٢٠] لە کاتێکدا ڕستە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتندا.[٢١]

زمانەوانەکان لەدوای هەستکردنیان بەم کەموکوڕیانە، لە ئاستێکی دیاریکراوتر و لەژێر ناونیشانی تردا وشەکانیان پۆلێنکردووە، لەوانە زاراوەی (پۆلە وشە Word-classes، پۆلە فۆرم Word-form، کاتیگۆریی وشە Word category) یان بەکارهێناوە، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتایی لە زمانێکی دیاریکراودا وشەکانیان بۆ پۆلەکان گروپکردووە ،[٢٢] مەرجە پێویستەکانی ئەندامێتی کاریگەری تەواوی لەسەر دیاریکردنی ئەندامانی کاتیگۆرییەکانی وشە هەبووە.[٢٣] ئەمە بو بە هۆی ئەوەی بنەمای وردی زانستی پەیڕەوبکرێت و لێکچون و جیاوازیی نێوان وشەکان ڕونتر دەربکەوێت، دابەشبکرێن بۆ (وشەی فەرهەنگی) و (وشەی ئەرکی)، هەروەها پۆلەکان دابەشبکرێن بۆ (پۆلی کراوە) و (پۆلی داخراو)، ئەمجۆرە پۆلێنکردنە گرنگی خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، چونکە " ئەمانە کەرەستەیەکی بنچینەیین بۆ پەیوەندیی نێوان ڕێزمان و واتا"[٢٤] و ڕۆڵی گرنگ و بڕیاردەریان لە دارِشتنی یاسا ڕێزمانییەکاندا هەیە.[٢٥]

---

[19] Ibid: 109

[٢٠] محەمەد ڕەزا باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، ل٧٠.

[٢١] بۆ زانیاری لەسەر ڕۆڵی ڕستە بۆ جیاکردنەوەی کاتیگۆرییەکانی وشە بڕوانە: ٣.١.٢.٢.٢

[22] Crystal, David. A doctionary of Linguistics and Phonetics. sixth edition: Oxford.uk, 2006. PP 523.

[23] Zadrapa, Lukas. Word-Class Flexibility in Classical Chinese, Verbal and Adverbial Uses of Nouns. Volume2: Hotei, 2011, PP 423.

[24] Lyons, john. Language and linguistics, an introdction. PP 423.

## ١.٢.٢ وشەی ناوەڕۆک و وشەی ئەرکی

وشە ناوەڕۆکییەکان (Content words)، کە بە وشە فەرهەنگییەکانیش ( Lexical word) ناودەبرێن، زۆربەی وشەکانی زمان پێکدەهێنن. " لە فەرهەنگدا لیستکراون و واتایەکی دیاریکراویان هەیە، دەتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ ڕۆڵببینن،"[٢٦]بەڵام وشە ئەرکییەکان (Function words) ئەو وشانەن ژمارەیەکی دیاریکراو و سنورداریان هەیە، "واتای فەرهەنگیان نییە، ئەرکیان بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکی ڕێزمانییە،"[٢٧] لە خشتەیەی (٢-١)دا جیاوازیی نێوان وشەی فەرهەنگی و وشەی ئەرکی دەخرێتەڕو[٢٨]:

**خشتەی ٢-١ جیاوازیی نێوان وشەی ناوەڕۆک و وشەی ئەرکی**

| | وشەی ناوەڕۆک | وشەی ئەرکی |
|---|---|---|
| کاتیگۆرییەکان وشە | ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار | ئارتیکڵ، ئامرازی بەستن ئامرازی سەرسوڕمان.... |
| ئەندامی پۆلی | کراوە | داخراو |
| قەبارەی پۆل | گەورە | بچوک |
| واتا | کۆنکرێت، دیاریکراو | ئەبستراکت، گشتی |
| ڕێژەی دوبارەبونەوەیان لە تێکستدا | کەمە | زۆرە |
| ژمارەیان | زۆر و بەرفراوانە | دیاریکراو و کەمە |

## ٢.٢.٢ پۆلە کراوەکان (Open Classes)

پۆلە کراوەکان، یان پۆلە فەرهەنگییەکان (Lexical Classes) وشەکانی ئەم پۆلە ناوی وشەی ناوەڕۆک (Content word)، یان وشەی ئۆتۆسیمانتیکیان ( Autosemantic

---

[٢٥] محەمەد مەحوی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١، ل١٤٦.

[26] Katamba, Francis. Morphology. New York: St. Martin's Press, 1993. PP 332.

[٢٧] امیر محمد محمدامین، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، هەولێر: نارین، ٢٠١٦، ل٢٠.

[٢٨] بەدەستکارییەوە وەرگیراوە لە: Haspelmath, Martin. Word Classes and Parts of Speech, PP 16 540.

word) لێنــراوە، " ئەو وشــانەن، کە مانایــان هەیە و خــاوەنی واتــان و واتــای ڕســتەش هەڵدەگرن."[٢٩] ئەم پۆلانە وشـەی نـوێ وەردەگرن، بۆیە ڕۆژانە وشـەی نـوێ پەیدادەبێت و واتـادارن، ئەمەش لە ڕێگەی ناونـان، داڕشـتن، لێکدان،... تـاد.[٣٠]بۆ نمـونە بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و پەیـدابونی کۆمپیـوتەر چەنـدان نـاوی نـوێ پەیـدابون وەک: (ئینتەرنێت، وێب سـایت، ئیمەیـڵ، سـیدی.....تاد). هاوکـات دروسـتبونی چەنـدان کـرداری لێکدارو، بـۆ نمـونە لە زمـانی کوردیـدا چەنـدان کـرداری وەک: (داونلـۆدکردن، ئەپلۆدکردن، کلیککردن، سـەیڤکردن، تاد) دروستبون.

ئەم پـۆلە لە زۆربەی زمانەکانـدا ئەنـدامەکانی بـریتین لە (نــاو، کــردار، ئاوەڵنــاو، ئاوەڵکردار[٣١])، بەڵام لەزمانی کوردیدا (ژمارە)ش بە ئەندامێکی تری ئەم پۆلە دادەنرێت.[٣٢] بـۆ بە ئەنـــدامبونی  هەر یەکێــک لەم پــۆلانە و جیاکردنەوەیــان لەیەکتــر چەنــد پێوەرێــک بەکاردەهێنرێت، کە ئەمانەن:

١- پێوەری فۆنۆلۆژی (پشتبەستن بە ژمارەی فۆنیم و هێز)

٢- پێوەری مۆرفۆلۆژی (پشتبەستن بە فۆرمی وشەکان)

٣- پێوەری سینتاکسی (پشتبەستن بە ڕەفتاری فرێزەکان)

٤- پێوەری سیمانتیکی (پشتبەستن بە واتا)[٣٣]

[٢٩] امیر محمد محمدامین، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، ل١٨.

[٣٠] عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر: ئاوێر، ٢٠١٣، ل٩٤.

[٣١] ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا بەپێی ئەو پێوەرانەی، بەکاردەهێنرێن بۆ دەستنیشانکردن وجیاکردنەوەی پۆلەکان لەیەکدی، ئەگەری بە ئەندامبونی لە پۆلی کراوەدا لاوازە چونکە:
١_ ژمارەی لێکسیمە بنجییەکانی لە فەرهەنگدا زۆر کەمن. ٢_ مۆرفیمێکی تایبەتی شکانەوەی مۆرفۆلۆژی نییە، کە پێی بناسرێتەوە. ٣_ بەشی هەرە زۆری ئاوەڵکردارەکان بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دروستکراون، یان بەهۆی ڕۆنانی فرێزەوە لە ڕستەدا چەمکە ئاوەڵکردارییەکەیان بەرجەستە دەکرێن.

[٣٢] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێروانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان: کۆلێجی پەروەردە، ٢٠١٦، ل٤٠.

[33] Radford, Andrew. and Martin Atkinson. linguistics an introduction. New York: Cambridbe Universty, 2009, PP 131.

### ١.٢.٢.٢ پێوەرەکانی پۆلی کراوە

#### ١.١.٢.٢.٢ پێوەری فۆنۆلۆژی

وشەکانی پۆلی کراوە لەڕوی ڕۆنانی فۆنۆلۆژییەوە زۆربەیان ژمارەی دەنگەکانیان زۆرن،[٣٤] هەروەها لەڕوی دابەشبونی هێزەوە جیاوازی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بەهۆی هێزەوە هەردو پۆلی ئاوەڵناو و کردار لە یەکترجیابکرێنەوە، ئەگەر وشەکە ئاوەڵناو بێت هێز هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی وەک: (جوانْ، ئاسودەْ، شارەزاْ، ...تاد)، بەڵام لە کرداردا هێز دەکەوێتە سەرەتاوە وەک: (دەْڕوات، دەْخوات، چوْم...تاد)[٣٥] لە ناو ڕستەشدا وشەی سەر بە ئەندامەکانی پۆلی کراوە بە زۆری هێزدارن، لە کاتێکدا وشەی سەر بە ئەندامەکانی پۆلی داخراو بەزۆری بێهێزن.[٣٦]

#### ٢.١.٢.٢.٢ پێوەری مۆرفۆلۆژی

لەم پێوەرەدا جەخت لەسەر فۆرمی وشەکان دەکرێتەوە و مۆرفیمەکانی شکانەوە و دارشتن دەکرێنە بنەما بۆ دەستنیشانکردنی پۆلە وشەکان، لە زمانی کوردیدا پۆلی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ژمارە) خاوەنی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژین، هاوخاسیەتی مۆرفۆلۆژیی لەنێوان وشەکانی پۆلەکەدا بەدیدەکرێت، پۆلی ناو بەوە لە پۆلەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، کە مۆرفیمی شکانەوەی (ەکە، ێک، ان) و ئەلۆمۆرفەکانیان و مۆرفیمی دارشتنی (ستان، گە، ...تاد) وەردەگرێت، وەکو: (کوڕەکە، کوڕێک) (کوردستان، سەیرانگە)، بەڵام کردار ناتوانێت ئەمانە وەربگرێت لە کاتێکدا کردار هەندێ مۆرفیمی ڕێزمانی (دە، ب، نە، ...تاد) و (هەڵ، ڕا، دا، ڕۆ، وەر) لەگەڵدا دەبینرێت، (دەڕۆم، بڕۆ) (هەڵخست، ڕاکرد، ...تاد)، بەڵام لەگەڵ ناودا نایەن، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لە پۆلەکانی تر دەتوانرێت پشت بە مۆرفیمی (تر، ترین) ببەسترێت (جوانتر، جوانترین)، بە هەمان شێوە ژمارە دەتوانێت هەر دو مۆرفیمی

[34] Haspelmath, Martin. Word Classes and Parts of Speech, PP 16 539.

[٣٥] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ل٩.

[٣٦] ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە ئیبن روشد: زانکۆی بەغدا، ١٩٩٨، ل٩٩.

شـکانەوەی (ەم، ەمـین) وەربگرێـت (یەکەم، یەکەمـین). واتە بەپێـی ئەم پێـوەرە هەر پۆلێـک دەبێت خاوەنی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی خۆی بێت. ئەم تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییە دەبێتە ناسنامەی ئەم پۆلە و لە پۆلەکانی تری جیادەکاتەوە.

### ٣.١.٢.٢.٢ پێوەری سینتاکسی

لەم پێوەرەدا گرنگی بە جێکەوتە و ئەرکی وشـەکە لە ڕسـتەدا دەدرێت، چـونکە پۆلە کراوەکان جێکەوتە سینتاکسیەکانی ڕسـتە پڕدەکەنەوە، بەو پێیەی لە ڕێزبـونی بنجی زمـانی کوردیدا، بکەر لە سەرەتای ڕستەدا دێت و پاشان بەرکار و کردار دێن، " زۆربەی کـات ئەو وشـەی دەکەوێتە سـەرەتای ڕسـتەوە یـان لە نێـوان جێنـاوی نیشـانە و پاشـبەندەکەیدا دێت نـاوە"[٣٧] (بـڕوانە (٢)) هەروەهـا لە ڕوی ئەرکەوە نـاو لە ڕسـتەدا ئەرکـی (بـکەر، بەرکـار، تەواوکەر، ...تاد) دەبینێت، ئاوەڵناو ئەرکی دەرخەر و تەواوکەری کرداری (بـون) دەبینێت و ژمارە زیاتر ئەرکی دەرخەر دەبینێت، کرداریش تەنیا یەک ئەرک ئەنجامدەدات ئەویش ئەرکی کردارە و جێکەوتەکەی تەنیا بە کردار پڕدەکرێتەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی پۆلە کراوەکـان بەهۆی جێکەوتە و ئەرکیان لە ڕستەدا دەناسرێنەوە و لەیەکتر جیادەکرێنەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت سـود لە پەیوەندیی سـتونی ڕسـتە ببینرێت بـۆ دەستنیشـانکردن و جیـاکردنەوەی پۆلەکان لەیەکتر، بەهۆی " گۆڕینی وشـەیەک بە وشـەیەکی تـر لەهەمـان بیئەدا، بەبێ ئەوەی کـار لە ڕسـتە بکـات و واتـاکەی بشـێوێنێت،"[٣٨] واتە ئەو وشـانەی لەجیـاتی یەکتـر هاونشـینە دەبن سـەر بە هەمان پۆلن، بڕوانە هێڵکاری (٢-١)


٢_ ا. شڤان کتێبەکەی خوێندەوە.

ب. ئەم کتێبـــە ئاسانە بۆ خوێندنەوە.

---

[٣٧] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ل٨.

[٣٨] طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨، ل٣٤.




**هێڵکاری ٢-١ دیاریکردنی کاتیگۆرییەکانی وشە لە پەیوەندیی ستونیدا**

### ٤.١.٢.٢.٢ پێوەری سیمانتیکی

لەم پێــوەرەدا جەخــت لەســەر واتــای وشــەکان دەکــرێتەوە، مەبەســت لە "واتــای فەرهەنگی/ لێکسیکی هەمبەر بە واتای دروستەییە (Structural meaning)،"[٣٩] واتە مەرجی ئەم پێوەرە ئەوەیە، وشـەکان وەکو دانەی سـەربەخۆ لە دەرەوەی فرێز و ڕسـتەدا خـاوەنی واتابن، ئەم مەرجە زیاتر لە پۆلە کراوەکاندا بەدیدەکرێت، کە "بەسـەربەخۆیی و لە دەرەوەی ڕسـتەدا واتایـان هەیە و بەشـێوەیەکی ئـازادن، یەکتر پێناسـە نـاکەن."[٤٠] بـۆ نمـونە ناوەکـانی وەک: (ئاسۆ، نان، مـاڵ) واتـای (کەس، شت، شـوێن) دەگەیەنن، ئاوەڵناوەکـانی وەک: (گەورە، سپی، بەنرخ.....) واتای (قەبارە، ڕەنگ، بەهـا، ....تـاد) دەگەیەنن، " کردارەکانیش وەک (سـوتا، لێیخوڕی....) واتای (ڕوداو، چالاکی) پێشاندەدەن،"[٤١] هەروەها ژمارە واتای ژمارە دەدات، یان

---

[٣٩] محەمەدی مەحوی، زانستی هێما- هێما، واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند، ٢٠٠٩، ل٣٠.

[٤٠] ئەردەلان تۆفیق فەتاح شێروانی، پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٥، ل١١.

[٤١] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: ١٢٥،١٩٩٠، ل٨٢.

پلەی ژمارە ڕادەگەیەنێت[٤٢]و بۆ دیاریکردنی ڕادە و ئەندازە بەکاردێت.[٤٣]بەمەش هەر سێ مەرجەکە لە پۆلی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ژمارە)ی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، بۆیە بە پۆلی کراوە دادەنرێن.

### ٣.٢.٢ پۆلە داخراوەکان (Closed classes)

وشەکانی ئەم پۆلە ناوی وشەی ئەرکی (Function word)، یان وشە ڕێزمانییەکان (Grammatical words) یان وشە سینسیمانتیکیەکانیان (Synsemantic word) لێنراوە، کە "واتای فەرهەنگی سەربەخۆیان نییە، بەشێوەیەکی سەرەکی هەڵگری واتای ڕێزمانین"[٤٤] و پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دیاریدەکەن،[٤٥] ناتوانن لە ڕستەدا بە تەنیا دەربکەون، بەڵکو "وشەکانی ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە و یارمەتی پەیوەندییەکانی ناوەوەی ڕستە دەدەن و واتای ڕستەکە ڕون و ئاشکرا دەکەن"[٤٦] پەیڕەوێکی بچوکی داخراو پێکدێنن، کە ژمارەیان کەمە و بەئاسانی دەژمێردرێن و سنوریان بۆ دادەنرێت،[٤٧] هیچ کات ناتوانرێت وشەیەکی نوێ بۆ ئەم پۆلانە زیادبکرێت، چونکە وشەی نوێ وەرناگرن.[٤٨]

وشەکانی پۆلە داخراوەکان لە دەنگێکی کەم پێکدێن و زۆربەیان لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە فۆرمی فۆنەتیکیان هەیە و لە ڕستەدا هێزیان ناکەوێتە سەر. لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە هیچ نیشانەیەکی تایبەتیان نییە، چونکە "گیرەک وەرناگرن"[٤٩] لە سینتاکسیشدا لەبەرئەوەی زۆرێک لە ئەرکە سینتاکسییەکان بەهۆی ئەمانەوە جێبەجێدەکرێن، لە ڕستەدا زۆر دوبارە

---

[٤٢] ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٩٨، ل٥٤.

[٤٣] ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر: دەزگای موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١١، ل٦١.

[44] Crystal, David. A doctionary of Linguistics and Phonetics, PP 168.

[45] Fromkin, Victoria, robert rodman, and nina hyams. An Introduction to Language. Printed in the United States of America, 2014, PP 35.

[٤٦] محمد علي الخولي، مدخل إلى علم اللغة، الأردن: دار الفلاح للنشر و التوزيع، ٢٠٠٠، ص ١١٤.

[٤٧] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، ل٧٩

[48] Yule, George. The Study of Language, Fourth edition. New York: Cambridge, 2010, PP 69.

[٤٩] کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١٥٤.

دەبنەوە، لەڕوی واتاشەوە هەروەکو ئاماژەی بۆ کرا واتای فەرهەنگیان نییە، " تەنیا زانیارییە ڕێزمانییەکان، یان پەیوەندییە لۆژیکییەکان لە ڕستەدا دیاریدەکەن"[50] لە زمانی کوردیدا پۆلە داخراوەکان بریتین لە (دیارخەر، پیشناو، جێناوەکان، ئامرازی بەستن، ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی بانگکردن، پارتیکل)  بڕوانە هێڵکاری (٢-٢)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاتیگۆریی وشەکان Word Categories | پۆلە کراوەکان Open classes | ناو | Noun |
| | | کردار | Verb |
| | | ئاوەڵناو | Adjective |
| | | ئاوەڵکار | Adverb |
| | | ژمارە | Number |
| | پۆلە خراوەکان Closed classes | دیارخەر | Determiner |
| | | پێشناو | Preposition |
| | | جێناوەکان | Pronoun |
| | | ئامرازی بەستن | Conjunction |
| | | ئامرازی سەرسوڕمان | Interjection |
| | | ئامرازی بانگکردن | Vocative |
| | | پارتیکل | Particles |

هێڵکاری ٢-٢ کاتیگۆرییەکانی وشەی زمانی کوردیدا

## ٣.٢ کاتیگۆریی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا

لە تەوەرەی پێشتردا ئاماژە بۆ چۆنێتی پۆلێنکردنی وشەکان و جۆر و تایبەتمەندی و پێوەرەکان کرا، کە تیایدا ئاوەڵناو وەک ئەندامێکی پۆلی کراوە دیاریکرا، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین (ئایا هەمو زمانەکان ئاوەڵناویان هەیە؟) بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیکسۆن دەڵێت: "هەمو زمانەکان ناو و کرداریان هەیە، بەڵام هەندێکیان ئاوەڵناویان نییە،"[51] هەر لەم بارەوە دیکسۆن لە کتێبی (Adjective Classes)دا، بە پشتبەستن بە چەند

[50] شیلان عومەر، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢، ل٤٣.

[51] Dixon, R. M. W. Where Have All the Adjectives Gone? and other essays in Semantics and Syntax. Mouton Publishers: Berlin · New York · Amsterdam, 1977, PP 12.

توێژینەوەیەک بیروبۆچونی گۆڕاوە و پێیوایە ئاوەڵناو لە هەمو زمانێکدا دەتوانرێت بە چەند پێوەرێکی ورد لە ناو و کردار جیابکرێتەوە.[٥٢] ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاوەڵناو لە هەمو زمانێکدا بونی هەیە، بەڵام پێویستە ئەو پێوەرە وردانە بدۆزرێنەوە، کە ئاوەڵناو لە ناو و کردار جیادەکەنەوە، چونکە ئاوەڵناو لە هەندێک زماندا تایبەتمەندی هاوشێوەی ناو، یان کرداری هەیە، لە هەندێک زمانی تردا تایبەتمەندیی هاوشێوەی (ناو و کردار)ی هەیە، یان لە هەندێکی تردا تایبەتمەندیی سەربەخۆی خۆی هەیە.[٥٣]

لێرەدا بە پێویستی دەزانرێت ئاماژە بۆ بۆچونی (هینگڤێڵد Hengeveld)یش بکرێت، کە بەپێی تایپۆلۆژیای سیستەمی بەشەکانی ئاخاوتن (پۆلی کراوە) زمانەکان دابەشدەکات بۆ (٧) جۆر بڕوانە خشتەی (٢-٢)[٥٤]

**خشتەی ٢-٢ تایپۆلۆژیای سیستەمی بەشەکانی ئاخاوتن**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Flexible (ئاسان و گونجاو) | 1 | V/N/A/Adv | | | |
| | 2 | V | N/A/Adv | | |
| | 3 | V | N | A/Adv | |
| Specialized (تایبەتکراو) | 4 | V | N | A | Adv |
| Rigid (سەخت و گران) | 5 | V | N | A | ---- |
| | 6 | V | N | --- | ---- |
| | 7 | V | --- | --- | ---- |

لە خشتە(٢-٢)دا، جۆری (١، ٢، ٣) لەو جۆرە زمانانەن، کە کاتیگۆریی وشەکانی تێکەڵ بەیەکدەبن، جۆری (٤) وشەی بنجی بۆ هەمو پۆلەکانی هەیە، جۆری (٥، ٦، ٧) لەو زمانانەن، کە هەندێک کاتیگۆریی وشەیان نییە، جۆری پێنجەم ئاوەڵکردار نییە، جۆری شەشەم ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداری نییە، جۆری حەوتەم ناو ، ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداری نییە، بەزمانێکی سەخت و گرانیان دادەنێت. ئەگەر لەم پۆلێنەدا پێگەی زمانی کوردی دیاریبکەین، دەبینین پێگەکەی لە

52 Dixon, R. M. W. and Alexandra Y. Aikhenvald, Adjective Classes, A Cross-Linguistic Typology, New York: Oxford University Press, 2004, PP 12
53 Ibid: 1
54 Hengeveld, Kees. Non-verbal Predication, Theory, Typology, Diachrony . New York: Mouton de Gruyter, 1992, PP 69.

جۆری (٥) دایە، چونکە وشەی بنجی بۆ هەرسێ پۆلی (ناو، کردار، ئاوەڵناو) هەیە، ئەگەرچی ژمارەی ئاوەڵناوەکانی کەمترە، بەڵام جیاوازی لەنێوان هەر سێ پۆلەکەدا دەکات، هەرچی "ئاوەڵکردارە تەنیا چەمک و ناوەڕۆکی ئاوەڵکرداری کاتی لە فەرهەنگدا هەیە و فۆرمی بۆ داڕێژراوە، بۆیە دەگونجێت بڵێین زمانی کوردی ئاوەڵکرداری[٥٥] نییە."[٥٦] مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بە هاریکاری پۆلی ناو و ئاوەڵناو بەهۆی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژی و بەرهەمهێنانی ڕۆنانی سینتاکسیەوە ئەو کەلێنە واتاییانە پڕدەکەنەوە.[٥٧] ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، پێگەکەی لە جۆری دوەمیشدا دەربکەوێت، کەواتە زمانی کوردی پێگەیەکی نێوانی هەیە لە نێوان جۆری (٢-٥)دا، کە پەیکاڵە، لەگەڵ هەندێک زمانی تردا، کە پێگەیەکی نێوانیان هەیە،[٥٨] بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی یەکێکە لەو جۆرە زمانانەی کە کاتیگۆریی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ی هەیە، بەڵام ئاوەڵکرداری نییە.

بە مەبەستی زیاتر تیشکخستنە سەر ئاوەڵناو وەک پۆلێکی سەربەخۆ لە تەوەرەکانی داهاتودا بە شێوەیەکی وردتر تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو و هاوبەشی و جیاوازیی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لەگەڵ کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تر دەخەینەڕو، لە بەشەکانی داهاتوشدا، لە سینتاکس و سیمانتیکی ئاوەڵناوی دەدوێن.

### ١.٣.٢ ئاوەڵناو (چەمک و پێناسە)

ئاوەڵناو لەلایەن زۆربەی زمانەوانانی کورد و ئەو زمانەوانە بیانیانەی، کە توێژینەوەیان لە سەر زمانی کوردی ئەنجامداوە پێناسەکراوە، بۆچونی هاوبەش و جیاواز

---

[٥٥] لێرەدا مەبەست ئەوەیە لە فۆرمی بنجیدا ئاوەڵکردارمان بۆ هەمو جۆرەکان نییە، ئەگینا لە فەرهەنگدا لە فۆڕمی داڕێژراو و لێکدراودا ئاوەڵکردارمان هەیە.

[٥٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، ل٢٩٥.

[٥٧] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و سازان زاهیر سەعید، فرێزی ئاوەڵکرداری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە: ٥، ٢٠١٩، ل١.

[٥٨] چەندان زمانی دیکە پێگەیەکی نێوانییان هەیە لەوانە تورکی (جۆری ٢-٣)، لانگۆ (جۆری ٣-٤)، ناسۆیی (جۆری ٤-٥) و تامیل (جۆری ٥-٦). (Hengeveld, Kees. Non-verbal Predication, Theory, Typology,PP 69)

لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، بۆیە سەرەتا پێداچونەوەیەک بە پێناسەکاندا دەکرێت، دواتر بەپێی تایبەتمەندی ئەم توێژینەوەیە پێناسەی ئاوەڵناو دادەڕێژرێتەوە.

زمانەوانانی ڕێزمانی دێرین وەک: سعید صدقی،[٥٩] تۆفیق وەهبی،[٦٠] مەکارس،[٦١] محەمەد ئەمین هەورامانی،[٦٢] نوری عەلی ئەمین،[٦٣] لەسەر بنەمای واتا پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە "وشەیەکە بۆ وەسفکردنی ناوێک یان جێناوێک بەکاردەهێنرێت"[٦٤] بڕوانە (٣)

٣_ ا. منداڵێکی زیرەک ب. تۆی نەشارەزا

لەدوای ئەم زمانەوانانە هەریەکە لە نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی،[٦٥] بەمشێوەیە پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە "بەشێکی ئاخاوتنە، شێوە و جۆری شت پێشاندەدات و بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە." ئەورەحمانی حاجی مارف وەک بەشە ئاخاوتنێک پێناسەی ئاوەڵناوی کردووە، کە " واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت. ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازیدا و چ لە تایبەتی وشەسازیدا ڕون و ئاشکرا بەدیاردەکەوێ."[٦٦] هەر دو پێناسەکە لەڕوی ناوەڕۆکەوە دەربڕینی هەمان مەبەستی پێناسەی پێشترە، بەڵام چۆنیەتی پەسنکرنەکەیان زیاتر ڕونکردۆتەوە، چونکە دەربڕینی واتای جۆر و شێوە یان چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە پەیوەستە بە هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا. جگە لەمە کاتێک لە پێناسەکردنی ئاوەڵناودا ئاماژە بۆ کات دەکرێت، ئاوەڵناو جگە لە کات جیاوازی

---

[٥٩] سعید صدقی، صرف ونحوی کوردی، بغداد: چاپخانەی نجاح، ١٩٢٨، ل٢٥.

[٦٠] تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، بغداد: الطابعة الحديثة، ١٩٢٩، ل٦١.

[61] McCarus, Ernest N. A Kurdish Grammar, New York: Washington, 1958, PP 93

[٦٢] محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، بەغداد: چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧٤، ل١٦٣

[٦٣] نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی: چاپخانەی کامەران، ١٩٦٠، ل١١١.

[٦٤] نوری عەلی ئەمین ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بۆ وەسفی فرمانی بێهێزیش بەکاردێت. بڕوانە: (نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، ل١١١).

[٦٥] نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر: کۆلێژی ئاداب، ١٩٨٢، ل٧٥.

[٦٦] ئەورەحمان حاجی مارف، ڕیزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، بەغدا: دار الحرية للطباعة، ١٩٩١، ل٥٨.

تریشی لەگەڵ کرداردا هەیە.[٦٧] ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم پێناسانەدا تەنیا گرنگی بەلایەنی پەسنی ئاوەڵناو دراوە، لایەنەکانی تری ئاوەڵناو فەرامۆشکراوە.

هەریەکە لە مەکەنزی[٦٨]، محەمەد ئەمین هەورامانی،[٦٩] احمد حسن احمد[٧٠] ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە دەگونجێت ئاوەڵناو لە ڕستەدا (فرێز یان ڕستە (پاڕستە))بێت. ئەمەش فراوانکردنی چەمک و سنوری ئاوەڵناوە و تێکەڵکردنی واتای سینتاکسییە، لەگەڵ واتای فەرهەنگی ئاوەڵناودا. بڕاونە نمونەکانی (٤)

٤_ ا. ئەو کچە قژزەردە جوانە دۆستمە. (قژزەردی جوان)

ب. ئەو کچە، کە دوێنێ هات بۆلای مامی، قوتابییە. (کە دوێنێ هات بۆلای مامی)

دیارە لە ڕێزمانی دێریندا فراوانکردنی سنوری ئاوەڵناو هەر بەوەندەوە نەوەستاوە بەڵکو (جێناوی نیشانە، ژمارە، ڕادە، ئامرازی پرس، ئامرازی ناسیاری و نەناسیاری) بە ئاوەڵناو دانراون. وەک:

٥_ ا. ئەو کوڕە هات. ب. چوار کەس هاتنە لام پ. شتی وا نییە.

ت. ماڵەکە لە چ شوێنێکە؟ لە فلان شوێنە. ج. بە هەمو شتێ تورە دەبێ.

ح. هەر کەسێک بێت خەلاتەکەی دەدەمێ.[٧١]

٦_ ا. پەپولەکە ب. هەنارێک[٧٢]

شایانی ئاماژە بۆ کردنە هەریەکە لە (کوردستان موکریانی،[٧٣] ک.ک. کوردۆیڤ،[٧٤] ئەورەحمانی حاجی مارف[٧٥]) لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا ئاماژەیان بۆ ئەم جۆرانە نەکردووە. ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچونەیە، کە ئەم وشانە بە ئاوەڵناو دادەنێت. لە دوای ئەمانە (محەمەد مەعروف فەتاح) زاراوەی (ئاوەڵناوئاسا) بۆ ئەم وشانە

---

[٦٧] بۆ زانیاری لە بارەی هاوبەشی و جیاوازی نێوان ئاوەڵناو و کردار بڕوانە: (٣.٥.٢.٢).

[68] Mackenzie, D.N. Kurdish dialect studies-1, Oxford University Press, London, PP 69

[٦٩] محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، ل١٦٣-١٦٤.

[٧٠] احمد حسن احمد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی دار الجاحظ، ١٩٧٦، ل١٢٩.

[٧١] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، ل٨١.

[٧٢] نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، ل١٢٥.

بەکاردەهێنێــت، هەروەهــا پێیــوایە ئەمــانە ئاوەڵنــاوی ڕاســتەقینە نــین، چەنــد ڕێــگە و تاقیکردنەوەیەک دەخاتەڕو بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە وەک:

١- بە پێچەوانەی نزیکەی هەمو ئاوەڵناوێکی کوردیەوە پاشگری پلەکانی بەراورد وەرناگرن *ئەوتـر، ئەوتـرین، چـوارتر، چـوارترین، واتـر، واتـرین، چیتـر، چیتـرین، فلانتـر، فلانتـرین، هەموتر، هەموترین، هەرتر، هەرترین

٢- هەمویـان جگە لە (وا) بەدوای دیـارخەردا نەهـاتون و بە (ی)ی ئیزافە پێیەوەی نەلکاون، واتە جێگەی نمونەیی ئاوەڵناویان نەگرتوە.

٣- هـیچ لەم وشـانە ئەو بیـرانە دەرنـابڕن، کە ئاسـایی لە زۆر زمانـدا بەهـۆی ئاوەڵنـاوەوە دەردەبڕدرێن وەک ڕەنگ، بارستایی، قەوارە، ڕواڵەت، تەمەن، بەها.[٧٦]

کەواتە ئەم وشانە بە پێوەرەکانی (مۆڕفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک) نـابنە ئاوەڵنـاو، بەمشـێوەیە دەبینـین لە ڕێزمـانی دێرینـدا گەلێـک کەرەسـتە بە ئاوەڵنـاو دانـراون، چـونکە هاوشێوەی ئاوەڵناو ئەرکی دەرخەر دەبین. یەکێک لەو پێناسانەی کە جیاوازە لە پێناسـەکانی پێشخۆی پێناسەکەی (هیدایەت عەبدوڵلا)یە، کە دەڵێت: ئاوەڵناو وەک ڕەگەزێکی فەرهەنگی ڕەوشت و خەسڵەتی ناو لەخۆدەگرێت و کاتی پێوەدیارنییە و واتای چۆنیەتی و تایبەتمەندی ئەو ناوە ڕادەگەیەنێت، کە لەگەڵیدا لە پەیوەندی کردەی درێژکردنەوە و تەکنشینی لە فرێز و ڕستەدا بە ئەنجامدەگەیەنێت و بە تەنیا لە فەرهەنگدا بونێکی سـەربەخۆی نییە، بۆیە دەبێت لەگەڵ ناوێکدا بێت و گونجان بەدەستەوە بدەن لە پێناو واتا بەخشیندا.[٧٧]

---

[٧٣] کوردستان موکریانی، ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردیدا بە کەرەستەی کرمانجی خوارو و کرمانجی ژورو، گۆڤاری کاروان: ژمارە: ٥، ١٩٨٣، ل٣٩.

[٧٤] ک. ک. کوردۆیێف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆران، وەرگێڕانی: کوردستان موکریان، هەولێر: مطبعة الأديب البغدادية، ١٩٨٤، ل١٠١

[٧٥] ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، ل٦٣.

[٧٦] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، ل٨١.

[٧٧] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٩.

ئەوەی ئەم پێناسـەیە لە پێناسـەکانی پێشـتر جیادەکاتەوە، وەک پۆلێکی فەرهەنگی پێناسـەی ئاوەڵنـاوی کـردووە، هەرچەنـدە لەم پێناسـەیەدا هەوڵـدراوە لەسـەر سروشـت و هەڵکەوتـی ئاوەڵنـاو و کـارکردنی لە زمـانی کوردیـدا پێناسـەکە بنیاتبنرێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم سەرنجانە دەخرێتەڕو:

١- پێناسەکە زۆر دورودرێژە و دەکرا چڕتر و پوختر بکرایە.

٢- پێناســـەکە ئامـــاژە بـــۆ ئەوە دەکـــات، کە ئاوەڵنـــاو کـــاتی پێوەدیـــارنییە، ئەمەش دوبارەکردنەوەی تێڕوانین و بۆچونی نوسەرانی ڕێزمانی دێرینە، " لەسەر بنچینەی بەراورد لەگەڵ کرداردا هەڵێنجراوە، نەک ئەو چەشنە ڕێبازە بۆ دانانی پێناسە... هەر باش نییە، بەڵکو لە پێناسەکەدا تەنیا چەمکێکی ئەو بەراوردە وەرگیراوە. وەک ئاشکرایە سەرەڕای بەستران و نەبەستران بەکاتەوە، هەروەها هەندێ جیاوازی دی لەنێوانیاندا هەیە."[٧٨]

٣- لە پێناسەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ئاوەڵناو لە فەرهەنگدا بونێکی سەربەخۆی نییە، نازانرێت، مەبەست لە فەرهەنگی ئاوەزییە یان نوسراو، بەڵام ئەگەر مەبەستی هەر کامێکیان بێـت، ژمـارەیەکی زۆری ئاوەڵنـاوی لە فەرهەنگـدا گەنجکـراوە و هەمـو ئەو خاسـیەت و تایبەتمەنـدییانەیان تێـدایە، کە بە پـۆلێکی فەرهەنگـی سـەربەخۆ دابنـرێن. سـەربەخۆ نەبـونی ئاوەڵناو پەیوەندی بە واتاوە هەیە، نەک لە فەرهەنگدا بونێکی سەربەخۆی نەبێت.

یەکێکـی تـر لەو پێناسـانەی، کە پێویسـتە ئامـاژەی بـۆ بکرێـت بـریتییە لە پێناسـەکەی محەمەدی مەحوی لەسەر بنەمای (مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی) پێناسەی ئاوەڵناوی کردووە:

" ئاوەڵنـاو یـان (وشـەجۆر) (وشـەیە و جـۆر دەردەبڕێت) و (وشـەئەدگار) (وشـەیە و ئەدگـار دەردەبڕێــت)، لەڕوی مۆرفۆلــۆژییەوە، لە ڕێــی نیشــانەکراویی/چەمانەوە declination و هاریکـارییەوە cooperation و لە ڕووی سینتاکسـییەوە لەڕێـی بەکارهێنـانی ئاوەڵنـاوییەوە attributive use دەناسـرێتەوە. لە سـەرو ئەوانەشـەوە کەمەکـی ئارگومێنـت_داواکەرێتی

[٧٨] ئەوڕەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، نـاو، ل٩٣.

predicative نیشاندەدات."[79]

کۆتـا پێناسـە، کە ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت پێناسـەکەی (عـومەر ئەحـمەد)ە، بەمشـێوەیە پێناسەی ئاوەڵناوی کردووە: " ئاوەڵناو پۆلێکی سـەربەخۆی فەرهەنگییە لە ڕسـتەدا بە تەنیا نـایەت، یـان شـوێنی (نـاو و جێنـاو) دەکەوێـت و تـایبەتێتی ئەو نـاوە یـان جێناوەمـان بـۆ ڕوندەکاتەوە یان دەچێتە چوارچێوەی بەشـەکردارەوە بۆ تەواوکردنی واتاکەی، لەڕوانگەی (شوێنی هاتن، ڕوخسار، واتا)وە دابەش دەبێتە سەر چەند جۆرێکەوە."[80]

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، تاوەکو ئێستا پێناسـەیەکی یەکگرتو، کە هەمو ڕێزماننوسان لەسەری کۆکبن دانەڕێژراوە، بۆیە پێویستە ئاوەڵناو وەک کاتیگۆریەکی فەرهەنگی بە لەبەرچاوگرتنی هەر سێ تایبەتمەندی (مۆرفۆلۆژی ، سینتاکسـی، سـیمانتیکی) پێناسەبکرێت، بەسود وەرگرتن لەم پێناسـە و سـەرنجانەی خرانەڕو، دەتوانرێت بەمشـێوەیە پێناسەی ئاوەڵناو بکرێت:

ئاوەڵنـاو کـاتیگۆریەکی سـەربەخۆی فەرهەنگـیە، زۆربەی وشـەکانی خـاوەنی هاوخاسـیێتی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسین، چەمک و بیر و واتاکەی بەهۆی پەیوەندییە سیمانتیکییەکان، یان جێکەوتە سینتاکسیەکان لە فرێز و ڕستەدا ڕوندەبێتەوە.

### ٢.٣.٢ تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو

ئاوەڵناو خاوەنی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسـی و سـیمانتیکی خۆیەتی، بۆیە بەکورتی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەخرێتەڕو:

#### ١.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژی:

١- ئاوەڵنـاو نیشـانەی تـایبەتی مۆرفۆلـۆژی (تـر، تـرین)[81]ی هەیە، کە لە پۆلەکـانی تـری

---

[79] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٩.
[80] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل٦١.
[81] بۆ زانیاری لەسەر کاریگەری ئەم مۆرفیمانە لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی بڕوانە: (٨.٣)

جیادەکـــاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا پێویســـتە ئامـــاژە بـــۆ ئەوە بکرێـــت، هەنـــدێک لە ئاوەڵناوەکان لەڕوی سیمانتیکەوە ناکرێن بە پلەی بەراورد و باڵا. وەک: (کوێر، شەل، مێخـۆش، شـلەتێن، ڕەبەن، قەیـرە، مـردو، ....تـاد) (* کـوێرتر، کـوێرترین). " چـونکە خۆیان ڕێژیەکی چەسپاویان هەیە و ناتوانرێت بە ڕێژەیی بکرێن"[٨٢] ئەمە سـەرەڕای ئەوەی چەند مۆرفیمێکی دارشتن هەیە ئاوەڵناو دادەڕێژن وەک: (بە، بێ، نە، نـا، کیلە) وەک لە ئاوەڵناوەکانی: ( بەهێز، بێهێز، نەشیاو، ناخۆش، جوانکیلە)

٢- ئاوەڵنـــاو بەشـــداریدەکات لە دارِشـــتنی وشـــەی دارِێـــژراو و لێکـــدراوی پـــۆلی (نـــاو، ئـــاوەڵکردار)، بەڵام ئاوەڵنـــاوی دارِێـــژراو و لێکـــدراو لە هەر یەکە لە پۆلەکـانی (نـاو، کردار، ژمارە و ڕادە) دادەڕێژرێن و دروستدەکرێت.

٣- ئاوەڵناو لە دارِشتنی کرداردا، تەنیا لە ڕۆنـانی وشـەی لێکدراودا لەگەڵ کرداری (بو، کـــرد) بەشـــداریدەکات، ئەمەش دەکـــرێتە پێوەرێـــک بـــۆ جیـــاکردنەوەی ئاوەڵنـــاو لە پۆلەکانی تر.

### ٢.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی سینتاکسی

١- ئاوەڵنـاو کـاتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، پـرۆژە سـازدەری فرێـزی ئاوەڵنـاوییە، زانیـاری سینتاکسی و سیمانتیکی بەشێوەیەکی ئەبستراکت تێیدا هەڵگیراوە.

٢- ئاوەڵناو لە بەکارهێنـانی ئاوەڵناویدا، کـاتیگۆرییەکی حـوکمکەرە، لەڕێـی مـۆرفیمی (ی) خستنەپاڵەوە، حـوکمی نـاوەکەی پـێش خـۆی دەکـات و دۆخـی خسـتنەپاڵی ئاوەڵنـاوی پێدەبەخشێت و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پێکدەهێنێت و بەشداریدەکات لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەری و فرێزی پێشناوی، بەهەمان ڕۆنانیشـەوە دەتوانێت لەگەڵ کرداری (بون)دا بەشـەکردارێک پێکبهێنێت.

---

[٨٢] بێستون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل٦٠.

٣- ئاوەڵنـــاو لە بەکارهێنـــانی بەشـــەکردریدا، لەگەڵ کـــرداری (بـــون)دا بەشـــەکردارێک پێکدەهێنێت، لەم حاڵەتەدا، بەکارهێنانی (ئارگۆمێنت_داواکەری) (Predicative) هەیە. و بەشـداریدەکات لە ڕۆنـانی (VP) و ئەو (TP)یـانەی، کە بە (TP)ی بـێ ڕێکەوتـن/ بێکەس ناسراون.

٤- زۆربەی فرێزە ئاوەڵناوییەکان بەهۆی پلەوە دەردەخرێت.

٥- ئاوەڵناو لە سەرەوڕیزبوندا پەیڕەوی هەر دو ڕێسـای سـەرە_کۆتا و سـەرە_سـەرەتا دەکات.

٦- ئاوەڵنـــاو لە بەکارهێنـــانی ئاوەڵکرداریـــدا بەبـــێ تەواوکەرەکەی لە جـــێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت.[٨٣]

### ٣.٢.٣.٢ تایبەتمەندیی سیمانتیکی

١- ئاوەڵناو واتای فەرهەنگی هەیە و بەپێی ئەو بیر و واتایانەی دەریدەبڕن پۆلێندەکرێن و واتاکانیان لە ڕێگەی ئەم پۆلێنەوە، یان بەهۆی پەیوەندییە سیمانتیکیەکان (هاوواتـا، فرەواتا، دژواتا، ...تاد) یان لە فرێز و ڕستەدا ڕوندەبێتەوە.

٢- ئاوەڵناو واتای خودی شتەکە پێشانادات، بەڵکو بۆ پێشـاندانی (بارسـتایی و قەبـارە، ڕەنــگ، تەمەن، بەهــا، دوری، تــایبەتی کەســی، ...تــاد) بەکاردێــت و لە یەکێــک لەم لایەنـانەوە پەسـنی ناوێـک دەکـات، تەمـومژ و لێڵواتـایی لەسـەر لادەبـات و لایەنێکـی نادیاری ناوەکە دەردەخات.

٣- ئاوەڵنـــاو زۆر گونجـــاوە بـــۆ ئەوەی، بە واتـــای ناپێکهـــاتەیی (میتـــافۆر، ئیـــدیەم) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی و بەشەکرداردا بەکاربهێنرێت.

٤- لە بەشەکرداردا سیما واتاییەکانی خۆی بەسەر کردارەکەدا زاڵدەکات.[٨٤]

---

[٨٣] ئەم تایبەتمەندییانە بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە خراونەتەڕو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : بەشی سێیەم.

[٨٤] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم تایبەتمەندییە سیمانتیکییانەی ئاوەڵناو بڕوانە: بەشی چوارەم.

### ٣.٣.٢ جێکەوتە و بەکارهێنانی ئاوەڵناو

بەکارهێنانی ئاوەڵناو پەیوەستە بە جێکەوتەی ئاوەڵناوەوە، لە فرێزدا پەیوەستە بە هاتنی لەگەڵ ناودا، لە ڕستەشدا پەیوەستە بەهاتنی لەگەڵ کرداری (بون) و جێکەوتەی ئاوەڵکردارەوە، بەم پێیە ئاوەڵناو سێ جۆر بەکارهێنانی لە زمانی کوردیدا هەیە:

١- بەکارهێنانی ئاوەڵناوی ٢- بەکارهێنانی بەشەکرداری ٣- بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری

#### ١.٣.٣.٢ بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (Attributive use)

بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بریتییە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە دوای ناو، کە بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵییەوە بە ناوەکەی پێش خۆیەوە دەبەسترێتەوە و بەهۆی چەند سیمایەکی واتایی لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت و پەسنی ناوەکە دەکات. " فرێزەکە ئادگاری پەسنکەرانەی ئاوەڵناوەکە نیشاندەدات"[٨٥] بڕوانە (٧)

٧_ ا. کوڕی زیرەک ب. پیاوێکی بەجەرگ پ. کوڕە زیرەکەکە

لە (٧_ا)دا ئاوەڵناوی (زیرەک) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدایە و پەسنی ناوی (کوڕ) دەکات، لە (٧_ب)دا هەرچەندە ناوەکە دیارخەری (ێک)ی وەرگرتووە، بەڵام ئاوەڵناوی (بەجەرگ) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدایە، لە (٧_پ)دا فرێزە ئاوەڵناوییەکە بەشداریکردووە لە پێکهێنانی فرێزی دیارخەری، بەڵام فرێزی ئاوەڵناوی (زیرەک) هەر لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدایە.[٨٦]

ئەو ئاوەڵناوانەی، لە کردار و پاشگری /_و/، /_او/، /_راو/ دادەڕێژرێن[٨٧] تەنیا

---

[٨٥] محەمەدی مەحوی، ئاوەڵناوی کوردی لەنێوان تیۆر و تایبەتمەندییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٤٤، ٢٠١٤، ل١٠٩.

[٨٦] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٨٦.

[٨٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٤.٢)

بەکارهێنانی ئاوەڵناویان هەیە.[88] بڕوانە نمونەکانی (٨)

٨_ ا. پیاوی مردو ب. نانێکی برژاو پ. نانە برژاوەکە

ت. نانەکە برژاوە. (برژاوە) کرداری ڕستەکەیە

ئەوەی جێی سەرنجە ناو بەکارهێنانی ئاوەڵناوی هەیە. بەڵام دەرکردەکەی دوجۆرە: (ا) هەندێکیان فرێزی خاوەنداریێتی، یان بۆگەڕاوە پێکدەهێنن. (ب) هەندێکی تریان بەهۆی ئەوەی ئادگاری/ سیمای واتایی ئاوەڵناویان هەیە، دەبن بە ئاوەڵناوئاسا. بڕوانە نمونەکانی(٩)

٩_ ا. خانووەکەی شڤان ب. نەڕەی شێر پ. شاری هەولێر ت. دەسکی دەرگا

ج. هاوڕێی پیاو[89]

لە (٩_ا، ب، پ، ت)دا فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری یان بۆ گەڕاوەیە، هەرچەندە ناوێک لە کۆتایی فرێزەکەدا ئاوەڵناوی بەکارهێنراوە، بەڵام ناوەکە نەبۆتە ئاوەڵناو و دەرکردەکەیش فرێزی ناوی خاوەنداریێتییە،[90] بەڵام لە (٩_ج)دا ناوی (پیاو) ناوەکەی پێش خۆی پەسندەکات، دەبێتە ئاوەڵناوئاسا و فرێزەکە فرێزێکی ئاوەڵناوییە.[91]

### ٢.٣.٣.٢ بەکارهێنانی بەشەکرداری (Predicate use)[92]

بریتییە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە پێش کرداری (بون)، کە لەڕێی کرداربەندییەوە[93] بە کردارەکەوە دەبەسترێتەوە و بە بکەرەوە پەیوەندیدار دەبێت، هەر ئاوەڵناوێک توانرا

[88] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٨٠.
[89] لێرەدا مەبەست لە هاوڕێی (مەرد، جوامێر، ئازا، ...تاد) یيە.
[90] محەمەدی مەحوی، ئاوەڵناوی کوردی لەنێوان تیۆر و تایبەتمەندییەکانیدا، ل١٠٩.
[91] هەمان سەرچاوە، ل١١١.
[92] زاراوەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی و بەشەکرداریم لە محەمەدی مەحوی وەرگرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٨٦-٨٧.
[93] بۆ زانیاری لەسەر کرداربەندی بڕوانە: (٢.٤.٤)

ئاوەڵناوی لە دوای ناوەوە بەکاربهێنرێت دەتوانرێت لە بەشەکرداریشدا بەکاربهێنرێت.[٩٤] جگە لەو ئاوەڵناوانەی کە لە کردارەوە داڕێژراون. بڕوانە (١٠)

١٠_ ا. کوڕەکە زیرەکە.　　ب. ئەو زۆر کوردە　　پ. نانەکە سوتاوە.

لە (١٠_ا)دا، ئاوەڵناوی (زیرەک)، لە (١٠_ب)دا، (کورد) هەرچەندە ئاوەڵناوئاسایە لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدان، کەواتە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویش بەکارهێنانی بەشەکردارییان هەیە. لە (١٠_پ)دا، (سوتاو) ئەمجۆرە بەکارهێنانەی نییە، چونکە لەم جێکەوتەیەدا دەبێتەوە کردار و پڕۆسەی کرداربەندی بەجێناهێنێت.

### ٣.٣.٣.٢ بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری (Adverbial use)[٩٥]

بریتییە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، لەم بەکارهێنانەدا پەسنی کردارەکە دەکات، چۆنیەتی ڕودانی کردارەکە دەردەخات، لەم بارەشدا لە بەشەکرداردا دێت، بەڵام پڕۆسەی کرداربەندی ڕونادات، بەڵکو بە شێوەی کەرەستەیەکی سەربار بە هەمان فۆڕمی بنجی، یان لە فۆڕمی نابنجیدا لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت. بڕوانە (١١)

١١_ا. خانوێکی هەرزانم کڕی.　　ب. خانوەکەم هەرزان کڕی.

لە (١١_ا)دا، ئاوەڵناوی (هەرزان) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدایە، لە (١١_ب) بە هەمان فۆڕمەوە لە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریدایە.

### ٤.٣.٢ ئاوەڵناوئاسا (Adjectival)

ئاوەڵناوئاسا، زاراوەیەکە بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنرێت، کە لە جێکەوتە ئاوەڵناو لە ڕستەدا دەردەکەون و وەک ئاوەڵناو ڕەفتاردەکەن، بەڵام بەم هەڵسوکەوتەیان نابن بە ئاوەڵناو، واتە زاراوەکە بۆ نەهێشتنی دوریی و تێکەڵنەبونی پۆلەکانی دیکەیە لەگەڵ

---

[٩٤] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٨٠.

[٩٥] بۆ زانیاری لە بارەی مەرجی بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، بڕوانە: (٧.٣)

ئاوەڵناودا،[96] چونکە هەندێک لە کاتیگۆرییەکانی تری زمانی کوردی بە هۆی ئەرکەکەیان لە ڕستەدا لە ئاوەڵناو نزیکدەبنەوە.

لە زمانی کوردیدا چەمک و سنور ئاوەڵناوئاسا لەلای زمانەوانەکان جیاوازی هەیە، لەوانە (محمد معروف فتاح،[97] هیدایەت عەبدوڵلا[98]) ئەو ئاوەڵناوە نابنجییانەی، کە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دروستبون و بە ئاوەڵناوئاسایان دادەنێن. بەپێی ئەو بنەمایەی، کە ئەو بیر و واتایانەی، کە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێن تەنیا بە ئاوەڵناوە بنجییەکان پڕدەکرێنەوە، هەروەها (محمد معروف فتاح،[99] ڤیان ئیبراهیم[100]) سنوری بەکارهێنانی زاراوەکە فراواندەکەن و هەریەکە لە (وشەی نیشانە، ژمارە، ئامرازی نادیار، ئامرازی پرس، ڕادە) بە ئاوەڵناوئاسا دادەنێن، چونکە ئەرکی دەرخەر دەبینن، دەرخەریش یەکێکە لە ئەرکە چالاکەکانی ئاوەڵناو لە ڕستەدا، بەڵام ئەم بۆچونانە ڕوبەڕوی ئەم ڕەخنانە بونەتەوە:

١- پڕدەکرێنەوەی ئەو بیر و واتایانەی بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێن تەنیا بە ئاوەڵناوە بنجییەکان ، لەگەڵ هەڵکەوت و سروشتی زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست گونجاو نییە، کە "داڕێژەر synthetic، لکاو، تێکئاخنراو و پەسنکەرانەیە، ئەوەی لە زمانێکی شیکەرەوەییدا analytic بە وشەی یەک_مۆرفیمی دێتەدەربڕین، لە زمانی کوردیدا بە وشەی بەرهەرمهێنراو لەڕێی یاسای مۆرفۆلۆژییەوە یان بە ئاوەڵ_فرێز paraphrase دێتە بەرجەستەکردن، بەلێکسیمبووەکانی ناو فەرهەنگیش هەر لێکسیمن، ئیتر گرنگ نییە دروستەی ناوەوەی هەریەکەیان سادەیە یان نا. جگەلەمە ژمارەیەکی گەلێک زۆر لە بیر و بوارە واتاییەکان بە ئاوەڵناوی بنەڕەتی

[96] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، ل٨١.
[97] هەمان سەرچاوە، ل٢٠-٨٢.
[98] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، ل١٢٣-١٣١.
[99] محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، ل٨١.
[100] ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبۆ، تایبەتێن هەڤالناڤی د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژا ئاداب: زانکۆی دهۆکێ، ٢٠٠٨، ل٣٧-٤٦.

(یەک_مۆرفیمی) دەرنابردرێن، بەڵکو پەیکاڵ لەگەڵ مۆدێلی ڕێزمانی و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا، بە وشەی فرە مۆرفیمی دەهێنرێنەدیتن،[101] واتە دەبێت ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی[102] دروستبون هەر بە ئاوەڵناو دابنرێن نەک ئاوەڵناوئاسا.

٢- بەکارهێنانی زاراوەی ئاوەڵناوئاسا بۆ (وشەی نیشانە، ژمارە، ئامرازی نادیار، ئامرازی پرس، ڕادە) لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئەرکی دەرخەر دەبینن، دوبارەکردنەوەی هەڵەی نوسەرانی ڕێزمانی دێرینە، چونکە ئەم وشانە جگە لە هاوبەشیان لە ئەرکی سینتاکسیدا لەگەڵ ئاوەڵناو، هیچ تایبەتمەندیەکی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی ئاوەڵناویان نییە،[103]بۆیە ئەمانە بە ئاوەڵناوئاسا دانانرێن و دەبێت بە ناوی خۆیان و ئەو ئەرکەی لە سینتاکسدا هەیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

دەتوانین بڵێن ئاوەڵناوئاسا ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوییە، کە سەر بە کاتیگۆری ناوە دەشێت ئەدگاری ئاوەڵناوی هەبێت و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا ئەو ئەدگارەی دەربکەوێت. ئەو ناوانە ناوی نیشانەکراون (marked nouns) و بەگوێرەی چڕی نیشانەکراوییان لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدان.[104] بڕوانە (١٢)

١٢_ ا. کەسێکی پیاوە. ب. سیروان لە ئاسۆ کوردترە.

پ. سیراون کوردترین پیاوی ئەم شارەیە.

لە ڕستەی (١٢-ا)دا (پیاو) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدایە، لە (١٢_ب)دا (کوردتر) لە بەکارهێنانی بەشەکردریدایە، لە (١٢_پ)دا، (کوردترین) لە پلەی باڵادایە لە پێش ناوەکە

[101] محەمەدی مەحوی، ئاوەڵناوی کوردی لەنێوان تیۆر و تایبەتمەندییەکانیدا، ل١٠٢.
[102] بۆ زانیاری لەسەر پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دروستبونی ئاوەڵناو بڕوانە: (٤.٢)
[103] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل٩٤.
[104] محەمەدی مەحوی، ئاوەڵناوی کوردی لەنێوان تیۆر و تایبەتمەندییەکانیدا، ل١١٠.

بەکارهاتووە، لەڕوی واتاوە بۆ دەربڕینی بواری واتایی تایبەتمەندیی کەسی بەکارهاتوون، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئاوەڵناوئاسا دەبێت، تایبەتمەندیی ئاوەڵناوی هەبێت.

### ٥.٣.٢ پەیوەندیی نێوان ئاوەڵناو و کاتیگۆرییەکانی تر

ئاوەڵناو لەگەڵ کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تردا دەڕژێنە ناویەک و هەندێک خاڵی هاوبەش و جیاواز لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت.

### ١.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و نـــاو

ئەم دو پۆلە لە زۆر ڕووەوە خاڵی هاوبەش و جیاواز لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، لەڕوی شکانەوەوە ئاوەڵناو پلەدارە و لە باری بەراورد و باڵادا مۆرفیمی /ـتر/ ، /ـترین/ وەردەگرێت، بەڵام ناو لە باری ناسیاری و نەناسیاری و کۆدا مۆرفیمی /ـێک/، /ـەکە/، /ـەکان/ی دەچیتە سەر. بڕاونە (١٣)

١٣ـ ا. ژیر، ژیرتر، ژیرترین، (A)

ب. کچ، کچێک، کچەکە، کچەکان (N)

لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی ڕۆنانی سینتاکسی لە فرێز و ڕستەدا دەگونجێت مۆرفیمەکانی ناسیاری و وشەی نیشانە بچنەسەر ئاوەڵناو و مۆرفیمەکانی بەراورد و باڵاش بچنەسەر ناو، ئەمە کاتێک دەبێت، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بچێتە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریەوە، کە لەم بارەدا دەربڕینی ناوەکە سەرپشکییە و زۆرجار دەرنابڕدرێت.[١٠٥] (بڕوانە (١٤ـا، ب) ناویش کاتێک نیشانەی (تر، ترین) وەردەگرێت، ئەگەر ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوی بێت. شایانی باسە هەر ئەو ناوە دەتوانرێت بەهۆی (زۆر، گەلێک....تاد)ەوە، پلەکەی بەدیاربخرێت. بڕوانە (١٤ـپ، ت )

١٤ـ ا. جوانەکە هات. ب. ئەم جوانە هات.

---

[١٠٥] بۆ زانیاری لەبارەی دەرنەبڕینی ناو، بڕوانە: (١٠.٣)

پ. کوڕێکی پیاوتر هات.      ت. کوڕێکی زۆر پیاوتر هات.

ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ناودا دێت و ئەرکی (بکەر یان بەرکار، ...تاد) دەبینێت، ئەگەر بۆ ناولێنانی مرۆڤ بەکارهاتبێت، پێیاندەگوترێت ناوئاسا/ ئاوەڵناوی ناوی، هەروەکو پێشتر ڕونکرایەوە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوی لە جێکەوتەی ئاوەڵناودا دێت و پەسنکەرە، پێیاندەگوترێ ئاوەڵناوئاسا/ ناوی ئاوەڵناوی. بڕوانە (١٥)

١٥_ ا. شیرین خوێندنی تەواوکردووە. (N)

ب. کوڕێکی پیاوتر هەڵدەبژێرم. (A)

ئاوەڵناو و ناو لە هەمو بارێکدا بواری ئەوەیان بۆ نارەخسێت بەهەمان فۆرمەوە لە جێکەوتەی یەکتر بێن، لەبەرئەوە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی لە ڕێگەی چەند یاسایەکەوە چەند فۆرمێکی نوێی سەر بە پۆلی یەکتریان لێدادەڕێژرێت. "جگە لە واتای نوێ، مۆرفۆلۆژی نیشانەی نوێ بە فۆرمە نزیکەکە دەبەخشێت"[١٠٦] و دەبێتە هۆی ئەوەی لە جێکەوتەی یەکتردا بێن. بڕوانە هێڵ بەژێرداهاتووەکانی (١٧_ ا، ب) لەگەڵ (١٦_ ا، ب) بەراوردیان بکە:

١٦_ ا.*جوان تاسەرنییە      ب.*ئەو هەولێرە

ئەم فۆرمانە ڕێگەیان پێنادەدرێت، تاوەکو لەڕێی یاسای (ئاوەڵناو+ ی) و (ناو+ ی) نەکرێن بە داڕێژراو.

١٧_ ا. جوانی تاسەرنییە. (N)      ب. ئەو هەولێرییە. (A)

جگە لە پرۆسەی داڕشتن، ناو و ئاوەڵناو بەهۆی پرۆسەی لێکدانەوە هاوبەشی لە دروستکردنی فۆرمی سەر بەپۆلی یەکتر دەکەن، ناوەکە فۆرمە نوێیەکەی دەبێتە هەڵگری سیمای ئاوەڵناو و ئاوەڵناوەکەش دەبێتە هەڵگری سیمای ناو، بەهۆی هەبونی ئەم

[١٠٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، ل٢٩٠.

سیمایانەوە فۆرمە لێکدراوەکە لە جێکەوتەی ڕێگەپێدراودا ڕێگەی پێدەدرێت. بڕوانە (١٩_ا، ب) لەگەڵ (١٨_ا، ب) بەراوردی بکە:

١٨_ ا.*کچێکی بەژن هات          ب.*مێرگەم بینیوە

١٩_ ا. کچێکی بەژنچنار هات.          ب. مێرگەسورم بینیوە.

لە فرێزدا ناو و ئاوەڵناو بە مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵی بە دیارخراوەکەی پێشەوەیان دەلکێن. ناوەکە فرێزی خاوەندارێتی و ئاوەڵناوەکەش فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پێکدەهێنێت. (بڕوانە (٢٠_ا،ب))، بەڵام لە ڕستەدا هەر دوکیان دەتوانن ببنە تەواوکەر کرداری (بون) ئەمەش بە خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەم دو کاتیگۆرییە دادەنرێت. براونە (٢٠_پ، ت)

٢٠_ ا. کوڕی مامۆستاکە بەیەکەم دەرچو.          ب. پیاوی ئازا چاونەترسە.

پ. ئەو ئەندازیارە.          ت. ئەو زیرەکـــە.

یەکێک لەو جیاوازییانەی لەنێوان ناو و ئاوەڵناودا بەدیدەکرێت ئەوەیە، هەندێک کرداری وەک (هەڵگەڕان و چونەوە، ...تاد) لە ڕۆنانی کرداری لێکدراودا ئاوەڵناوی ڕەنگیان لەگەڵدا دێت، بەڵام ناویان لەگەڵدا نایەت.[١٠٧] بڕوانە (٢١)

٢١_ ا. منداڵەکە زەردهەڵگەڕا.          ب. *کچەکە ژنهەڵگەڕا

جیاوازییەکی تری نێوان ناو و ئاوەڵناو لەڕوی سیمانتیکەوەیە، ناو تایبەتمەندی ئاماژەیی هەیە و واتای (کەس، شت، شوێن....تاد) دەگەیەنێت، بەڵام ئاوەڵناو تایبەتمەندی ئاماژەیی نییە، هەمیشە پەیوەستە بە شتێکەوە و ناتوانێت لێی جیاببێتەوە، هەروەها ئەو بوارە واتاییانەی، کە ئاوەڵناوەکان پڕیان دەکەنەوە وەک (بەها، بارستایی، تەمەن، ڕەنگ، ...تاد) ناوەکان ناتوانن پڕیانبکەنەوە، تەنیا لە فرێز و ڕستەدا هەندێک لەم بوارانە دەتوانرێت بە ئاوەڵناوئاساکان دەرببڕدرێت.

107 Pirot, Fatima Hassan. Adjective complementation in english and central kurdish- a contrastive study. College of languges: Salahaddin University- Erbil, 2008, PP 56.

### ٢.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار

ئاوەڵنـاو و ئـاوەڵکردار هەرچەنـدە دو پـۆلی جیـاوازن، بەڵام پەیوەنـدی لەنێوانیانـدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوەڵناو لە ڕستەدا لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، هەروەکو ئاماژەی بۆ کرا لە فەرهەنگدا کەمترین فۆرمی بنجی بۆ چەمک و نـاوەڕۆکە ئاوەڵکرداریی‌یەکـان داڕێـژراوە. بـۆیە بەشـێک لە ئاوەڵناوەکـان بە هەمـان فـۆڕمی بنجییەوە بەهـۆی هەبـونی سـیمای چـۆنیەتییەوە لە جـێکەوتەی ئـاوەڵکرداردا دێـن و دەبنە ئاوەڵکردارئاسا.[١٠٨] بڕوانە (٢٢)

٢٢_ ا. بایەکی توند هەڵیکرد. (A)            ب. بایەکە توند هەڵیکرد. (Adv)

ئەم پەیوەنـــدییە لە هەمـــو کاتێکـــدا ناتوانرێـــت بەهـــۆی ئاوەڵنـــاوە بنجییەکـــانەوە دروسـتبکرێت، چـونکە ئاوەڵنـاوەکە بە هەمـان فـۆڕمەوە ڕێـگەی پێنادرێـت، تـاوەکو بەهـۆی یاسـای (ئاوەڵنـاو+ انە) ئـاوەڵکردارێکی داڕێـژراوی (derivated adverb) لێدروسـتنەکرێت. بڕوانە وشە هێڵ بەژێرداهاتوەکانی (٢٤_ ا، ب) لەگەڵ (٢٣_ ا، ب) بەراوردی بکە:

٢٣_ ا. * شڤان ژیر وەڵامدەداتەوە            ب. * ژیار زیرەک لە بابەتەکەی ڕوانی

٢٤_ ا. شڤان ژیرانە وەڵامدەداتەوە.            ب. ژیار زیرەکانە لە بابەتەکەی ڕوانی.

لە هەنـدێک بـاردا لەڕێـی دوبـارەکردنەوە وەک: (ورد ورد، جـوان جـوان، خێـرا خێـرا) سیمای زیاتر بە ئاوەڵناوە چۆنیەتییەکان دەدرێت و بە واتا و نـاوەڕۆکێکی نوێـوە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنیەتی پڕدەکەنەوە.[١٠٩] بڕوانە (٢٥)

٢٥_ ا. نەوزاد ورد ورد دەڕۆیی بەڕێدا.            ب. نەسرین جوان جوان کراسەکەی شوشت.

هەندێک ئاوەڵناو بە هۆی مـۆرفیمی /_ی/ ئەبسـتراکتەوە بە پرۆسـەیەکی مۆرفۆلـۆژی دەکـرێن بە نــاو، ئەم فــۆڕمە نــوێیە دەچێــتە ڕۆنــانی فرێــزی پێشــناوی و لە جــێکەوتەی

[١٠٨] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، ل٢٩٥.

[١٠٩] هەمان سەرچاوە، ل٢٩١-٢٩٢.

ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت. بڕوانە (٢٦)

٢٦. شڤان ئۆتۆمبیلەکە بە خێرایی لێدەخوڕێت.

تێبینی ئەوە دەکرێت هەندێک ئاوەڵکرداری وەک (زو، درەنگ) و ئاوەڵکرداری پلەداری و ناوی ئاوەڵکرداری (پێشو، دوا) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی و لە فریزێکی خستنەپاڵیدا، ڕێگە بۆ ئەوە خۆشبکەن فریزە ئاوەڵکردارییەکە مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا وەربگرێت.[١١٠] بڕوانە (٢٧)

٢٧_ ا. ئازاد (کاتێکی) زوتر/درەنگتر گەیشت. (Adv)

ب. ئازاد زوترین کات گەیشت.

پ. ساڵی پێشوتر گەشتەکەیان کرد.

ت. شەوی دواتر دەتبینم.

**٣.٥.٣.٢ ئاوەڵناو و کردار**

ئاوەڵناو و کردار دو کاتیگۆریی سەربەخۆ و جیاوازن، هەریەکێکیان خاوەنی نیشانەی تایبەتی مۆرفۆلۆژیی خۆیەتی، کردار (کەس، ژمارە، تاف، ڕێژە، نەرێ)ی هەیە، بەڵام ئاوەڵناو ئەمانەی نییە، جگەلەوە هەندێ مۆرفیمی دارشتنی وەک: (دا، ڕا، هەڵ، ڕۆ....) لەگەڵ کرداردا دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ ئاوەڵناو نابینرێت.[١١١]

پەیوەندیی نێوان ئاوەڵناو و کردار زیاتر لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەدیدەکرێت، کە لە ڕۆنانی وشەی سەر بە پۆلی یەکتر هاوبەشیدەکەن، ئەمە جگە لەوەی تێبینیدەکرێت هەندێک

---

[١١٠] محەمەدی مەحوی، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداری و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٤٢، ٢٠١٣، ل٢٦٩.

[١١١] لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە، ئەو مۆرفیمان لەگەڵ ئاوەڵناوە بنجییەکان نابینرێن، بۆ دارشتنی ئاوەڵناوێکی دارێژراو.

کرداری داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) لە فۆڕمی ڕابردودا لە جێکەوتەی ئاوەڵناودا دەربکەون و ببن بە ئاوڵناوئاسا، بڕوانە وشە هێڵ بەژێردا هاتوەکانی (٢٩) لەگەڵ (٢٨)دا بەراوردیان بکە:

٢٨_ ا. ئەستێرەکە درەوشایەوە. (V)

ب. گوڵی باخەکەمان گەشایەوە.

پ. جەستەم حەسایەوە.

٢٩_ ا. دوارۆژێکی درەوشاوەت دەبێت. (A)

ب. گوڵێکی گەشاوەم بەدیاری وەرگرت.

پ. ئەمە لە کەسێکی حەساوە دەچێت.[١١٢]

ت. *ئەمە لە کەسێکی دەحەسێتەوە دەچێت

ئەم هاوبەشیکردنەی کردار لە ڕستەدا وەک ئاوەڵناوئاسا زۆر سنورردارە و هەمو کردارەکان ناتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن. بڕوانە (٣٠)

٣٠_ ا. *ڕاپۆرتێکی نوسی پێشکەشبکەن

ب. *هێلکەی کوڵا دەخوات

پ. *دایکی جگەرسوتا هات

ئەم کردارانە ڕێگەیان پێنادرێت تاوەکو لە مۆڕفۆلۆژیدا، لەڕێی یاسای (ڕەگ+راو) و (قەد+و) نەکرێن بە ئاوەڵناوی کراو کردو[١١٣]. بڕوانە وشە هێڵ بەژێر داهاتوەکان لە (٣١_ ا، ب، پ) لەگەڵ (٣٠_ ا، ب، پ) بەراوردیان بکە.

٣١_ ا. ڕاپۆرتێکی نوسراو پێشکەشبکەن. (A)

[١١٢] عومەر ئەحمەد عەزیز، تیڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل٩٢.

[١١٣] ئەم ئاوەڵناوانە لە ڕێزمانی دێریندا بە ناوی ئاوەڵناوی فرمانی (ئاوەڵناوی بکەر، ئاوەڵناوی کراو) ناوبراون بڕوانە: (ئەمین، ١٩٦٠، ل١٢٦)، بەڵام لە ئێستادا بە (ئاوەڵناوی کراو کردو) ناودەبرێن بڕوانە: (مەحوی، ٢٠١١، ل١٥٤) و (مەحوی، ٢٠١٤، ل١٠٨)

ب. هێلکەی کوڵاو دەخوات.          پ. دایکی جگەرسوتاو هات.

ئاوەڵناوی بە یاسای (ئاوەڵناو+ کردار (بو، کرد)) بەشداریدەکات لە دروستکردنی کرداری لێکدراودا. لەڕستەدا کردارەکە "پەیوەست دەبێت بە بکەر، یان بەرکارەوە،"[114] ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە ڕستەکەدا لاببەین ئەم پەیوەست بونە ڕونادات و ڕستەکە نارێزمانی دەبێت، یان کرۆکی واتای ڕستەکە دەگۆڕێت و لە مەبەستی قسەکەر دوردەکەوێتەوە.[115] بڕوانە وشە هێڵ بەژێرداهاتوەکان لە (٣٣_ا، ب) لەگەڵ (٣٢_ ا، ب) بەراوردیان بکە.

٣٢_ ا. *دەرەختەکە بو          ب. *ڕاز منداڵەکەی کرد

٣٣_ ا. درەختەکە شینبو.[116]          ب. ڕاز منداڵەکەی جوانکرد.     (V)

### ٦.٣.٢ ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو

سەرەکیترین ڕێگەکانی سازکردنی وشە بریتییە لە (دارشتن ، لێکدان)، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دارشتنی فۆرم و واتای نوێ لەپێناوی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە فەرهەنگدا دروستدەبێت، چونکە "هەمو پرۆسەکانی وشە دروستکردن، بەهۆی پێویستی فەرهەنگەوە دێتە ئاراوە"[117] لەم بارەوە ئاوەڵناو بەشێک لە وشەکانی بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژی دروستبون، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی لە بوارە واتاییەکاندا هەیە، پرۆسەکەش بەپێی پەیرەوی مۆرفۆلۆژی دەبێت، کە لە هێڵکاری (٢-٣)دا خراوەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانرێت ڕێگەکانی سازکردنی ئاوەڵناو ڕونبکرێنەوە و ئەو گیرەک و کاتیگۆرییانەش بەدیاربخرێن، کە بەشداری لە دارشتن و لێکدانیدا دەکەن.


---

[114] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، ل١٣٣.

[115] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارودا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣١.

[116] ئاوەڵناوی (شین) لەگەڵ کاری (بو) کارێکی لێکدراوی پێکهێناوە، واتایەکی نوێی هەیە، بۆتە دانەیەکی ناو فەرهەنگ. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: (٢.٤.٦.٣)

[117] نەرمین عومەر ئەحمەد، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٨.




**هێڵکاری ٢-٣ پەیڕەوی مۆرفۆلۆژی ئاوەڵناو**

### ١.٦.٣.٢ ڕێگەی داڕشتن (Derivation)

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی فراوان ئەم ڕێگەیە بەکاردەهێنرێت بۆ داڕشتن و سازکردنی وشەی نوێ، چونکە "هیچ زمانێ ناتوانێ هەمو ئەو بیر و چەمکانەی دەوروبەری خۆی بەهۆی وشەی سادەوە دەرببڕێ"[119] لەم بارەدا مۆرفیمێکی داڕشتن بۆ بنکەیەک زیادەکرێت وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە دادەڕێژێت.[120] ئەم ڕێگەیە لە داڕشتنی ئاوەڵناودا زۆر چالاکە کۆمەڵێک مۆرفیمی داڕشتن (پێشگر Prefix، پاشگر Suffix) لەگەڵ کاتیگۆری (ئاوەڵناو، ناو، کردار)دا ئاوەڵناوێک دادەڕێژن، بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت ژمارەی پاشگرەکان زیاترن لە پێشگرەکان، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مۆرفیم و کاتیگۆرییانەی هاوبەشی لە داڕشتنی ئاوەڵناودا دەکەن، هەوڵدەدرێت لە چەند گروپێکدا بخرێنەڕو:

---

[118] لەم هێڵکاریەدا سود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:
1- Bauer, Laurie. English Word-formation. Press . Cambridge: University, 2004. PP 34.
٢- حاتەم ولیا محمد، مۆرفۆلۆجی، هەولیر، ٢٠١٩، ل٨.

[119] کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، ل٧٢.

[120] Fromkin, Victoria, robert rodman, and nina hyams. An Introduction to Language, PP 44.

## گروپی (١)

کۆمەڵێک پێشگرن، کە ئاوەڵناوەکان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناوێکی داڕێژراو و ناوەکان و کردارەکانیش (بەهۆی ڕەگ)ەوە دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو:

**خشتەی ٢-٣ داڕشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ئاوەڵناو**

| پێشگر | ئاوەڵناو | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| /نە_/ | خۆش | نەخۆش |
| | خوراو[١٢١] | نەخوراو |
| | کەوتو | نەکەوتو |
| /نا_/ | ڕێک | ناڕێک |

**خشتەی ٢-٤ داڕشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ڕەگی کردار**

| پێشگر | ڕەگی کردار | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| /نە_/ | زان | نەزان |
| /بـ_/ | کوژ | بکوژ |

**خشتەی ٢-٥ داڕشتنی ئاوەڵناو لە پێشگر و ناو**

| پێشگر | ناو | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| /نە_/ | یار | نەیار[١٢٢] |
| /نا_/ | پیاو | ناپیاو[١٢٣] |
| /بێ_/ | هێز | بێهێز |
| /بە_/ | جەرگ | بەجەرگ |

[١٢١] (خوراو، کەوتو) ئەو ئاوەڵناوانە لە ڕێی پرۆسەی مۆرفۆلۆژییەوە دروستبوون، بەهۆی پێشگری (نە) واتاکەیان پێچەوانە دەبێتەوە.

[١٢٢] گیرەکی (نە) گیرەکی ڕێزمانییە، لە بنەڕەتدا بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی ڕێزمانییە، بەهەمان چەمکی ڕێزمانی چۆتە ناو فەرهەنگ، چونکە بەشداریکردووە لە ڕۆنانی وشەیەکی نوێ و بۆتە بەشێکی پێکهێنەری وشەکە و چۆتە ناو پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکەوە. بەمەش گیرەکەکە لە پۆلی ڕێزمانییەوە پەڕیوەتەوە بۆ پۆلی فەرهەنگی. (شیروان حسین حمد، پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ: بەربەندا: ٦، ژمارە: ١، بەرگێ: ١، ٢٠١٨، ل١٨)

[١٢٣] گیرەکی (نا) گیرەکی ڕێزمانییە، لە بنەڕەتدا بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی ڕێزمانییە، بەڵام لە ڕۆنانی ئاوەڵناوە داڕێژراوەکەدا واتای (پێچەوانە) دەگەیەنێت.

## گروپی (٣)

کۆمەڵێک پاشگرن ناوەکان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو:

**خشتەی ٢-٦ دارِشتنی ئاوەڵناو لە ناو و پاشگر**

| ناو | پاشگر | ئاوەڵناوی دارِێژراو |
|---|---|---|
| زستان | /ـە/ | زستانە |
| ژن | /ـانە/ | ژنانە |
| کورد | /ـی/ | کوردی |
| کوڕ | /ـانی/ | کوڕانی |
| چڵک | /ـن/ | چڵکن[١٢٤] |
| تاوان | /ـبار/ | تاوانبار |
| بەخت | /ـیار/ | بەختیار |
| سود | /ـمەند/ | سودمەند |
| ناز | /ـدار/ | نازدار |
| گرفت | /ـار/ | گرفتار |
| خەم | /ـناک/ | خەمناک |
| دەشت | /ـەکی/ | دەشتەکی |
| ئارد | /ـاوی/ | ئارداوی |
| درۆ | /ـزن/ | درۆزن |
| خەم | /ـگین/ | خەمگین |
| فێڵ | /ـباز/ | فێڵباز |
| شەرم | /ـۆک/ | شەرمۆک |
| پۆڵا | /ـین/ | پۆڵاین |
| بەرد | /ـەڵان/ | بەردەڵان |
| کۆڵ | /ـەوار/ | کۆڵەوار |
| سەر | /ـەکی/ | سەرەکی |

[١٢٤] ئەم پاشگرە ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕواڵەت دادەڕێژێ "واتای ڕواڵەت و ئاکاری ناپەسەند لە مرۆڤدا دەگەیەنێت" (نەرمین عومەر ئەحمەد، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا، ل٢٩)

## گروپی (٤)

کۆمەڵێک پاشگرن کردار بەهۆی (ڕەگ/ قەد) [١٢٥]ەوە دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو:

**خشتەی ٢-٧ دارِشتنی ئاوەڵناو لە ڕەگ/ قەدی کردار و پاشگر**

| ڕەگ/قەد | پاشگر | ئاوەڵناوی دارِێژراو |
|---|---|---|
| زان | /_ا/ | زانا |
| گەڕ | /_ۆک/ | گەڕۆک |
| نوس | /_ەک/ | نوسەک |
| هەڵبڕ | /_او/ | هەڵبڕاو |
| ڕاهێن | /_راو/ | ڕاهێنراو |
| سوتا | /_و/ | سوتاو |
| دی | /_ار/ | دیار |
| ترس | /_نۆک/ | ترسنۆک |

### ٢.٦.٣.٢ ڕێگەی لێکدان (Compound)

لێکدان ڕێگەیەکی زۆرباوە، لە زۆربەی زمانەکاندا پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبردرێت بۆ فراوانکردنی وشەکانی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوە و بەرجەستەکردنی ئەم بیر و چەمکانەی بە وشەی سادە و دارِێژراو دەرنابڕدرێن، بۆ ئەم مەبەستەش وشەیەکی لێکدراو بەرهەمدەهێنرێت، کە " لە سادەترین شێوەیدا لە دو بنجی فەرهەنگی (Base Lexeme)

[١٢٥] ئەو گیرەکانە لەگەڵ کرداردا ئاوەڵناو بەرهەمدەهێنن، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- ئەم گیرەکانە سیمای [+ پەسن] بە وشە دارِژاوەکە دەبەخشن چونکە "سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەت بە دەرخراوەکەی دەبەخشێت" (شیروان حسین حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٢٤) لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا دەکەونە دوای (ی) خستنەپاڵیەوە.

نانی سوتاوی پێفرۆشتبو.

٢- بەشێکیان مۆرفیمەکانی بەراورد وبالا (تر، ترین) وەردەگرن

شوانە لە نەوزاد زاناتر/گەڕۆکتر/ترسنۆکترە.

شوانە زاناترین/ گەڕۆکترین/ ترسنۆکترین کەسە.

٣- زۆربەیان واتای تایبەتمەندی کەسی، یان شت دەگەیەنن.

پێکدێت، کە بەیەکەوە بەستراون"[١٢٦] ئەم وشانەش دو لە ئەندامەکانی پۆلی کراوەن (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ژمارە، ئاوەڵکردار) بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنەوە یان بەبێ مۆرفیمی بەستنەوە وشەی لێکدراو بەرهەمدەهێنن. ئەم پرۆسەیە لە ئاوەڵناودا بەپێی کاتیگۆریی کەرتەکانی ئاوەڵناوە لێکدراوەکە و بەشداریکردن و بەشدارینەکردنی مۆرفیمی بەستنەوە، دابەشدەبن بە سەر دو گروپدا:

## گروپی (١)

کاتیگۆرییەکانی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ژمارە، ڕادە) بەبێ مۆرفیمی بەستنەوە بەشداریدەکەن لە دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراودا:

**خشتەی ٢-٨ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو بەبێ مۆرفیمی بەستنەوە.**

| کاتیگۆریی وشە | یاساکەی | ئاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|
| ناو | ناو+ ناو | گەردنبلور |
| ئاوەڵناو | ئاوەڵناو+ئاوەڵناو | ڕەشئەسمەر |
| | ناو+ ئاوەڵناو | ڕوگرژ |
| | ئاوەڵناو+ ناو | خۆشباوەڕ |
| ژمارە | ژمارە+ ناو | دودڵ |
| کردار (ڕەگ/قەد) | ناو + ڕەگ | پیاوکوژ |
| | ناو+ ڕەگ /ـەر/ | قەرزخۆر |
| | ناو + ڕەگ /ـاو/ | جەرگبڕاو |
| | ناو + قەد /ـو/ | دەستڕۆیشتو |
| | ئاوەڵناو + ڕەگ | گەشبین |
| | ئاوەڵناو + ڕەگ /ـەر/ | پیسخۆر |
| | ئاوەڵناو + ڕەگ /ـاو/ | ڕەشهەڵگەڕاو |
| | ڕادە + ڕەگ | زۆرزان |
| | ڕادە+ /ـب/ ڕەگ | زۆربڵێ |

[126] Haspelmath, Martin. and Andrea D.Sims. Understanding Morphology, 2nd edition. London: Hodder Education, 2010, PP 137.

## گروپی (٢)

کاتیگۆریی (ناو، کردار، ئاوەڵناو) بەهۆی مۆرفیمی بەستنەوە بەشداریدەکەن لە دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدرودا:

**خشتەی ٢-٩ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو بەهۆی مۆرفیمی بەستنەوە.**

| کاتیگۆریی وشە | یاساکەی | ئاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|
| ناو | ناو+ /بە/+ ناو | قوڕبەسەر |
| | /ە/ | شێرەکوڕ |
| | /و/ | کەروگا |
| | /ەو/ | دەستەوئەژنۆ |
| | /او/ | ڕەنگاوڕەنگ |
| | /لە/ | چاولەدەر |
| | /بە/ | چاوبەگریان |
| ئاوەڵناو | ئاوەڵناو+ /و/+ئاوەڵناو | سوروسپی |
| | /او/ | گەرماوگەرم |
| | ئاوەڵناو+/ە/+ناو | کورتەباڵا |
| | ئاوەڵناو+/و/+بیۆاتا | ڕێکوپێک |
| کردار (ڕەگ) | ئاوەڵناو+/ە/+ڕەگ | کۆنەفرۆش |

## ٣. سینتاکسی ئاوەڵناو

### ١.٣ سەرەتا:

تا ئێستا کۆمەڵێک بابەتی مۆرفۆلۆژی و گشتی لەبارەی ئاوەڵناوەوە تاوتوێکراوە، لەم بەشەدا بەپێی بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە فرێز و ڕستەدا باسی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی دەکرێت، چونکە سینتاکسی ئاوەڵناو پەیوەستە بە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی و ئەو ڕۆنانە سینتاکسیانەی ئاوەڵناو بەشدارییان تێدادەکات. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی لقە تیۆری ئێکس_بار لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بابەتەکە دەخرێتەڕو، چونکە لە توێژینەوەکانی پێشتردا بەشێوەیەکی گشتی لە سینتاکسی ئاوەڵناو دواون، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سنوردار لە چوارچێوەی تیۆر و ڕێبازە زمانەوانییەکان باسی ئاوەڵناو کراوە، هەر لەم بەشەدا بەپێی لقە تیۆری دۆخی ڕێزمانی ئاماژە بە سەرە دۆخدەرەکان دەکرێت و لەمبارەوە بەتایبەتی تیشک دەخرێتەسەر ئاوەڵناو، دواتریش لە تەوەرەیەکی سەربەخۆدا باسی پەیوەندیی ئاوەڵناو بە (pro)ی بچوک و ئەو ڕێگەپێدانە سینتاکس و سیمانتیکییە دەکرێت، کە دەبنە یارمەتیدەر بۆ دەرنەبڕینی فرێزی ناوی لەو فرێزە دیارخەرییەی، کە تێیدا ئاوەڵناوێک پەسنکەری فرێزە ناوییەکەیە، ئەو بۆچونەش ڕەتدەکرێتەوە، کە جێی ناوە دەرنەبڕدراوەکە بە (pro)ی بچوک دادەنێت.


### ٢.٣ تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە (GB)

تیۆری حکومکردن و بەستنەوە (GB_ Government and Binding Theory) مۆدێلێکی شیکردنەوەی ڕێزمانە، کە بەپێی ئەم تیۆرە بەشێکی گەورەی ڕێزمان لە هەمو زمانێکدا هاوبەشە، هەر بۆیەش تیۆری (GB) بەشێکە لە ڕێزمانی سەراپا (نێو جیهانی_ Universal Grammar)،[١] کە بۆ دو پێکهاتەی سەرەکی دابەشدەبێت: ئاستەکانی نواندن

---

[١] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل١٥.

لەگەڵ سیستێمی سنوردارکردن (System of constraint).[٢] بەپێی ئەم تیۆرە مۆدێلی هەر داڕێژراوێک لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت، کە لە هێڵکاری (٣-١) دا خراوەتە ڕو:[٣]




**هێڵکاری ٣-١ ئاستەکانی نواندنی ڕێزمانی گشتی**

هێڵکاری (٣-١) ئاستەکانی نواندنی ڕێزمانی گشتی نیشاندەدات، کە لەگەڵ یەکتر هاریکارن، گەرچی هەر ئاستێک بوارێکی سەربەخۆی زمانە، بەڵام دەبێتە تەواوکەر بۆ بواری دوای خۆی، واتا دەرهاویشتەی بوارێک دەبێتە ناوەڕۆکی بوارێکی تر، بەمەش تێڕوانینی چۆمسکی بۆ ڕێزمانی گشتی ئەوەیە، کە هەڵقوڵاوی تێکەڵبونی ئاستە پێکهێنەرە جیاوازەکانی زمانەکانن[٤] لە خوارەوە بەکورتی لێیاندەدوێین:

[٢] تارا موحسین قادر، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل١٦.

[3] Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax. Lecture notes on: linguistics, 1998, P2.

[٤] ئەبوبەکر عومەر قادر، شرۆڤەکردنی رستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی: بەرگی ٣، ژمارە: ٤، ٢٠١٧، ل١٢٩.

١- فەرهەنگ (Lexicon): بریتییە لە لیستکردنی خاسیەتی جیاکاری (idiosyncratic) ئایتمە فەرهەنگییەکان، کە یەکە ئەتۆمییەکانی سینتاکس دروستدەکەن،[5] ئەم خاسیەتانە لە ئایتمە فەرهەنگییەکاندا بەهۆی لقکردنی کاتیگۆریانەوە ( Sub categorization) نەخشەی ڕۆنانی ژێرەوە دەکێشرێت.

٢- ڕۆنانی ژێرەوە (D-Structure): بریتییە لە نواندنی ڕێزمانی ئەبستراکتی ڕستە[6] ناتوانرێت بدرکێنرێت، تا بۆ ڕۆنانی سەرەوە نەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوە وا دادەنرێت، کە لە بیری قسەکەرانی زماندایە، لەم ئاستەدا جێکەوتەکان بە دانە فەرهەنگییەکان پڕدەکرێنەوە[7] و ڕۆڵە بابەتییەکان بە گۆکردنە ڕێزمانییەکان دەبەخشرێت و دەبێت ئەم گۆکردنە ڕێزمانییانە ، بە تەواوی بێکەموکوڕی هەبن.[8]

٣- α بجوڵێنە: یاسایەکە پەیوەندیی بە جوڵە و جێگۆڕکێی کەرەستەکانەوە هەیە، کە جوڵەی هەر پێکهاتەیەک لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر لە خۆدەگرێت.[9]

٤- ڕۆنانی سەرەوە (S-Structure): شێوەی دەرەوە و بەرچاوی ڕستە نیشاندەدات،[10] کە بەرهەم و لێکەوتەی یاسا گشتییەکەی ئەلفا بجوڵێنەیە و لەڕێیەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە داڕێژراوە و وەرگیراوە[11] ئەم ئاستە بوارێکە بۆ جێبەجێکردنی پێوەندییە سینتاکسییەکان لە نێوان کردار و ئارگومێنتەکانیدا، واتە دیاردەی ڕێککەوتنە سینتاکسییەکان دیاریدەکات و ڕوندەکاتەوە. ئەم ڕۆنانە دوای پیادەکردنی یاساکانی

[5] Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, P2.

[6] Crystal, David. A doctionary of Linguistics and Phonetics, PP131.

[7] ئازاد ئەحمەد حسەین، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣.

[8] محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی: سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥٢.

[9] ئەبوبەکر عومەر قادر، شرۆڤەکردنی رستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا، ل١٣٠.

[10] محەمەد ڕەزا باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، ل٩٣.

[11] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، زانکۆی: سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٩.

گواستنەوە بەسەر ڕۆنانی ژێرەوەدا بەرهەمدێت، کە تیایدا کردار دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکانی دەدات.[12]

٥- فۆرمی فۆنۆلۆجی (PF): ئەو ئاستەیە، کە سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ فۆنۆلۆجیدا هەیە، و لەوێدا شێوەکان، دەنگەکان، بەگروپکردنی ئایتمەکان ڕاستەوخۆ دەنوێنرێت.

٦- فۆرمی لۆژیکی (LF): ئەو ئاستەیە، کە سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ واتاسازیدا هەیە، پەیوەندییەکانی کرداربەندی (گوزارەییەکان) و مەودای چەندێتییەکان و ئۆپەراتۆرەکانی جۆرە جیاوازەکان بەڕونی لە یاساکانی ڕۆنانی فرێز لەو ئاستەدا دەنوێنرێت.[13]

### ٣.٣ لقە تیۆرییەکانی (GB)[14]

تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە لە چەند لقە تیۆرێک پێکدێت، کە ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١- تیۆری ئێکس_بار | X-bar Theor |
| ٢- تیۆری حوکمکردن | Government Theory |
| ٣- تیۆری دۆخی ڕێزمانی | Case Theory |
| ٤- تیۆری سێتا | Theta Theory |
| ٥- تیۆری کۆنترۆڵ | Control Theory |
| ٦- تیۆری بەستنەوە | Binding Theory |
| ٧- تیۆری بەندێتی | Bounding Theory |

### ٤.٣ تیۆری ئێکس_بار (X-bar)

تیۆری ئێکس_بار مۆدێلێکی ڕێزمانییە، کە "یەک ڕێسای هاوبەش لە نێوان


[12] ئازاد ئەحمەد حسەین، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، ل٤.
[13] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل١٥.
[14] Crystal, David. A doctionary of Linguistics and Phonetics, PP 215.

کاتیگۆرییە جیاوازەکانی فریزدا دەستنیشاندەکات"[١٥] ئەم ڕێسایەش بۆ ڕۆنانی فریزەکان لە زمانی کوردیدا بەمشێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

١) أ. XP / X" ⟵ X' , spec

ب. X' ⟵ $X^{\circ}$ , comp

ڕێساکە بە شێوەی هێڵکاریی درەختی لە (٣-٢) دا نوێنراوە:




**هێڵکاریی دەرختی ٣-٢ ڕێسای ڕۆنانی فریز لە زمانی کوردیدا**

هەر وەکو لە ڕێسای (١) و هێڵکاری (٣-٢)دا دەردەکەوێت، تیۆری ئێکس_بار داوای ئەوە دەکات، کە ڕۆنانی هەمو جۆرە فریزێک پێویستی بە ڕۆنانی دو ئاستی ناوەکی هەیە، وایدادەنێت، کە هەمو فریزێک لە هەمو زمانێکدا لە هەمان یەکەی ڕۆنانی بنەڕەتیدا بەشدارن، لە هەردو ئاستی فریزەکەدا، ئاستێکیان (X")ە، پێکدێت لە سپێک و سەرەیەک، ئاستەکەی تر (X')ە و پێکدێت لە تەواوکەر و سەرەیەک،[١٦] واتە کردە سینتاکسییە بەدوایەکداهاتووەکان بەهۆی یەکگرتنی دوپەلکیانەی سەرە و تەواوکەر جێبەجێدەبن.[١٧] سەرەش (Head) لەهەمو فریزێکدا بە ($X^{\circ}$) دەنوێنرێت، (X) بنجە بۆ کاتیگۆرییە فەرهەنگی و ئەرکییەکان، کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەک (ناوN، کردارV، ئاوەڵناوA، پێشناوP) دەبنە سەرەی ( PP, AP, VP,

[15] Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, P5.

[١٦] تارا موحسین قادر، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خوارو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٨.

[١٧] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٦.

NP) کـــاتیگۆرییە ئەرکییەکـــانی وەک (دیـــارخەر Det، تـــاف T، کەس AGR، لێکـــدەر Complemtizer)یـش دەبـنە سـەرەی (CP, AGRP, TP, DP) هەر لەبەر ئەمەشـە، کە فرێزەکان بەناوی ئەوانەوە ناودەبرێن "چونکە هەر فرێزێک لەژێر دەسـەڵاتە تایبەتییەکانی سـەرە دایە"[18] پەیوەسـت بە شـوێنی سـەرە لە بەرانـبەر شـوێنی تەواوکەر، زمانەکـان بـۆ (سەرە_سـەرەتا، سـەرە_کۆتا) پۆلێنـدەکرێن،[19] لە ڕیزبـونی پـارامێتەری زمانەکانـدا گەلێـک شێوەی ڕیزبونی جیاوازی وەک ( SOV, SVO, OSV, VOS) بەدیدەکرێت، کە کاریگەریی لەسـەر جیاکاری پارامێتەر لە فرێزەکاندا هەیە. " ئەو زمانانەی، کە لە سینتاکسدا پەیڕەوی ڕێسای SOV دەکەن لە ڕۆنانی ڕستە و فرێزەکاندا لە ڕێسای جێکەوتەی سەرەدا پەیڕەوی سەرە_ کۆتا (head-last) دەکەن"[20] بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: لەبەر ئەوەی زمانی کوردی پەیڕەوی ڕێسای (SOV) دەکات، لە ڕۆنانی فرێزەکاندا سەرە لای چەپ دەگرێت، یەکێکە لەو زمانانەی پەیڕەوی ڕێسای (سەرە_کۆتا) دەکات، بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت، لە ڕۆنانی هەندێک فرێزدا پێشێلی ئەم ڕێسایە دەکرێت.[21]

### ٥.٣ ڕۆنـــانی فـــرێزەکان

ڕۆنـــانی فرێزەکـــان لە هەر ئاســـتێکدا بـــن، پرۆژەیەکـــی فەرهەنگیـــین، بەپێـــی ئەو زانیارییانەی، کە لە ناو یەکە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون ڕۆدەنرێن،[22] لەبەر ئەوە بە پێویست دەزانرێت توانا و ویستی توخمە فەرهەنگییەکان بۆ ڕۆنانی فرێزەکان، بەپێی ڕێسای پرۆژەسـازدان (Projection Principle) و ڕۆنـانی ڕسـتە بەپێـی ڕێسـای پرۆژەسـازدانی

---

[18] سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا .هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩، ل٣٧.

[19] Radford, Andrew. English Syntax: An Introduction. Cambridge University Press: Cambridge, 2004, PP10.

[20] Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, P15.

[21] بۆ زانیاری لەمبارەوە بڕوانە تەوەرەکانی داهاتو.

[22] ئاوات سالّح قادر، ڕیککەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکولّی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٨.

فراوانكراو (Projection principle Extended) و نواندنە سینتاكسییەكانیان، كە نیشاندانی دیوی دەرەوەی زانیارییە سینتاكسییەكانە بخرێتەڕو، چونكە فرێزی ئاوەڵناوی دەچێتە ڕۆنانی بەشێك لەمجۆرە فرێزانە.

### ١.٥.٣ فـــرێزی نـــاوی (NP)

ئەو جۆرە فرێزەیە، كە سەرە ڕێزمانییەكەی لە سادەترین شێوەدا ناوێكی تایبەتی یان جێناوێكی سەربەخۆیە، واتە ڕۆنانی فرێزی ناوی لە ($N^{\circ}$) دەستپێدەكات، كە لە جێكەوتەی فرێزی ناویدا دەردەكەوێت و هەمان ئەركی فرێزی ناوی هەیە، بەڵام ناوی (گشتی، كۆنكرێت، ئەبستراكت) بەهۆی (هێز)ەوە دەركەوتنیان لە هەمان جێكەوتەدا ئەو ئەركەیان دەداتێ.[٢٣] بڕوانە فرێزە هێڵ بەژێرداهاتووەكان لە (١)دا

١_ ا. ئاسۆ چو بۆ بازاڕ.                    ب. ئەو چو بۆ بازاڕ.

پ. پڵنگ ئاژەڵێكی گۆشتخۆرە          ت. هێز لە یەكێتی دایە.

فرێزی ناوی لە سەرە و تەواوكەریش پێكدێت، بەڵام ئەو ناوەی دەبێتە سەرەی ڕێزمانی ئەم فرێزە " ناوی تایبەتی كەس و شوێن و جێناوە سەربەخۆكانن"[٢٤] پەیڕەوی ڕێسای سەرە_كۆتا دەكەن، بڕوانە فرێزەكانی (٢) و هێڵكاری (٣-٣)


٢_ ا. كوڕی ئاسۆ

ب. قاسپەی كەو

پ. شاری هەولێر

[٢٣] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی كوردیدا، سلێمانی: بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، ٢٠١٠، ل١٥.

[٢٤] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێكۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاكسی كوردی، سلێمانی: چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠، ل١١.




**هێڵکاریی درەختی ٣-٣ ڕۆنانی فرێزی (٢_ا)**

لە نمونەکانی (٢)دا فرێزەکان لە تەواوکەر و سەرە پێکهاتون، سەرە بەیارمەتی مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵی لە چەپەوە بۆ ڕاست حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی خستنەپاڵی پێدەدات، بۆیە لە(٢_ا)دا فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری ڕوتە، لە (٢_ب)دا فرێزی خاوەنداری خستنەپاڵی زگماکییە، لە (٢_پ) دا فرێزی خستنەپاڵی تایبەتە،[٢٥] بەڵام فرێزە هێڵ بەژێر داهاتووەکانی (١) لەڕوی ڕۆنانەوە لەیەک ناو پێکهاتون، جێکەوتە و هێز بۆتە هۆی ئەوەی، لە ڕستەدا بە تەنیا دەربکەون.

### ٢.٥.٣ فــــرێزی دیـــارخـــەری (DP)

ئەو فرێزەیە، کە سەرە ڕێزمانیەکەی دیارخەرێکە (Determiner) فرێزێکی ناویش دەبێتە تەواوکەری، کە پرۆژەی ناوێکی گشتی بێت.[٢٦] دیارخەرەکانیش بریتین لە (ەکە، یَک، ەکان) وشەی نیشانە (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە)،[٢٧] کە بەپێی ڕێسای سەرە، (ەکە، یَک، ەکان) سەرە_کۆتان، چونکە جێکەوتەی کۆتای فرێزەکە دەگرن، بەڵام وشە نیشانەکان لەبەر ئەوەی جێکەوتەی سەرەتای فرێزەکە دەگرن پەیڕەوی ڕێسای سەرە_سەرەتا دەکەن. پێویستە ئاماژەی بۆ ئەوەش بکەین مۆرفیمی (ان)ی کۆ، زۆربەی کات بەکارهێنانی بەستراوەتەوە بە (ەکە)ەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیارخەرەکە لە فۆڕمی (ەکان)یش دەربکەوێت، ئەمە

---

[٢٥] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٤٢-٥٤.


[26] Abney, Steven Paul. The English Noun Phrase In Its Sentential Aspect, PP 47-48.

[27] fnch, Geoffry. Key Concepts In Language And Linguistics, 2 Nd Ed. palgrave: macmillan, 2005, PP86.

ئەوە ناگەیەنێت فرێزەکە دو سەرەی هەبێت، بەڵکو (ەکە) دەبێتە سەرەی فرێزەکە، چونکە (ا) هەر فرێزێک یەک سەرەی هەیە. (ب) مۆرفیمی (ان) دیارخەر نییە، تەنیا بۆ نیشاندانی کۆیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زمانی کوردیدا دەگونجێت تەواوکەری سەرە دیارخەرەکە لە چەشنی جیاوازبن. بڕوانە نمونەکانی (٣)، هێڵکاری (٣-٤).

٣_ ا. پیاوەکە، کچێک، کوڕەکان، ئەو کوڕە

ب. کوڕە زیرەکەکە، ئەو کچە زیرەکانە[٢٨]




**هێڵکاریی درەختی ٣-٤ ڕۆنانی فرێزی (کوڕەکان)**

### ٣.٥.٣ فـــرێزی ئاوەڵناوی (AP)

لەبەرئەوەی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی کرۆک و ناوەڕۆکی ئەم بەشەیە، بۆیە لە تەوەرەیەکی سەربەخۆدا بەوردی دەخرێتەڕو.[٢٩]

### ٤.٥.٣ فـــرێـزی پێشـــــناوی (PP)

ئەو فرێزەیە، لە پێشناوێک و فرێزێکی ناوی پێکدێت، لە چوارچێوەی بەشەکردار، یان فرێزی ئاوەڵناویدایە.[٣٠] پێشناوەکان بریتین لە (ا) پێشناوە سینتاکسییەکانی (لە، بۆ، بە، تا، ە، وەک) و (ب) پێشگری (پێ، تێ، لێ) لە بنەڕەتدا کردارێکی داڕێژراو دادەڕێژن، بەڵام لە

[٢٨] بۆ زانیاری لەبارەی ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزە بڕوانە: (٢.٦.٣)

[٢٩] بڕوانە: (٦.٣)


[٣٠] بۆ زانیاری لە بارەی فرێزی پێشناوی لە فرێزی ئاوەڵناویدا بڕوانە: (٢.٨.٣)

سینتاکسـدا فۆڕمەکەیـان دەشـکێتەوە بـۆ (لە، بە) و دەبـنە سـەرەی ڕێزمـانی " فرێـزە پێشناوییەکە دەبێتە بەشێکی بنجی لە فرێزە کردارییەکە"[31] لە هەردو بارەکەشدا پێشناوەکە دەبێتە "سەرەیەکی حوکمکەر و لە حوکمکردنیشدا پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی تر دەوەستێت و سەرەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات "[32] و سەرە_سەرەتایە، لەبەرئەوەی هەمیشە سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ دەدەن بە تەواوکەرێکی سینتاکسی بۆیە دەگونجێ (A' ، D' ، N') ببێتە تەواوکەر بۆ پێشناوەکە. بڕوانە (٤) و هێڵکاری (٣-٥)

٤_ ا. لە کتێبخانە، لە بازاڕ

ب. لە چاپخانەکە، بۆ شارەکە

پ. لە کوڕێکی وریا، بۆ شارێکی خۆش




**هێڵکاریی درەختی ٣-٥ فرێزی پێشناوی (٤_ا،ب،پ)**


### ٥.٥.٣ فـرێـزی کـرداری (VP)

ئەو فرێـزەیە، کە ڕەگـی کـردار سـەرە ڕێزمـانیەکەیەتی، چـونکە ڕەگـی کـردار پڕۆژەسازدەری فرێزی کردارییە، زانیاری سینتاکسی و واتایی تێدایە و بە هۆی ڕەگەوە

[31] طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل٢٢.
[32] عومەر ئەحمەد عەبدولرەحمان، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل٨٩.
[33] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٦.

کاتیگۆرییەکـانی فرێـزی کـرداری دیاریـدەکرێن،[٣٤] بەڵام ڕەگـی کـردار تەنیـا پـڕۆژەیەک دروسـتدەکات و دەسـەڵاتی بەسـەر یەک تەواوکەردا هەیە و پێکەوە (V')کە دروسـتدەکەن.[٣٥] بکەریـش بەپێـی گریمـانەی بـکەری نـاوەکی (Internal Subject Hypothesis) لە هەمـو زمانێکدا لە (Spec)ی (VP)دایە.[٣٦] بەمەش ڕۆنانی فرێزی کرداری تێردەبێت. بـڕوانە ڕۆنـانی فرێزی کرداری ڕستەی (٥) لە هێڵکاری (٣-٦)دا.

٥. شڤان کتێبەکەی خوێندەوە.




**هێڵکاریی درەختی ٣-٦ فرێزی کرداری ڕستەی (٥)**

### ٦.٥.٣ فـرێـزی تاف (TP)

ئەو فرێزەیە، لە تاف (Tense) و فرێزی کرداری پێکدێت، تـاف لە زمـانی کوردیـدا بە دو شـێوەیە (ا) یـان بەشـێوەی (د، و، ا، ت، ی)ە، کە مـۆرفیمی تـافی ڕابـردون. (ب) یـان لە ڕانەبردودا لە ڕێگەی نیشانەی (مارکە)ی تافی (دە، نـا، بـ ، نە) دەنوێنرێت.[٣٧] ئەمـانەش دەبنە

---


[٣٤] ئارام ڕەشید مەجید، دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کردارییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل٨١.

[٣٥] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: ژمارە: ٣٨، ٢٠١٣، ل٧٦.

[36] Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, PP57.

[٣٧] ئاوات ساڵح قادر، ڕێککەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، ل٤٠.

دروســتکەری ســەرەی ڕێزمــانی فرێــزی تــاف،[٣٨] واتە فرێــزی تــاف پــڕۆژەی ($T^{\circ}$)ە، کە سەرەیەکی ڕێزمانی ئەرکییە و تەنیا دەتوانێت حوکمی فرێزی کرداری بکات، بەڵام دۆخی ناداتێ، چونکە بەپێی بنەماکانی تیۆری ئێکس_بار وەک سەرەی دۆخدەر دیاری نەکراوە.[٣٩] بەپێــی ئەوەی، کە بکەریــش دەتوانێــت لە شــوێنێکی خــوارەوە بجوڵێــت بــۆ ســەروتر، بەرزدەکرێتەوە بۆ (Spec) فرێزی تاف[٤٠] بڕاونە ڕۆنانی فرێزی تافی ڕستەی (٥) لە هێڵکاری (٧-٣)




**هێڵکاریی درەختی ٣-٧ فرێزی تافی ڕستەی (٥)**

### ٧.٥.٣ فـــرێـزی ڕێککـــــەوتن (AGRP)

ئەو فرێـزەیە، لە نیشـانەی ڕێککەوتـن و فرێـزی تـاف پێکدێت، بە ڕۆنـانی ئەم فرێـزە پــڕۆژە ســـازدانی فراوانکــراو تەواوبێــت، (TP)یەکە، لەنـــاو (AGRP)ێکــدا، دەشــکێتەوە (ا) نیشانەیەکی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بکەرەکەی لەگەڵدا گەردانەدەکرێت (ب) بکەر لە


---

[٣٨] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ: زانکۆی بغداد، ژمارە: ١٨٦، ٢٠١١، ل٤١٣.

[٣٩] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل١٤٥.

[40] Radford, Andrew. English Syntax: An Introduction, PP153.

(Spec)ی (TP)ەوە دەجولێــت بــۆ (Spec)ی (AGRP)ی بــۆ وەرگرتنــی دۆخ[٤١] ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، تافەکە چالاک ببێت و لە ڕێگەی فرێزی ڕێککەوتنەوە دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤ (Nominative Case) بە جێکەوتەیەکی دەرەکی بدرێت.[٤٢] واتە ڕێککەوتن لەڕێی ئەو نیشـانانەوە بەجێدەهێنرێت، کە پەیکـاڵ و هاونیشـانەن لەگەڵ بـکەرەکەدا. ئەو نیشـانانە، لەبەرئەوەی ڕێگەدانــی سینتاکســی بــۆ (TP)یەکە دەســتەبەردەکەن، بــۆیە دەبــنە ســەرەی ڕێزمـانی پـڕۆژەی ڕسـتەی زمـانی کـوردی،[٤٣] پەیـڕەوی ڕێسـای سـەرە_کۆتا دەکەن. بـڕوانە هێڵکاری (٣-٨)




**هێڵکاریی درەختی ٣-٨ فرێزی ڕێککەوتنی ڕستەی (٥)**

### ٨.٥.٣ فــرێزی تــــەواوکـەری (CP)

ئەو فرێـــزیە، کە ئـــامرازی گەیەنەری (کە/ ئەگەر) دەبێـــتە ســـەرەی لاڕســـتەیەکی

---


[٤١] تارا موحسین قادر، زمانی کوردی و مینیماڵ پڕۆگرام، ل١١٥.

[42] Comsky, Noam. Lectures Government and Binding the pisa Lectures, 7th ed. Berlin, New York: Mouton, The Hague, 1993, PP 170.

[٤٣] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمەگۆڕاوەکان، ل٧٦.

تەواوکەری، بەپێی تیۆری ئێکس_باریش، لاڕستە تەواوکەرەکە دەبێتە فرێزێکی ئامرازە گەیەنەرەکە، بەکارهێنانی هەر یەکێک لەو دو ئامرازە بەپێی چەشنەکانی کردارەکەی دەبێت، بڕوانە ڕستەی (٦_ا) ئامرازی گەیەنەری (کە) بۆ ڕستەی ئاسایی و هەواڵی تەرخانکراوە، بەلآم لە ڕستەی (٦_ب) ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر) بۆ ڕستەی مەرجی تەرخانکراوە.[٤٤] هەروەها بڕوانە هێلکاری (٣-٩)

٦_ ا. کە ئێمە هاتین، ئەوان ڕۆیشتن.          ب. ئێمە دەڕۆین، ئەگەر ئەوان بێن.




**هێلکاریی درەختی ٣-٩ فرێزی تەواوکەری ڕستەی (٦_ا)**

### ٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی (AP)

ئاوەڵناو، پڕۆژەسازدەری فرێزی ئاوەڵناوییە، لە فەرهەنگدا زانیاری سینتاکسی و سیمانتیکی بەشێوەیەکی ئەبستراکت تێیدا هەڵگیراوە، ئەم زانیارییە ناوەکیانە لە سینتاکسدا لەڕێگەی پەسنکردنی تایبەتییەکانی (ناو)ەوە دەردەکەون و دەناسرێنەوە، دەرهێنان و بەرجەستەکردنی ئەو زانیارییانەش بەهۆی ناوێکەوە - یان کاتیگۆرییەکی سینتاکسییەوە-

[٤٤] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل٨٧.

دەبێت، کە ئاوەڵناوەکە وەک تەواوکەرێک بۆ خۆی دیاریدەکات[٤٥] چونکە وەک سەرەیەکی ڕێزمانی و کاتیگۆرییەکی حوکمکەر، لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵی پێدەبەخشێت،[٤٦] واتە ئاوەڵناو لە سینتاکسدا توانای هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکەی هەیە بەمشێوەیە: (لە فرێزی خستنەپاڵی و پلەی باڵادا (NP)یەک وەک تەواوکەر دیاریدەکەن. لە بەشەکرداردا، گروپێک لە ئاوەڵناوەکان و ئاوەڵناو لە پلەی بەراورددا (PP) وەک تەواوکەر دیاریدەکەن، هەندێک ئاوەڵناوی تر لاڕستەیەک داوادەکەن)،[٤٧] لە سەرەوڕیزبون و پێکهێنانی فرێزەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ڕێسای (سەرە_کۆتا) دەپارێزن. پەیوەست بە سیمانتیکیشەوە توانای هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی جۆر و تایبەتمەندی ئارگۆمێنتەکەیان هەیە، کە " لە سەر یاسای ڕیزبونێکی سیمانتیکی تەکنشینی –ئاسۆیی- پرۆژەکە دروستدەکەن."[٤٨] ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە فرێزی ئاوەڵناوی لە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریدا دەگونجێت لە ڕستەدا بە تەنیا دەربکەوێت.

### ١.٦.٣ تایبەتمەندییەکانی سەرە_ئاوەڵناو

بە پشت بەستن بەو تایبەتمەندیانەی لە تیۆری ئێکس_باردا بۆ سەرە (Head) دیاریکراوە، دەتوانرێت تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو وەک سەرەیەکی ڕێزمانی لەم خاڵانەدا بخرێتەڕو:

١- سەرە هەڵگری زانیاری واتاییە لە فرێزەکەدا، لەم بارەدا ئاوەڵناو وەک پریدیکاتێک – ئارگۆمێنت_داواکەر- هەڵگری زانیاری واتاییە، کە لە نواندنە سینتاکسییەکاندا دەخرێتەڕو، بۆ نمونە لە (٧)دا، ئاوەڵناوەکە لەڕوی واتای زایەندەوە –ڕەگەز- تەنیا

---

[٤٥] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل٨٧.
[٤٦] شنە جەبار فەتاح، ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٥.
[٤٧] بڕوانە: (٤.٦.٣ ) و تەوەرەکانی دواتر.
[٤٨] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، ل٧٥.

ئارگۆمێنتی [- نێر]ەکان هەڵدەبژێرێت.[٤٩]

٧. ژنی دوگیان، کچی سەلار، کچی عەیار، کچی ماڵدار، کچی جوانکیلە، ...تاد.

٢- کاتیگۆریی سەرە کاتیگۆرییەکانی تری فرێزەکە دیاریدەکات، ئەم تایبەتمەندییەش لە ئاوەڵناودا هەیە و فرێزێکی ناوی یان فرێزێکی پێشناوی وەک تەواوکەر دیاریدەکات.

٣- سەرە لە فرێزدا بونی خورتییە، لە کاتێکدا ڕەنگە کەرەستەکانی تر لە فرێزەکەدا سەرپشکیبن. لە فرێزی ئاوەڵنایدا، ئاوەڵناوەکە وەک سەرە بونی خورتییە، بەڵام پلە سەرپشکییە.

٤- تەواوکەری سەرەکان بونیان خورتییە بەپێی کاتیگۆری سەرەکان داوادەکرێن. لە فرێزی ئاوەڵناویدا (NP) و (PP) وەک تەواوکەر لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە داوادەکرێن و بونیان خورتییە.

٥- سەرەکان لەڕوی (ڕەگەز و ژمارە)وە، تەواوکەرەکانیان ملکەچی هەمو یان بەشێک لە تایبەتمەندییەکانیان دەکەن. لەم بارەوە ئاوەڵناو لەڕوی ڕێزمانییە پەیڕەی (ڕەگەز و ژمارە) ناکات. تەنیا پێویستی بە ڕیککەوتنی واتایی هەیە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا. بۆ نمونە ئاوەڵناوێکی وەک: (شیرین، ترش، سوێر، ...تاد) بە سیمای واتایی [+ خواردن/ خواردنەوە، + کۆنکرێت، + چێژتن، + توانەوە] لەگەڵ ناوێکدا ڕێکدەکەوێت (بڕوانە (٨_ا))، بەڵام ئەگەر ناوەکە ئەو سیما واتاییانەی نەبێت ڕێگەی پێنادرێت. (بڕوانە (٨_ب))

٨_ ا. هەناری شیرین

ب. *بەردی شیرین

٦- سەرەکان دۆخی ڕێزمانی بە (NP)یەکان دەدەن، ئەمەش بەشێوەیەکی نەریتی پەیوەستە بە حوکمکردنەوە، چونکە سەرەکان حوکمی دۆخی ڕێزمانی

[٤٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٤١-١٤٢.

شـــوێنکەوتووەکانیان دەکەن.[50] لەم بارەشـــەوە ئاوەڵنـــاو لە فرێـــزی خســـتنەپاڵی ئاوەڵناویـدا سـەرەیەکی حـوکمکەر و دۆخپێـدەرە، بەڵام لە بەشـە کـردار و پـلەی بەراورددا چەند ڕۆڵێکی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکانی دەدات.

### ٢.٦.٣ لقکردنی کاتیگۆریانە (Sub categorization)

لقکردنـی کاتیگۆریـانە، بە فـۆرمکردنی ئەو زانیارییـانەن، کە یەکەیەکـی فەرهەنگـی لەخۆیـدا هەڵیگرتـون، بەپێـی ئەم لـقە تیـۆرە لەبەرئەوەی، سـەرە ڕێزمانییەکـان وەک (ڕەگـی کـردار، نـاو، ئاوەڵنـاو، پێشـناو، دیـارخەر) لە فەرهەنگـدا زانیـاری فەرهەنگـی و ڕێزمـانی و واتاییـان تێدایە و بەپێـی ئەو زانیارییـانە نەخشـەی ڕۆنـانە سینتاکسـییەکان دەکێشـرێت، لەو ڕوانگەشەوە لە زانیارییە ڕێزمانییەکانەوە دەسـتپێدەکرێت و دەکرێنە کرۆکە سـەرەتا، بەپێی زانیارییە ڕێزمانییەکان سـەرە ڕێزمانییەکان تەواوکەرە خورتییەکان دیاریـدەکەن و پرۆژەی فرێزەکـان دروسـتدەکەن.[51] بەپێـی ئەمەش ئاوەڵنـاو تەنیـا لە (٢_ا)دا، هەڵاوێرکردنـی لە فەرهەنگدا هەیە، لە (٢_ب، پ)دا هەڵاوێرکردنەکەی لە سینتاکسدایە، چونکە دوای شکانەوەی ئاوەڵنـاوەکە لە فرێـزی کرداریـدا داواکردنـی کـاتیگۆرییە سینتاکسـییەکان دەوەسـتێتە سـەر ئاوەڵناوەکە.

٢) ا. ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا بەپێی زانیاری فەرهەنگی پەیڕەوی یاسای [N]+A دەکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ئەو ئاوەڵناوە تەواوکەرێک لە کاتیگۆریی ناو هەڵدەبژێرێت. بڕوانە نمونەی (٩).

ب. ئاوەڵنـاو لە پـلەی بەراورد و ئاوەڵناوەکـانی (زیـز، زویـر، پشتەسـتور، بەپەرۆش.....) لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا داوای [PP]یەک، دەکەن. بڕوانە نمونەی (١٠)

[50] Tallerman, Maggie. Understanding Syntax, Fifth edition. New York: Routledge, 2020, PP120-121.

[51] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، و کاروان عومەر قادر، کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، ل ٣٩٧-٣٩٨.

پ. ئاوەڵناوی ( ئاشکرا، دڵنیا، ڕاست، ڕون، ...تاد) لە بەکارهێنانی بەشەکردار و فرێزی تافدا، داوای [S]ێک دەکەن. هەر وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا "داواکردنەکە بە هۆی بونی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانەوەیە لە بەشەکردارەکەدا."[٥٢] بڕوانە نمونەی (١١)

٩ . کوڕی زیرەک، منداڵی ژیر

١٠_ا. لە تۆ زیرەکترە، لە ئەو ژیرترە.

ب. لە من زیزە، بۆ من بەپەرۆشە.

١١_ ا. من دڵنیام، کە ئێوە سەردەکەون.

ب. ئاشکرایە، کە شڤان ڕۆیشتووە.

لەدوای ئەوەی بەپێی لقە تیۆری (لقکردنی کاتیگۆریانە) توانا و ویستی ئاوەڵناو وەک سەرەیەکی ڕێزمانی زانرا، لێرەوە بەپێی تیۆری ئێکس_بار دەستنیشانی ڕۆنان و سەرەوڕیزبونی سەرە و تەواوکەرەکان دەکرێت، بەپێی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکە، ئەوە دەردەخرێت، کە ئاوەڵناوەکان لە ڕۆنان و نواندنە سینتاکسییەکاندا، کوێی فرێزەکان دەگرن و دەچنە ڕۆنانی چ فرێزێکەوە.

### ٣.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا[٥٣]

بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بریتییە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە دوای ناو، کە بەهۆی مۆڕفیمی خستنەپاڵیەوە بە ناوەکەوە دەبەسترێتەوە و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پێکدێنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەپێی تیۆری ئێکس_بار ئاوەڵناو لەم جۆرە بەکارهێنانەدا وەک سەرەیەکی ڕێزمانی پڕۆژەسازدەر دیاریدەکرێت، (ا) بۆ ئەوەی پێشێلی بنەماکانی ئەم تیۆرە نەکرێت، چونکە بەپێی یەکێک لە بنەماکان، هەروەکو لە ڕێسای (١)دا خرایەڕو، بەرهەمهێنانی

[٥٢] محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠، ل٣٧٦.


[٥٣] بۆ زانیاری لەسەر ئەم جۆرە بەکارهێنانە بڕوانە: (١.٣.٣.٢)

پـــڕۆژەی فرێـــز لە زمـــانی مرۆڤـــدا بەهـــۆی ســـەرە و تەواوکەرەوەیە.[٥٤] (ب) بە ڕێســـای سەرە_کۆتا، سەرەی ڕێزمانی فرێزەکەیە و بە هۆی (ی) خسـتنەپاڵی لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاســت حــوکمی نــاوەکە دەکــات و دۆخــی خســتنەپاڵی ئاوەڵنــاوی پێــدەدات. (پ) هەمــان هەڵسوکەوتی سینتاکسی دیارخەری (ەکە، وشـەی نیشـانە)ی هەیە، سیمای [+ ناسیاوی] بە ناوەکە دەدات. (ت) دەرخراوەکەی کە ناوی گشتییە دەکاتە فرێز.[٥٥]

### ١.٣.٦.٣ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

ئەو فرێـزەیە، کە لە ناوێـک و ئاوەڵناوێـک پێکـدێت، بە هـۆی (ی) خسـتنەپاڵییەوە بە یەکەوە دەبەسـترێنەوە، کە تێیـدا ئاوەڵنـاوەکە " سـەرەی ڕێزمـانییە و پـڕۆژەی فرێـزی خستنەپاڵی ئاوەڵنـاوی دروسـتدەکات، بەپێی زانیـاری فەرهەنگی، کە لە (٢_ا)دا، ئامـاژەی بۆ کـرا، ناوێـک بە نیشـانەی گشـتییەوە وەک تەواوکەر بـۆ خـۆی هەڵـدەبژێرێت، لە نوانـدنە سینتاکسییەکەدا ڕێسای سەرە_کۆتایی جێبەجێدەکات"[٥٦] لەم بارەشدا دەگونجێت ئاوەڵناوەکە لە پلەی چەسپاودا بێت، یان لە پلەی بەراورددا.[٥٧] بڕوانە نمونەی (١٢) و هێڵکاری (٣-١٠).

١٢. ئەسپی بەهێز، گوڵی سور




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٠ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (ئەسپی بەهێز)**

---

[٥٤] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل٦١.


[٥٥] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٤٦.

[٥٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٢.

[٥٧] بۆ زانیاری لە بارەی پلەی بەراورد بڕوانە: (٢.٨.٣)

لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا ناوە گشتییەکە دەتوانرێت، دیارخەری (ێک)[٥٨] ی نەناسیاری پێوەبلکێنرێت، فرێزێکی دیارخەری پێکبهێنرێت و لە فرێزە ئاوەڵناوییەکەدا بشکێتەوە، بەڵام (ەکە) لە دوای ناوەکە ڕێگەی پێنادرێت. بڕوانە نمونەی(١٣) و هێڵکاری (٣-١١).

١٣_ ا. پیاوێکی پیر    ب. * پیاوەکەی پیر




**هێڵکاریی درەختی ٣-١١ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (١٣_ا)**

ڕێگەنەدان بە (١٣_ب) هۆکارێکی واتاییە، چونکە ئاوەڵناوی (پیر) وەک دەرخەری ناوی (پیاو) نیشانەی [+ دیاریکراو]ی پێداوە. بەهەمان شێوە مۆرفیمی ناسیاری (ەکە) نیشانەی دیاریکراوی بە ناوەکە دەدات، بۆیە بەکارهێنانی هەردوکیان پێکەوە لە ڕوی واتاوە کەم بەهایە.[٥٩]

لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا (A)یەکە، لە پێشەوە بەهۆی پلەوە (Degree) وەک (زۆر، کەمێک، هەندێک، ...تاد) دەردەخرێت، لە دواوەش دەتوانرێت چەندین فرێزی ئاوەڵناوی


[٥٨] دەرکەوتنی دیارخەری (ێک) لە دوای فرێزی ئاوەڵناوی واتای نوێ بەدەستەوە دەدات (کوڕی ئازایەک) بە واتای (کوڕی پیاوێکی ئازا) دێت، دیارخەری (ان) یش، لە دوای ناوەکە بێت وەک: (کوڕانی ئازا) واتای (کۆی دیارینەکراو) دەدات، لە ڕۆنانی فرێزەکەدا پێویستە لە دوای ئاوەڵناوەکە ناوێک زیادبکرێ، ئینجا لە ڕستەدا ڕێگەپێدانی زیاتر دەبێت (کوڕانی ئازای گەڕەکەکەن.) (محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٨٨-٨٩.)

[٥٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٦٣.

له ناویەکداشـکاوە بەیاریـدەی مـۆرفیمی خسـتنەپاڵی و لێکـدەر زیادبکرێـت، "چـونکە هـیچ ڕێگرییەکی سینتاکسی نییە بۆ هاتنی ئاوەڵناوەکان"[٦٠]. بڕوانە (١٤) و هێڵکاری (٣-١٢)

١٤_ ا. پیاوی زۆر ئازا

ب. کراسێکی سپیی تازە، کچێکی جوان و باڵابەرز




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٢ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی (١٤_ا، ب)**

شـایانی باسـە تاکبەنـدەکان (Distributives) (هەر، تەنیـا)، ڕادەی چەنـدێتی (Quantifiers) (هەمو، گشت، چەند، کام، تۆزێک، هیچ) ژمارەکان (Numerals) (یەک، یەکەم، دو...)[٦١ ٦٢] لە پێشەوە دەبنە دەرخەری (AP)یەکە، بڕوانە نمونەی(١٥)

١٥_ ا. دوو کوڕی زیرەک　　　　ب. تەنیا پیاوێکی پیر

### ٢.٣.٦.٣ فـرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (DP)دا

[60] Huddleston, Rodney. and Pullum Geoffrey . A Student's Introduction To English Grammar . New York: Cambridge University Press, 2005, PP 96.

[61] Fattah, Muhammad Maruf. A generative Grammar of kurdish. Unpublished Doctoral Disseration: Unverstity of Amsterdum, 1997, PP 199.

[٦٢] محەمەد مەعروف فتاح لە هەمان سەرچاوەدا وشە نیشانەکانی وەک (ئەم، ئەو) بە سپێسیفایەر داناوە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک سەرەیەکی ڕێزمانی فرێزی دیارخەری پێکدەهێنن.

فرێــزی خســتنەپاڵی ئاوەڵنــاوی دەچێــتە ڕۆنــانی فرێــزی دیــارخەرییەوە و دەبێــتە تەواوکەری ســـەرە ڕێزمانییەکـــانی (ەکە، ئەمە، ئەوە، ئەمـــانە، ئەوانە) لەم بـــارەدا " ئەم دیــارخەرانە گــۆڕینی فــۆڕمی (ی)ی خســتنەپاڵ بــۆ (ە)[٦٣] بەســەر فرێــزە ئاوەڵنــاوییەکەدا دەسەپێنن"[٦٤] لەبەرئەوە (ی) لە فرێزەکەدا واتای گشتی هەیە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ (ە)، چونکە "(ە) واتـــای دیـــاریکردنی هەیە"[٦٥] ئەمەش دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەوەی، ئەو کـــاتیگۆرییە سینتاکسییانەی، کە دەبنە تەواوکەری دیارخەرەکان دەبێت دیاریکراو بن.[٦٦] بڕوانە نمونەکانی (١٦) و هێڵکاری (٣-١٣)

١٦_ ا. ژورە تاریکەکە، شاخە بەرزەکە ب. ئەم ژورە تاریکە، ئەم شاخە بەرزە

پ. چەقۆ تیژەکە[٦٧] ت. ئەم چەقۆ تیژە

---


[٦٣] محەمەدی مەحوی، (ە)ی بە پێشـناو دانـاوە، کە دۆخـی بەرکـاری ناڕاسـتەوخۆ دەدات بە ئاوەڵنـاوەکە. بڕوانە: (محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨٢)، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مۆرفیمی خستنەپاڵی دانراوە، لەبەرئەوەی (ا) ئاوەڵناو دۆخـی ڕێزمـانی وەرناگرێت. (ب) (ە) لە ڕۆنـانی فرێزی کرداریدا دۆخ داتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەبەخشێت، نەک لە فرێزی دیارخەریدا.

[٦٤] شێرکۆ بابان، هەندێک لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، دهۆک: چاپخانەی خان، ٢٠٠٨، ل٧٤.

[٦٥] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٥٩.

[٦٦] ئەوەی تێبینـی دەکرێـت لە دوای گـۆڕینی فـۆڕمی مـۆرفیمی خسـتنەپاڵەکە فرێـزە دیـارخەرییەکە بەبـێ دیارخەرەکان هەڵسوکەوتی فرێز لە جێکەوتەکانی ڕستەدا نیشـانناداتن، هەر ئەمەش بۆتە هـۆی ئەوەی بە (دەسـتەواژیلە) (Sub-Phrase) ناودەبرێت. بـڕوانە (عەبـدولجەبار مسـتەفا مەعـروف، دروسـتەی فرێـز لە زمانی کوردیدا، ل٢٦-٢٧).

[٦٧] لە ڕۆنانی فرێزی (١٦_پ، ت)دا، مۆرفیمی (ە)ی خستنەپاڵی لە (PF)دا دەرنەکەوتووە، بەهۆی کاریگەری دەنگی هاوسێیەوە.




**هێڵكاریی درەختی ٣-١٣ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (DP)دا**

شـایانی باسـە فرێـزە ئاوەڵنـاوییەكە لە (DP)یەكەدا، هەمـان تایبەتمەنـدی ئەو فرێـزە ئاوەڵنـاویەی هەیە كەبەهـۆی (ی) خسـتنەپاڵی بەرهەمـدێت (ا) (A)یەكە، لە پێشـەوە بە پـلە دەردەخرێـت. (بــڕوانە (١٧_ا))، (ب) لە دواوە دەتوانرێـت چەنـدین فرێـزی ئاوەڵنـاوی لە ناویەكداشـكاوە بەیاریـدەی مـۆرفیمی خسـتنەپاڵی و لێكـدەر زیادبكرێت. (بـڕوانە (١٧_ب)) ئەمەش ئەوە دەردەخات تەواوكەری فرێزە دیارخەریەكە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە.

١٧_ ا. كوڕە زۆر زیرەكەكە

ب. كوڕە ژیرە زیرەكەكە، كوڕە ژیر و زیرەكەكە

### ٣.٣.٦.٣ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (PP)دا

فرێـزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵنـاوی دەچێتە ڕۆنـانی ئەو فرێـزە پێشـناوییەی، كە بەهـۆی پێشناوی (بە) بەرهەمدێت و فرێزە پێشناوییەكە بونی بە خورتییە،[٦٨] چونكە هاوبەشی ڕۆنانی فرێـزی كـرداری دەكـات[٦٩] (بـڕوانە (١٨_ا)). ئەوەی جـێگەی سـەرنجە ئەگەر لە ڕوی ڕۆنـانی ژێـرەوە لە فرێـزی (ئـازا) لە (١٨_ا)دا، بـڕوانین، ئەوە بەو ڕاسـتییە دەگەیـن ناوێـك لە پـێش


[68] Fattah, Muhammad Maruf. A generative Grammar of kurdish, PP222.

[٦٩] ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەركی ئەدڤێربڵ لە فراوانكردنی فرێزی كاریدا، گۆڤاری كوردۆلۆجی: ژمارە: ٣، ٢٠١٠، ل٢٣٤.

ئاوەڵنــاوەکە هەبــووە، واتە فریــزە ئاوەڵنــاوییەکە لە ڕۆنــانی ژێــرەوەدا لە جــۆری (١٨_ب) بووە،[٧٠] بۆیە بە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی ناو بردراوە. بڕوانە هێڵکاری (٣-١٤)

١٨_ ا. من تۆ بە ئازا ناودەبەم.

ب. من تۆ بە مرۆڤێکی ئازا ناودەبەم.




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٤ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (PP)دا**

شایانی باسە فرێزی ئاوەڵناوی بەشداری لە ڕۆنانی ئەو (PP)یانەشدا دەکات، کە لە ڕستەدا بونیان سەرپشکییە و دەتوانرێت لاببرێن.  بڕوانە (١٩)

١٩_ ا. pro هۆنراوەکەی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە.

ب. pro هۆنراوەکەی خوێندەوە.

### ٤.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا[٧١]

ئاوەڵنــاو لەم بەکارهێنــانەدا لەگەڵ کــرداری (بــون)دا بەشــەکردارێک (Predicate) پێکــدەهێنێت، و بەشــداریدەکات لە ڕۆنــانی (VP) و ئەو (TP)یــانەی، کە بە (TP)ی بــێ ڕێکەوتن/ بێکەس ناسراون.

---


[٧٠] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، ل٧.

[٧١] بۆ زانیاری لەسەر ئەم جۆرە بەکارهێنانە بڕوانە: (٢.٣.٣.٢).

### ١.٤.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕۆنانی (VP)دا

ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا فرێزێکی کرداری پێکدەهێنێت، چۆمسکی ئاوەڵناو بە تەواوکەری کرداری (بون) (be) دادەنێت،[٧٢] تەواوکەریش پێکهێنێکی فرێزی کردارییە و واتای کردارەکە تەواودەکات،[٧٣] کردارەکە لە ڕێی کرداربەندیەوە ڕێی دەستوری بە بونی ئاوەڵناوەکە دەدات و بەخۆیەوە دەبەستێتەوە، بەهۆی شکانەوەی (VP)یەکە لە (TP)دا و شکانەوەی(TP)یەکەش لە (AGRP)دا، دۆخی ڕێزمانی بە بکەر دەدەن، پرۆژەسازدانی فراوانکراو جێبەجێدەکەن، چونکە کرداری (بون) لە (ڕەگ و کات و کەس) پێکدێت.[٧٤] بڕوانە نمونەی (٢٠) و هێڵکاری (٣-١٥)

٢٠. ئەوان زیرەک بون.




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٥ ڕستەی (٢٠)**

[72] Chomsky, Noam. Lectures on Government and Binding , Fifth edition. U.S.A: Dordrecht- Holland, 1988, PP 55.

[73] Katamba, Francis. Morphology, PP 331.

[٧٤] صلاح حویز رسول، ڕستەسازی و واتاسازیی (بون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە: زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل٣١.

### ٢.٤.٦.٣ تایبەتمەندییەکانی فرێزی ئاوەڵناوی لە بەشەکرداردا

١- ئەگەر بەشەکردارەکە بە مەبەستی دەربڕینی دڵنیایی و ڕاستی بێت، دەگونجێت فرێزە ئاوەڵنــاوییەکە بە تەنیــا لە ئاوەڵناوێــک پێکبێــت (بــڕوانە (٢١_ا، ب))، یــان فرێزێکــی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بێت. بڕوانە (٢١_پ)

٢١_ ا. کارزان نەخۆشە. ب. هاوین گەرمە.

پ. ژیار کوڕێکی چاکە.

٢- ئەگەر لە بەشــەکردارەکەدا یەکێــک لە ئاوەڵناوەکــانی وەک: (بەپەرۆش، زویــر، زیــز، تورە، دڵخۆش، ....تاد) هەبو، هەروەکو لە (٢_ب)دا، لە لقکردنی کاتیگۆرییـانە ئامـاژەی بۆ کرا، بە هۆی بونی یەکێک لەم ئاوەڵنـاوانە (PP)یەک، وەکو تەواوکەر داوادەکرێت، جـێکەوتەکەی دەکەوێـتە پـێش ئاوەڵنـاوەکە و بەپێـی ڕێســای ســەرە_کۆتایە، بەڵام (PP)یەکە دەتوانرێــت بگــوێزرێتەوە بــۆ دوای بەشـــەکردارەکە و لە ڕســـتەکەدا هەڵسوکەوتی ئازادانەی هەیە، لەم بارەشدا بونی پێشناوەکە وەک سـەرەی (PP)یەکە، ڕێگە بۆ ئەم هەڵسـوکەوتەی خۆشـدەکات، "چـونکە ئەو گرێیەی، کە دەکەوێـتە دوای پێشـناوەکە دەسـەڵات و ڕۆڵـی بابەتـانە و دۆخ لە پێشـناوەکەوە وەردەگرێت."[٧٥] جێـی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت جێگۆڕینی (PP)یەکە لە پلەی بەراوردیشـدا هەر بەم هۆکارەوە بەندە، ئەوەی جێگەی سەرنجە فرێزە پێشناوییەکە خاوەنی دو تایبەتمەندی سینتاکسییە:

ا- پشت بە هاتنی سەرەیەکی ئاوەڵناو دەبەستێت لە بەشەکردارەکەدا.

ب- فرێزە پێشناوییەکە بە خورتییە، ئەگەر دەرکەوتبێت یان دەرنەکەوتبێت.[٧٦]

---


[٧٥] سانیا جبار عەبوزەید، جهگۆڕینا کەرستان درستێدا (گۆڤەرا بەهدینی)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب: زانکۆی سۆران، ٢٠١٣، ل١٣١.

[76] Fattah, Muhammad Maruf. A generative Grammar of kurdish, PP 222.

بڕوانه نمونەی (٢٢) و هێڵکاری (٣-١٦)

٢٢_ ا. ژیار بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

ب. ژیار بەپەرۆشە بۆ خوێندن.




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٦ بەشەکرداری ڕستەی (٢٢_ا)**

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا لەم جۆرە فرێزەدا، پلە دەبێتە دەرخەر، شوێنەکەی بەگوێرەی جێکەوتەی تەواوکەرەکە دەگۆڕێت، ئەگەر تەواوکەرەکە پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە بکەوێت، ئەوا پلەکە پێش (A')کە، یان پێش (PP)کە دەکەوێت، (بڕوانە(٢٣_ ا، ب))، بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە کەوتە پاش بەشەکردارەکە ئەوا جێکەوتەی پلەکە هەمیشە پێش (A')کە، دەبێت.[٧٧] بڕوانە (٢٣_پ)

٢٣_ ا. شڤان بۆ خوێندن زۆر بەپەرۆشە. ب. شڤان زۆر بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

پ. شڤان زۆر بەپەرۆشە بۆ خوێندن. ت. * شڤان بەپەرۆشە زۆر بۆ خوێندن

٣- ئاوەڵناوەکانی وەک (دڵنیا، ئاگادار، دڵخۆش...) هەروەکو لە (٢_پ)دا لە لقکردنی کاتیگۆرییانەی ئاوەڵناودا نیشاندرا، کاتێک دەچنە ڕۆنانی بەشەکرداری ڕستەی سەرەکییەوە، ئەوە بە سەر بەشەکردارەکەدا دەسەپێنن، کە داوای لاڕستەیەکی

[٧٧] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، ل٩٠.

تەواوکەر بکات. بەشەکردارەکە هەمیشە دەکەوێتە لای ڕاستەوە پەیڕەوی ڕیسای سەرە_سەرەتا دەکات. (بڕوانە (٢٤_ا، ب)) شایانی باسە " ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، ڕێگە بە هاتنی پاڕستە تەواوکەریەکە دەدەن شوێنیان بکەوێت، بەڵام ئاوەڵناوەکانی وەک (شیرین، بەرز، نەخۆش، ...تاد) ڕێگە نادەن پاڕستەی تەواوکەری دوایان بکەوێت، (بڕوانە (٢٤_پ)) ئەمەش پەیوەندی بەگوزارەی سیمانتیکییەوە هەیە، لەبەرئەوەی گوزارەی سیمانتیکی ئەو ڕەگەزە دیاریدەکات، کە لەگەڵیدا دێت."[٧٨] [٧٩] کەواتە پەیوەستە بەلایەنی سیماتیکییەوە داوای لاڕستەکە دەکرێت.

٢٤_ ا. من دڵنیام، کە ئەوان ڕۆیشتون.


ب. * کە ئەوان ڕۆیشتون، من دڵنیام

پ. * شیرینە، کە ئەوان دەردەچن

---

[٧٨] هەمان سەرچاوەی ، ل٩٦.

[٧٩] شایانی باسە ئاوەڵناوی (باش) دەچێتە ڕۆنانی بەشەکرداری ئەو ڕستەی، کە بە هۆی ڕستیلەی ئارەزووەوە بەرهەمدێت، ئەو ڕستە بەرهەمهاتووەی، کە ئاوەڵناوەکەی تێدایە، دەبێتە جێکەوتەی وابەستەی ڕستیلەی ئارەزو. وەک (من بڕۆم، pro باشە.) بۆ زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩. ،ل٩٣-٩٥).




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٧ ڕستەی (٢٤_ا)**

٤- چەند ئاوەڵناوێک لە بەشەکرداردا مەرجە بە مۆرفیمی (و) بەیەکەوە ببەسترێنەوە، چونکە بەستنەوەی ئاوەڵناوەکان بە (ی- ــە) ڕێگەیان پێنادرێت[٨٠]. (بڕوانە (٢٥_ب، پ)) لەم بارەدا ئاوەڵناوەکان لەگەڵ مۆرفیمی (و)ی تەکخستن فرێزێکی تەکخراو (CongP) پێکدەهێنێت، چونکە (و) دەبێتە سەرەی ڕێزمانی فرێزەکە.[٨١] بڕوانە (٢٥_ا) و هێڵکاری (٣-١٨)


٢٥_ ا. ئەوان بەهێز و بەتوانا بوون.

ب. * ئەوان بەهێزی بەتوانا بوون

پ. * ئەوان بەهێزە بەتوانا بوون

[٨٠] هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

[٨١] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل٩٢.




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٨ فرێزی تەکخراوی ڕستەی (٢٥_ا)**

٥- کرداری (کەوت، هەڵگەڕا، داگەڕا، چووەوە، ...تاد) لەگەڵ ئەو ڕستەی کرداری (بون)ی تێدایە بەشێوەیەکی گشتی یەک واتایان هەیە، بەڵام ئەم کردارانە لەگەڵ ئاوەڵناودا کردارێکی لێکدراو پێکدەهێنن. بڕوانە (٢٦)

٢٦_ ا. چیاکە سپی بو. ب. چیاکە سپیدەچێتەوە

پ. منداڵەکە بێناز بو. ت. منداڵەکە بێنازکەوت.[٨٢]

ح. چیاکە زۆر سپی بو.

٦- هەمو ئەو فرێزە ئاوەڵناوییانەی لە بەشەکرداردا ئاماژەیان بۆ کرا، ئەو تایبەتمەندییەیان تێدایە لە پێشەوە پلە ببێتە دەرخەریان. بۆ نمونە بڕوانە (٢٦_ ح)

٧- لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراویش پێکدەهێنێت، لەم بارەدا بۆ جیاکردنەوەی لە بەشەکردار بەهۆی واتاوە[٨٣] دەبێت، ئەگەر ئاوەڵناوەکە بۆ واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتبو، واتە بۆ دەربڕینی یەکێک لەو بوارە واتایانە بێت، کە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێن، لە ڕۆنانی بەشەکرداردایە، بەپێچەوانەوە لە ڕۆنانی کرداری لێکدارودایە . بڕوانە (٢٧_ا، ب)

٢٧_ ا. کراسەکە سەوز بو.

---

[٨٢] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروداـ ل٤٤.

[٨٣] زمانی کوردی زیاتر زمانێکی واتاییە، واتە زۆر دیاردەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لە زمانی کوردیدا هەیە، بەپێی یاسای ڕێزمانی شیناکرێنەوە، بۆیە دەبێت پەنا ببرێتە بەر لێکدانەوەی واتایی. (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر، بۆچونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە: ژمارە: ٢٨، ٢٠١٣، ل ٥٦)

ب. درەختەکە سەوزبو.

لە (٢٧_ا)دا (سەوز) بۆ دەربڕینی بواری واتایی (ڕەنگ) بەکارهاتووە،[٨٤] (تەواوکەرە)، بەڵام لە (٢٧_ب)دا بە واتای (چرۆکردن) هاتووە، کردارێکی لێکدراوی پێکهێناوە.

### ٣.٤.٦.٣ فرێزی ئاوەڵناوی لە (TP)دا

ئاوەڵناوەکانی وەک: (ئاشکرا، دیار، ڕاست، ئەستەم، ڕون، گرنگ...) دەچنە ڕۆنانی ئەو (TP)یانەی، کە بە (TP)ی بێڕێککەوتن/ بێکەسەکان ناسراون، وەک (ئاشکرایە، ڕاستە، دیارە ...تاد)[٨٥] بەهۆی نەبونی ڕێککەوتنەوە، نەبونە پرۆژەیەکی تێر و بێکەموکوڕی، لەبەرئەوە (TP)یەکە، دەبێت (AGRP)ێکیان، تێدا بشکێتەوە و ڕۆنانی ڕستەیەکی ئاڵۆز دروستکەن، تا لەڕێی کۆنترۆڵی کەسی ڕستەی دوای خۆیانەوە ڕێگەدانی سینتاکسییان بۆ دەستەبەربێت، هەروەکو چۆن لە ڕستەیەکی ئاسایدا لەناو (AGRP)دا، دەشکێنەوە (Inflected)[٨٦] بڕوانە (٢٨_ا) و هێڵکاری (٣-١٩)

٢٨_ ا. ئاشکرایە، کە ئەوان دەردەچن.


ب. ئەوان$_i$ ئاشکرایە، کە $t_i$ دەردەچن.

ت. * کە ئەوان دەردەچن، ئاشکرایە

[٨٤] بۆ زانیاری لە بارەی پۆلێنی بواری واتایی ئاوەڵناو، بڕوانە: (٢.٢.٢.٤)

[٨٥] ئەمانە بە (ڕستیلە و جێناوە هێز_دەربڕە بۆشاکان) ناودەبرێن. بۆ زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، ل٩٩).

[٨٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان، ل٨٠.




**هێڵکاریی درەختی ٣-١٩ ڕستەی (٢٨_ا)**

لە نمـونەی (٢٨ب) و هێڵکـاری (٢٠-٣)دا، دەردەکەوێـت، کە کەسـی ڕسـتەی دووەم بـۆ (Spec)ی (TP)یەکە، بەشێوەیەکی سەرپشکی گوێزراوەتەوە و کراوەتە باس (Topic)[٨٧]

### ٧.٣ ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵکردایدا[٨٨]

مەبەسـت لەم بەکارهێنـانە ئەوەیە، ئاوەڵنـاو لە جـێکەوتەی ئـاوەڵکرداردا، وەک ئاوەڵکردارئاسـا بەکاردەهێنرێـت. هەرچەنـدە ئاوەڵنـاو بە تەنیـا نـاچێتە نـاو پێکهـاتە سینتاکسـییەکانەوە،[٨٩] بەڵام لە جـێکەوتەی ئـاوەڵکردار دەتوانێـت بە تەنیـا دەربکەوێـت، "ڕۆڵەکەی دەبێتە دەرخستنی چۆنێتی ڕودانی کارەکە."[٩٠] لەم بارەدا واتای چۆنێتی ئاوەڵناو دەکـرێتە بنەمـا بـۆ دەرخسـتن و بەرهەمهێنـانی ئـاوەڵکرداری چـۆنێتی، کەواتە سـیمای [+ چـۆنێتی]ی ئاوەڵناوەکـان، مەرجـی واتـایی لە ڕۆنانەکانـدا دەسـتەبەردەکەن، دواتـریش جـێکەوتەی سینتاکسـی گـۆکردنی ئاوەڵکردارییـان پێدەدات. بـۆ ئەوەی ئەمە ڕوبـدات، دەبێت

٨٧ هەمان سەرچاوەی، ل٨٠.
٨٨ بۆ زانیاری لە بارەی ئەم جۆرە بەکارهێنانە، بڕوانە: (٣.٣.٣.٢) .
٨٩ سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل١٣٦.
٩٠ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٧٠.

ئاوەڵناو بە گۆڕینی سیماکانی لە ئاوەڵناوی بخرێت، بە دەربڕینێکی تر فرێزی ئاوەڵکردارئاسا لە ئاوەڵناو بەرهەمبهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئاوەڵناوەکە لەڕوی زانیاری سینتاکسییەوە کۆی ئەو سیمایانە لە دەستبدات، کە لە (١)دا لە هێڵکاری (٣-٢٠)دا بۆی دیاریکراون، بەوەش لە سەرەی ڕێزمانی دەکەوێت و سیماکانی لە جۆری (٢) دەبێت، واتە لە ئاوەڵناو خستنەکە بۆئەوەیە، کە زانیاری سینتاکسییەکەی بۆ زانیاری ئاوەڵکرداری گۆڕانی بەسەردابێت[٩١] و بتوانێت، لە ڕستەدا بەتەنیا دەربکەوێت. بڕوانە ڕستەی (٢٩_ب)

| | (١) | | (٢) |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | + چۆنێتی<br>+ سەرەی ڕێزمانی<br>+ دۆخ و حوکمکردن<br>+ پڕۆژەسازدەر | لە ئاوەڵناوخستن ← | + چۆنێتی<br>− سەرەی ڕێزمانی<br>− دۆخ<br>− حوکمکردن |


**هێڵکاری ٣-٢٠ لە ئاوەڵناوخستن**

٢٩_ ا. کتێبێکی گرانم کڕی.

ب. کتێبەکەم گران کڕی.

لە (٢٩_ا)دا (گران) ئاوەڵناوە سەرەیەکی ڕێزمانییە و حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی پێدەدات، کەواتە پڕۆژە سازدەرە، چونکە سیماکانی (١) هەیە، بەڵام لە (٢٩_ب)دا بەتەنیا لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا هاتووە، بەمەش سیماکانی لەدەستداوە "بە قورساییخستنەسەر (Stress) بە (V') هەڵدەواسرێت/ نۆدێکیتر دروستدەکات."[٩٢] بڕوانە هێڵکاری (٣-٢١)

[٩١] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل١٣٧.
[٩٢] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، ل٢٨٨.




**هێڵکاریی درەختی ٣-٢١ (VP) ڕستەی (٢٩_ب)**

### ٨.٣ فرێزی ئاوەڵناوی بەپێی پلەکانی ئاوەڵناو

ئاوەڵناو توانای وەرگرتنی مۆڕفیمەکانی (تر، ترین)ی پلەی بەراورد و بالآی هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئاوەڵناو لە ڕوی پلەوە دابەشببێت بۆ سێ جۆر، کە کاریگەری لەسەر ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی هەیە:

### ١.٨.٣ پـــــلەی چەسپاو

ئاوەڵناو لەم بارەدا هیچ نیشانەیەکی لەسەر نییە، دەبێتە بناغە بۆ مۆڕفیمەکانی پلەی بەراورد و بالآ.[٩٣]

### ٢.٨.٣ پـــلەی بـەراورد


ئاوەڵناو بەهۆی مۆڕفیمی (تر)ەوە دەچێتە فۆڕمی پلەی بەراوردەوە، لەم بارەدا لە بەکارهێنـــانی ئاوەڵنـــاوی یـــان بەشـــەکرداریدا، (PP)یەک، وەکـــو تەواوکەر داوادەکـــات و سەرەوڕیزبونەکەی لە شێوەی (سەرە_کۆتا)دا دەبێت، ئەگەر (PP)یەکە، بەیاریدەی پێشناوی (لە) پێکهاتبو، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی یان بەشەکرداریدا، پێش ئاوەڵناوەکە دەکەوێت، بەڵام هەڵســوکەوتی ئـــازادانەی هەیە، هەر وەکـــو ئەو (PP)ی کە لەلایەن گروپـــی ئاوەڵناوەکـــانی

[٩٣] بۆ زانیاری لەسەر فرێزی ئاوەڵناوی لە پلەی چەسپاودا، بڕوانە: (٦.٣ ، ٢.٦.٣ ، ٣.٦.٣ ، ٤.٦.٣)

(بەپەرۆش، زیز، زویر، ...) داوادەکرێت.[٩٤] بڕوانە (٣٠) و هێڵکاری (٣-٢٢)

٣٠_ ا. پیاوێکی لە باوکم باڵابەرزتر، پیاوێکی باڵابەرزتر لە باوکم

ب. لە شڤان زیرەکتر، زیرەکتر لە شڤان، زۆر لە شڤان زیرەکتر




**هێڵکاریی درەختی ٣-٢٢ (AP) لە پلەی بەراورددا**

ئەگەر فرێــزە پێشــناوییەکە بەیاریــدەی پێشــناوی (تــا، وەک) پێکهــاتبو، تەنیــا لە بەشـەکرداردا، دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵنـاوەکە و هەمیشـە دوای بەشـەکردارییە ئاوەڵنـاویەکە دەکەوێت.[٩٥] پەیڕەوی ڕێسای (سەرە_سەرەتا) دەکات. بڕوانە (٣١)

٣١_ ا. ئەو ئازاتر بو تا من.

ب. ڕۆیشتن خۆشترە وەک لە ڕاکردن.

پ. *کوڕێکی تا من ئازاتر، ئەو تا من ئازاتربو

ت. *کوڕێکی وەک لە من ئازاتر، ڕۆیشتن وەک لە ڕاکردن خۆشترە

ئەو ئاوەڵنـاوەی لە پـلەی چەسـپاودا (PP)یەک، وەک تەواوکەر داوادەکـات، لە پـلەی بەراورددا جگە لەو تەواوکەرە، داوای تەواوکەرێکی بەراوردیش دەکات، ئەمەش زیـاتر ئەوە دەسەلمێنێت ئاوەڵناوەکە لە ناو بەشەکردارییەکەدا داوای (PP)یەکە، دەکات. بڕوانە (٣٢)

٣٢. ژیار بۆ خوێندن لە تۆ بەپەرۆشترە.

---

٩٤ بڕاونە: (٢.٤.٦.٣)

٩٥ محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، ل٩٩.

لەمجۆرە فرێزەشدا پلە دەتوانێت بێتە دەرخەری فرێزە ئاوەڵناوییەکە، چونکە ئاوەڵناوەکە پلەیەکی دانەخراوی هەیە.[٩٦] بڕوانە (٣٣) و هێڵکاری (٢٢-٣)


٣٣_ ا. پیاوێکی زۆر لە باوکم بەرزتر، پیاوێکی زۆر بەرزتر لە باوکم

ب. زۆر لە شڤان زیرەکتر، زۆر زیرەکتر لە شڤان

### ٣.٨.٣ پـــــلەی باڵا

ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا، کە بەهۆی مۆرفیمی (ترین)ەوە دەنوێنرێت، پێویستی بە کۆمەڵێک (کەس، شت و ...) هەیە، بۆ ئەوەی بەراوردیان لە نێواندا بکات، ئەو کەسە یان ئەوشتەی، کە ئاوەڵناوەکەی دەدرێتەپاڵ بە بەراورد بە کۆمەڵەکەی پلەیەکی باڵای هەیە.[٩٧] ئاوەڵناو لەم پلەیەدا وەک فۆرمە فەرهەنگیەکەی (NP)یەک وەک تەواوکەر داوادەکات،[٩٨] بەڵام بەڵام لە سەرەورێزبوندا پێچەوانەیە و سەرە_سەرەتایە، کە دەکرێت ئەوە ڕابگەیەنین " بەترۆپک (Topic) هێنراوەتە پێشەوە و بەسترێس، بەخستنەتەکیەک (Coordinte) حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی دەداتێ.[٩٩] بڕوانە نمونەی (٣٤) هێڵکاری (٣-٢٣)

٣٤. میهرەبانترین دایک، خۆشترین وەرز




**هێڵکاری درەختی ٣-٢٣ (AP) لە پلەی باڵادا**

---

[٩٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٥٩.

[٩٧] بەهرە سەلام حمە غەریب، شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٢١.

[٩٨] سانیا جبار عەبوزەید، جهگۆرینا کەرستان درستێدا (گۆڤەرا بەهدینی)، ل١٦.

[٩٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٣.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا ناتوانرێت، بەهۆی پلەوە دەربخرێت، چونکە (ترین) پلەیەکی بەرزی داخراو و سیمای [+ لوتکە] بە ئاوەڵناوەکە دەدات.[١٠٠] بڕوانە (٣٥)

٣٥. *زۆر میهرەبانترین دایک، کەمێک خۆشترین وەرز

### ٩.٣ ئــاوەڵناو و تیۆری دۆخی ڕێزمانی

### ١.٩.٣ تــیۆری دۆخی ڕێـزمانی

دۆخــی ڕێزمــانی کــاتیگۆرییەکی ئەرکیـیە، کە پەیوەنـدییە سینتاکسـییەکانی پێکهـاتووە سینتاکسییەکان دەردەخات، هەروەها پەیوەندی نێوان کاتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستە یان کــردار و ئارگۆمێنتەکــانی نیشــاندەدات.[١٠١] بە شــێوەیەکی ئەبســتراکتە، یــان بەشــێوەی مۆرفۆلۆژی دەردەکەوێت، "چۆمسکی زیاتر گرنگی بە دۆخی ئەبستراکت دەدات لە (GB)دا، وەکو بنەمایەکی گشتی لە هەمو زمانێکدا سەیریدەکات، کە هەمو گرێیەکی ناوی هەڵگری دۆخـی ئەبسـتراکتە هەتـا ئەگەر بەشـێوەیەکی مۆرفۆلـۆژیش دەرنەکەوتبێـت"[١٠٢] واتە ئەگەر نیشانە و شێوەی مۆرفۆلۆژیشی نەبێت بۆ ناسینەوەی، بڕوانە (٣٦)

٣٦. شڤان نانەکەی خوارد.

لە (٣٦)دا (شڤان) دۆخی بکەری وەرگرتووە، (نانەکە) دۆخی بەرکاری وەرگرتووە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژییان لەسەر نییە. بەهۆی شوێن و ڕیزبونی کەرەستەکان لە ڕستەکەدا و سەرە حوکمکەرەکەیان دۆخەکەیان وەرگرتووە هەر گۆڕانکارییەک لەم ڕیزبونەدا بکرێت ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت. بڕوانە (٣٧)

---

[١٠٠] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٥٩.

[١٠١] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، ل٦.

[102] Chomsky, Noam - The Minimalist Program –Cambridge, Mass, MIT: Press (1995)
لە ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو، دوخ د زمانێ کوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، نامەی دکتۆرا، فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی، سکولا ئاداب: زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١٥، ل٢٩. وەرگیراوە.

٣٧. *نانەکە شڤان ی خوارد

لە پێدانی دۆخ بە (NP)یەکان لە ڕۆنانی ژێرەوە و سەرەوەدا دو جۆر دۆخ دیاریکراوە:

١- دۆخی بۆماوەیی (Inherent Case): ئەو دۆخەیە لە ڕۆنانی ژێرەوە (D-S) بە (NP)یەکان دەدرێت.

٢- دۆخی ڕۆنانی (Structural Case): ئەو دۆخەی لە ڕۆنانی سەرەوەدا (S-S) بە (NP)یەکان دەدرێت.

پێدانی دۆخ پەیوەستە بە دۆخدەرەکانەوە، کە بریتین لە "ڕەگ، پێشناو، کات و کەس (INFL) سەری حوکمکەرن، جگە لەوانەش لە ناو ڕۆنانی فرێزەکاندا دیارخەر و ئاوەڵناو و ناو و جێناوە سەربەخۆکانیش سەرەی ڕیزمانین و دۆخ بە ناو دەدەن و کۆتایی دەگرن."[١٠٣] بۆ ئەوەی سەرە ڕێزمانییەکە بتوانێت دۆخە ڕێزمانییەکەی بە تەواوکەرەکەی بدات، دەبێت تەواوکەرەکە ڕاستەوخۆ لە تەنیشت سەرە ڕێزمانییەکەیەوە بێت. ئەم ڕێسایە وەک یاسایەک شێوەی ڕستە یان جۆری ڕیزبونی وشە و فرێز لە ڕستەدا دیاریدەکات.[١٠٤] دۆخە ڕێزمانییەکان برتین لە:

١- دۆخی بکەری (Nominative Case)

٢- دۆخی بەرکاری (Accusative Case)

٣- دۆخی داتیڤ (Dative Case)

٤- دۆخی خستنەپاڵی (Genitive Case)

شایانی باسە لە پێدانی دۆخدا پاڵێوەری دۆخ (Case filter) یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دۆخ ئەم بنەمایەش لەلایەن چۆمسکییەوە بەمشێوەیە دیاریکراوە" هەر فرێزێکی ناوی، کە

---

[١٠٣] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، ل١٨.

[١٠٤] مەحەمەدی مەحوی، ڕستەسازی کوردی، ل ١٦.

بونێکی فۆنەتیکی هەبێت دەبێت دۆخێکی وەرگرتبێت، بە پێچەوانە فریزێکی ناوی نادروست دەبێت *NP "[١٠٥]

بەپێی ئەوەی لەسەرەوە خستمانەڕو دۆخی ڕێزمانی تەنیا بە (NP)یەکان دەدرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی وەک یەکەیەکی سینتاکسی لە جێکەوتە دۆخدارەکانی ڕستەدا دەردەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە "سەرە واتاییەکەی ناوی گشتییە و ئاوەڵناوەکەش، کە سەرەیەکی ڕێزمانییە و هەڵگری ناونیشانی فریزەکەیە، بۆ دەرخستنی ئەو ناوە ڕێکخراوە، بۆیە دەتوانێت لە هەمان جێکەوتەی فریزی ناوییدا دەربکەوێت، لەمەوە دەتوانرێت بگوترێت، هێڵ بەژێرداهاتووەکان (٣٨_ا، ب) فریزی ناوی نین، بەڵکو فریزی ئاوەڵناوین و بەهۆی جێکەوتەکانیان دەبنە (فریزی ناویئاسا) "[١٠٦] بڕوانە ڕستەکانی (٣٨)

٣٨_ ا. دکتۆرێکی شارەزا نەشتەرگەرییەکەی ئەنجامدا.

ب. Pro کوڕێکی ئازام هێنایە ناوگروپەکەوە.

### ٢.٩.٣ دۆخی ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا

لە زمانی کوردیدا لە بارەی دۆخی ڕێزمانی ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا بیروڕای جیاواز هەیە:

١- بەشێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە ئاوەڵناو لەم بەکارهێنانەدا دۆخدەر نییە و بەڵکو خاوەنی یاسایەکی بۆ زیادکردنە و لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) یان (ە) دەخرێتەسەر ناوەکەی پێش خۆی.[١٠٧]

[105] Chomsky, Noam . Lectures on Government and Binding_ The Pisa Lectures-Mouton de Gruyter. Fifth edition: Holland, 1981, PP 49.

[١٠٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فریز لە زمانی کوردیدا، ل٦٦.

[١٠٧] بڕوانە: محەمەدی مەحوی، ڕستەسازی کوردی، ل١٨١، حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل١١٦، بڕوا رسول ئەحمەد، دۆخ لە زمانی کوردیدا، ل٦٥-٦٦، ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبۆ، دوخ د زمانێ کوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، ل ١٤١-١٥٠.

٢- (هیدایەت عەبدوڵڵا) لە تێزی دکتۆراکەیدا پێیوایە (ی) خستنەپاڵ وەکو سەرەیەکی ڕێزمانی لە چەپەوە بۆ ڕاست دۆخی ڕێزمانی دەدات و ئاوەڵناوەکە دەبەستێت بە خۆیەوە و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بەرهەمدەهێنێت.[١٠٨] ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، بەپێی تیۆری ئێکس_بار ئەو فرێزەی، کە بەرهەمدێت فرێزێکی دیارخەرییە، نەک فرێزێکی ئاوەڵناوی، چونکە ئەگەر (ی) دۆخدەر بێت دەبێت، سەرەی فرێزەکەش بێت، ناونانی فرێزەکانیش بەپێی سەرەی فرێزەکانە، لەم فرێزەشدا (ی) وەک کاتیگۆرییەکی ئەرکی دەبێتە سەرەی ڕێزمانی فرێزەکە نەک ئاوەڵناوەکە. ئەمەش لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی ئەبنێی (Abney) کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو یەکدەگرێتەوە، کە پێیوابو لە فرێزی (John's book)دا، ('s) دەبێتە سەرەی دیارخەری (DP).[١٠٩] بەپێی ئەو بۆچونەش ئەو فرێزانەی بەیاریدەی (ی) خستنەپاڵییەوە لە زمانی کوردیدا دروستدەبن دەبن بە (DP).

هەر لەم بارەوە (سانیا جەبار عەبوزەید) لە تێزی دکتۆرەکەیدا پێیوایە (ی) خستنەپاڵ دەبێتە سەرەی ڕێزمانی فرێزەکە، بەڵام لە دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فرێزەکەدا بیر و بۆچونی جیاوازە، پێیوایە (ی) وەک سەرەی فرێزەکە ئاوەڵناوەکەی دوای خۆی وەک تەواوکەر دیاریدەکات، فرێزێکی خستنەسەر پێکدەهێنێت، ئەم فرێزەش دەبێتەوە تەواوکەر بۆ ناوەکەی پێش خۆی و هەمو بەسەرەیەکەوە دەبێتە فرێزێکی ناوی. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆنانەدا ئاماژەی بۆ پرۆسەی دۆخ بەخشین نەکردووە.[١١٠]

٣- بەشێکی تر لە زمانەوانەکان پێیانوایە، ئاوەڵناو لەم بەکارهێنانەدا بە پشتبەستن بە شوێنی هاتنی و بە ڕێسای سەرە_کۆتا سەرەیەکی ڕێزمانی دۆخدەرە و بەهۆی (ی)

---

[١٠٨] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، ل٧٥.

[109] Abney, Steven Paul. The English Noun Phrase In Its Sentential Aspect, PP79.

[١١٠] سانیا جبار عەبوزەید، جهگۆڕینا کەرستان درستیدا (گۆڤەرا بەهدینی)، ل٢١-٢٣.

دۆخی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بە ناوەکەی پێش خۆی دەدات.[111]شایانی باسە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەم بیرو بۆچونە کراوە.

### ٣.٩.٣ دۆخی ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا

ئاوەڵناو لە بەشەکرداردا، کە دەکەوێتە پێش کرداری (بون) لە جێکەوتەی بێدۆخدایە، بڕوانە (٣٩)

٣٩_ ا. ئەوان زیرەک بون. ب. * ئەوان بون. پ. * ئەوان زیرەک.

لە (٣٩_ا)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو هیچ دۆخێکی وەرنەگرتووە، چونکە کرداری (بون) "ناوەڕۆکێکی واتایی لاوازی هەیە، بەشەکردارێکی تەواو نییە (Full Predicate) ... دۆخدەر نییە"[112] چونکە ئەگەر دۆخدەر بوایە دەبو دۆخی بەرکاری ببەخشێتە تەواوکەرەکەی، بەڵام لەبەرئەوەی کرداری (بون) تێنەپەڕە ناتوانێت ئەم دۆخە ببەخشێت. چۆمسکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئاماژەی بۆ گریمانەی (بێدۆخ) (Caseless) کردووە،[113] واتە ئاوەڵناو لەم بەکارهێنانەدا لەجێکەوتەیەکی بێدۆخ دایە، لەم بارەدا لەبەرئەوەی کرداری (بون) کات و کەسی تێدایە، ئەرکەکەی بریتییە لە پێدانی دۆخی بە بکەری و بەستنەوەی ئاوەڵناوەکە بە بکەرەوە، هەر لەبەرئەوەشە ئاوەڵناوەکە لە(٣٩_پ)دا ناتوانێت بە تەنها دۆخ بە ئارگۆمێنتەکەی بدات، چونکە کرداری (بون)ی تێدانییە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت دۆخی ئاوەڵناوە لە پلەی بەراورد و گروپی ئاوەڵناوەکانی (بەپەرۆش و زیز....)ە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە هۆی پێشناوێکەوە

---

[111] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل ١٨-١٩، شنە جەبار فەتاح، ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، ل٦٥، سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل٥٣، چەندانی تر...

[112] ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو، دوخ د زمانێ کوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، ل٩٣.

[113] Chomsky, Noam. Knowledge of Language: Its Nature, Origin, and Use. New York: Praeger, 1986a. PP 195. لە ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو، دوخ د زمانێ کوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، ل٩٣، وەرگیراوە.

دۆخ بە تەواوکەرەکەیـان دەدەن، ئەگەر ئەم فریـزانە ببەسـتینەوە بە ڕسـتەوە لە بەکارهێنـانی بەشەکرداردا هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ کرداری (بـون) پریـدیکاتێک پێکدەهێنن و بە هــۆی کــات و کەســەوە دۆخــی بــکەری بە ئــارگۆمێنتی یەکەم دەدەن و بەهــۆی پێشناویشەوە دۆخی داتیڤ بە ئارگۆمێنتی دووەم دەدەن.

### ١٠.٣ ئـــــــاوەڵناو و **pro**

Pro جـۆرێکە لە جۆرەکـانی کـاتیگۆریی بەتـاڵ، کـاتیگۆریی بەتـاڵیش کەرەسـتەیەکی ئەبستراکتە، شێوەی فۆنەتیکی ئاشکرای نییە لە ڕستەدا شوێنی (NP)یەک دەگرێتەوە.[١١٤] هەر لەبەر ئەمەشـە چۆمسـکی بە کەرەسـەیەکی بـێ شـێوەی فۆنەتیکیـان دادەنێـت،[١١٥] کە چـوار جۆری هەیە:

١- شوێنپێی فریزی ناوی NP-trace

٢- شوێنپێی وشەی پرسیار Wh-trace

٣- PRO (پرۆی گەورە)

٤- pro (پرۆی بچوک)

هەریەک لەم جۆرانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە بارودۆخێکدا ڕودەدات.[١١٦] تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە هەوڵـدەدات لەڕێـی کـارلێکی نێـوان پەیوەنـدییە ڕۆنانییەکـانی وەک ( بەسـتنەوە، دەسـەڵات و کـۆنترۆڵ، لـقە تیـۆری سـێتا ڕۆڵ و دۆخ) کەرەسـتە بەتاڵەکـان لێکبـداتەوە.[١١٧] ئەوەی پەیوەنـدی بە ئاوەڵنـاوەوە هەیە. (pro)ی بچـوکە، ئەم پەیوەنـدیەش لەوەوە سـەرهەڵدەدات لە ڕۆنـانی فریـزی دیارخەریـدا ئەگەر فریـزی ئاوەڵنـاوی وەکـو

---

114 Trask, R L. A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. London: Roultedge, 1993, PP 90.

115 Comsky, Noam. Lectures Government and Binding the pisa Lectures, 7th ed. Berlin, New York: Mouton, The Hague, 1993.

116 Trask, R L. A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, PP 90.

١١٧ ڤیان سلیمان حاجی، کەرەستە بەتاڵەکان، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی: زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٧، ل ١٢٩.

پەسنکەری (Modifier)ی فریزە ناوییەکە بونی هەبێت، دەتوانرێ ('N)کە، دەرنەبڕدرێت و بەتاڵ بێت. بڕوانە (٤٠)

٤٠_ ا. کوڕە قۆزەکە هات. — Ø قۆزەکە هات.

ب. ئەم مرۆڤە شێتە کەوتە سەر زەوی. — ئەم Ø شێتە کەوتە سەر زەوی.

پ. بە پیاوێکی ئازای تێدەگەم. — بە Ø ئازای تێدەگەم.

ت. کچی جوان هات. — * Ø جوان هات.

دەرنەبڕینی ناوەکە لەمجۆرە فرێزانەدا بیر و ڕای جیاوازی لای زمانەوانەکان دروستکردووە، هەندێکیان بە پێی یاساکانی گوێزانەوە بە (لادان یان جێگیرکردن)یان داناوە، بەڵام (هیدایەت عەبدوڵڵا) شوێنی ناوە دەرنەبڕدراوەکەی بە (pro)ی بچوکی داناوە بەمشێوەیە:

١- لەو فرێزە ناوییەی، کە ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا دەبێتە پەسنکەری پێشەوە، شوێنی ئەو ناوە دیارخراوە بە (pro) دادەنێت، کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکە و لە پێکهاتەی فرێزەکەدا بزرە و تەنها لە ڕستەدا دەردەکەوێت. بڕوانە (٤١)

٤١. (pro) زیرەکترین خوێندکار
↓
کێ ئاڤان زیرەکترین خوێندکارە.

٢- لە فرێزی دیارخەریدا (pro)ی لە جێگەی ئەو ناوە دەرنەبڕدراوە داناوە، کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکە و لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنابڕدرێت. بڕوانە (٤٠)

٤٢_ ا. pro گەورەکە هات. — ب. pro سورەم بینی.

٣- لە ڕستەی ناسادەدا ئاماژە بە (pro)ی ئاوەڵناو دەکات، کە بە ئاوەڵناوی ڕستەی یەکەم بەستراوەتەوە. بڕوانە (٤٣)

٤٣_ ا. گەڕام بۆ کتێبی نوێ لە بواری پسپۆڕی خۆمدا و هەمو کتێبێکی (pro)م کڕی.

ب. لە دارستانە چرەکە زۆر دەترسا، چونکە دارستانە (pro)ەکە ماری زۆر لێبو. [118]

هەرچەندە لە بنچینەدا (pro) بۆ ئەو شوێنە بەتاڵانەیە، کە هەستدەکرێت کەرەستەیەکی تێدا دەرنەبڕدراوە، ئەم تایبەتمەندیشە زۆر بەڕونی لە شوێنی ناوە دەرنەبڕداروەکە بەدیدەکرێت، بەڵام بە هۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشانکردنی جێگەی ناوە دەرنەبڕدراوەکە بە (pro)ی بچوک ڕەتدەکرێتەوە:

١- (pro)ی بچوک لە جێگەی بکەری ڕستەدایە، کە لە سەرەیەکی حوکمکەرەوە دۆخی ڕێزمانی پێدەدرێت.[119]

٢- (pro)ی بچوک سیمای تایبەتی [+ جێناو] و [- ئانافۆرا] هەیە.[120]

٣- (pro)ی بچوک جێگەی گشت فرێزەکە لە ڕستەدا دەگرێتەوە، نەک کەرتێک لە فرێزەکە.

٤- لە ڕستەی ناسادەدا دەبێت لەگەڵ کاتیگۆرییەکی ڕستەی سەرەکی هاونیشانەبێت یان کەرەستەیەکی کۆنترۆڵکەری هەبێت، هەرچەندە لە (٤١)دا ئاوەڵناوەکە لەگەڵ ڕستەکانی پێش خۆی هاونیشانەیە بەڵام لەبەر نەبوونی ئەو سێ مەرجەی ئاماژەی بۆ کرا بە (pro) دانانرێت.

دەرنەبڕینی ناوەکە لەم جۆرە فرێزانەدا سەرپشکییە، بەڵام یاسابەندە و وابەستەی پەیڕەوی زمانەکەیە و خودی پێڕەوەکە ڕێگەپێدەدات،[121] کە لە خوارەوە ڕوندەکرێتەوە:

١- دەرنەبڕینی (N')کە لە ڕوی سیمانتیکەوە پەیوەستە بە زانیاری واتایی و پێشبینیکردنی سیما واتاییە بنەڕەتییەکانی ناوەکە لە ئاوەڵناوەکەدا، چونکە ناو و

[118] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١٤٦- ١٤٨.

[119] محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، ل ٢٠٧.

[120] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل١٣٥.

[121] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل٩٥.

ئاوەڵناوەکە خاوەنی ڕێککەوتنی واتایین[١٢٢] و لە کاتی دەرنەبڕینی ناوەکە زانیارییە واتاییەکانی ناوەکە لە ئاوەڵناوەکەدا هەیە، " ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئاوەڵناوەکە ناسنامەی ئاماژەبەندی (Reference identity) ناوەکە دەربخات و بیچەسپێنێت، واتە بەهۆی ئاوەڵناوەکەوە دەزانرێت، ناوەکە کام ئادگارەی هەیە و دەرنەبڕدراوە."[١٢٣] لەم بارەدا پێویستە ئاوەڵناوەکان تایبەتبن بە مرۆڤەوە، چونکە ئەگەر ئاوەڵناوەکە گشتی بو، واتە بۆ مرۆڤ و نامرۆڤیش بەکارهات، لە دوای دەرنەبڕینی ناوەکە لێڵی و تەمومژی لە تێگەیشتندا دروستدەکات.[١٢٤] بڕوانە (٤٤)

٤٤_ ا. من کوڕێکی باشم بینی. من _Ø_ باشێکم بینی.

ب. من خانوێکی باشم بینی. من _Ø_ باشێکم بینی.[١٢٥]

شایانی باسە لە هەندێک فرێزی وەک (هەناری مێخۆش، ژنی دوگیان، چای تاڵ، ...تاد) بە هۆی هاوڕێیەتی نێوان ناو و ئاوەڵناوەکە، ئەگەر ناوەکە دەرنەبڕدرێت واتای ناوەکە لە ئاوەڵناوەکەدا ڕەنگیداوەتەوە[١٢٦] بڕوانە (٤٥)

٤٥. شڤان هەنارە مێخۆشەکەی خوارد شڤان _Ø_ مێخۆشەکەی خوارد.

٢- دەرنەبڕینی ناوەکە لە ڕوی سینتاکسەوە نابێتە هۆی ناڕێزمانی بونی ڕۆنانی فرێز و ڕستەکە، بەڵکو هاریکارن بۆ دەرنەبڕینی ناوەکە لە (٤٠_ا، ب)دا "دیارخەرەکان ئاماژە بە هەبونی ناوە دەرنەبڕاوەکە دەکەن،"[١٢٧] چونکە دیارخەرەکان فۆرمێکی تایبەت بە ناون، کردارەکەش بەهۆی ئەو سیما واتاییانەی، کە هەڵیگرتووە

---

[١٢٢] بۆ زانیاری لەبارەی ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو بڕوانە: (٢.٢.٣.٢.٤)

[١٢٣] هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

[١٢٤] شایانی باسە ئەگەر قسەکەر و گوێگر بە پێی دەوروبەر بزانن مەبەست کێیە یان چییە، لێڵی و تەمومژ لە تێگەیشتندا دروستنابێت.

[١٢٥] ئازاد ئەحمەد حسەین، یاساکانی گواستنەوە بە گشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: بەشیB، ژمارە٣٤، ٢٠١٢، ل٣٧.

[١٢٦] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١٧٩.

[١٢٧] محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، ل١٠٠.

دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دەرنەبڕینی ناوەکە. لە (٤٠_پ)یشدا ڕۆنانی فرێزە کرداریيەکە و ئەو زانیاریيانەی لە ئاوەڵناوەکەوە درکیپێدەکرێت دەبێتە هۆی دەرنەبڕینی ناوەکە، کەواتە ڕۆنانی فرێز و ڕستەکە و ئەو زانیاریيانەی، درکیان پێدەکرێت دەبێتە هۆی دەرنەبڕینی ناوەکە.

بەپێی ئەم دو خاڵەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە ڕۆنانی سینتاکسی و بەتایبەتی ئەو زانیاریيانەی لە فرێز و ڕستەدا درکیان پێدەکرێت ڕێگە خۆشدەکەن بۆ دەرنەبڕینی ناوەکە، کە دور و نزیک پەیوەندییان بە (pro)ی بچوکەوە نییە، بەڵکو دەبەسترێتەوە بە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە، لە ڕۆنانی ژێرەوە ناوەکە بونی هەیە، بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوە دەرنابڕدرێت. بە واتایەکی تر "ئەم (N') لەسەر ئاستی سیمانتیکی بونی خۆی هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا دەرنەبڕدراوە."[١٢٨]

[١٢٨] کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند، سلێمانی: چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٨، ل٣٧.

## ٤. سیمانتیکی ئاوەڵناو

### ١.٤ سەرەتا:

لە بەشی دووەمدا، ئاوەڵناو وەک یەکێک لە پۆلە فەرهەنگییەکان دەستنیشانکرا، کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی واتاییە، هەروەها لە تەوەرەی (٦.٣) ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە ئاوەڵناو هەڵگری زانیاری سیمانتیکییە، ئەوەی لەم بەشەدا پێویستە ڕونبکرێتەوە ئەوەیە، کە واتای ئاوەڵناو چۆن دیاردەکرێت و زانیارییە سیمانتیکییەکان چۆن بەرجەستە دەکرێن و نیشاندەدرێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەپێی یەکێک لە تیۆرە واتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی واتاسازی وشەدا، واتای ئاوەڵناو ڕوندەکرێتەوە و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی و بەشەکرداریدا بەپێی لقە تیۆری سێتا لە واتای ئاوەڵناو دەکۆڵرێتەوە، چونکە بەپێی بەکارهێنانەکەی واتاکەی ڕوندەبێتەوە، ئاخۆ بە واتای پێکهاتەیی یان ناپێکهاتەیی (میتافۆر، ئیدیەم) بەکارهاتووە.

### ٢.٤ سیمانتیکی ئاوەڵناو

لەم ئاستەدا بەپێی یەکێک لە تیۆرە واتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکان باس لە واتای ئاوەڵناو دەکرێت. ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لەم تەوەرەیەدا تەنیا بە کورتی یەکێک لە تیۆرە واتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکانی ئاوەڵناو دەخرێتەڕو، چونکە سنوری توێژینەوەکە بواری ئەوە نادات باسی سەرجەم تیۆرە واتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکان بکرێت.

#### ١.٢.٤ تیۆرە واتاییەکان

بە مەبەستی دەرخستنی لایەنی شاراوە و نادیاری واتا و پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەکان و واتا و پەیوەندی نێوان هێما و شتەکانی دنیای دەرەوەی زمان، گەلێک تیۆری واتایی خراونەتەڕو، لەوانە (تیۆری هۆشەکی، تیۆری ڕەوشتی، تیۆری بەکارهێنان، تیۆری

بـواره واتاییەکـان، تیـۆری سـیمانتیکی لێکـدەرەوە، تیـۆری بەرهـەمهێنـان، ...تـاد) ئەم تیـۆرانە هەندێکیان لە بارەی واتای وشەوە دانراون، هەندێکی تریان تایبەتن بە واتای ڕستە.

### ٢.٢.٤ تیۆری بواره واتاییەکان

سەرەتای ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، لە نوسینەکانی گیکیلەر و بیروڕاکانی هەمبۆڵت (١٨٣٦) و هاردەر (١٧٧٢) باس لە بواره واتاییەکان کراوە،[١] بەڵام وەک تیۆرێک، کە ڕێگەی خۆی گرتبێت لە شاکارەکەی سۆسێر (زمانەوانی گشتی)یەوە دەستپێدەکات، کە ساڵی (١٩١٦) بڵاوکراوەتەوە. بەپێی ئەم تیۆرە هێما زمانییەکان و وشەکان هەڕەمەکی و بەرت و بڵاونین، بەڵکو بەشێوەی جیاجیا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و لە ژێر چەند بوارێکدا کۆبونەتەوە، بەهای واتای هەر وشەیەک لە ناو ئەو کۆمەڵە وشەیە و پەیوەندیی بە وشەکانی دەوروبەرییەوە دەردەکەوێت.[٢]

#### ١.٢.٢.٤ بواری واتایی (چەمک و پێناسە)

بواری واتایی (Semantic field) بریتییە لە کۆمەڵێ وشە، کە پەیوەندییەکی واتایی پتەویان بەیەکەوە هەیە و زۆرجار وشەیەکی گشتی کۆیاندەکاتەوە. بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین: بوارێکی واتایی ئەو کۆمەڵە وشەیە دەگرێتەوە، کە بە هەمویان بوارێکی بیری دەگرنەوە و پەیوەندییەکی واتایی ئاشکرا لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نمونە هەمو ئەو وشانەی باسی ڕەنگ دەکەن وەک: (سپی، سەوز، ڕەش، قاوەیی، شین، سور و ...تاد) وشەی ڕەنگ لە کوردیدا کۆیان دەکاتەوە و سەر بە بواری واتایی ڕەنگن.[٣] واتە بواری واتایی ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ پۆلێنکردن و شیکردنەوەی واتای وشەکان و تێگەیشتن لە بیر و چەمکەکانیان، لەبەرئەوە بەپێی بواری واتایی و ئەو بیرانەی، ئاوەڵناو لەخۆی دەگرێت پۆلێنێکی واتایی بۆ

---

[١] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٠٠٩، ل٢٠٢.

[٢] فەرهاد تۆفیق حەسەن، پەیوەندییە سیمانتیکیەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢١.

[٣] هۆگر محمود فەرەج، بواره واتاییەکان، (نامەی ماستەر)، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣، ل٥.

ئاوەڵناو دەخرێتەڕو.

### ٢.٢.٢.٤ پۆلێنی واتایی ئاوەڵناو

پۆلێنکردنی ئاوەڵناو بەپێی بوارە واتاییەکان، لەلایەن چەندین زمانەوانەوە ئەنجامدراوە، لەوانە: (دیکسۆن Dixon لە ساڵی (١٩٧٧ و ١٩٨٢)، ئارتس Aarts (١٩٧٦)، شرام Shramm (١٩٧٩)، فراولی Frawley (١٩٨٢)، وا-ڕێن War-Ren (١٩٨٤)، ئۆکادا Okada (١٩٩٠).[٤] یۆخین سپلیت Splett و هۆندس نۆرشە Hundshurscher (١٩٨٢)[٥])

هەر یەکێک لەم زمانەوانانەی، پۆلێنەکەیان بۆ زمانێکی دیاریکراوە، پۆلێنەکەی (شرام) بۆ ئاوەڵناوی زمانی ڕوسییە، پۆلێنی (ئۆکادا) بۆ ئاوەڵناوی زمانی ژاپۆنییە، پۆلێنی (یۆخین سپلیت و هۆندس نۆرشە) بۆ ئاوەڵناوی زمانی ئەڵمانییە، پۆلێنی زمانەوانەکانی تر گشتین. لەم توێژینەوەیەدا پۆلێنێکی هاوبەش لەنێوان پۆلێنەکەی (دیکسۆن ١٩٧٧ و فراولی ١٩٨٢)دا دەخرێتەڕو[٦]، کە بەپێی ئەو بیر و واتایانەی ئاوەڵناوەکان دەریدەبڕن دابەشدەبن بۆ حەوت بواری واتایی:

١- تەمەن (Age) (ساوا، پیر، گەنج، ....)

٢- ڕەنگ (Color) (سور، شین، ڕەش، سپی، ...)

٣- نرخ و بەها (Value) (هەرزان، گران، باش، خراپ، ...)

٤- تایبەتمەندیی کەسی/ گیانلەبەران (Human Propensity):

ا- باری ڕەفتاری (Behavioral State) (بەپەرۆش، دڵخۆش، دڵنیا، ئازا، ئارام ...)

---

4 Raskin, Victor, and Sergei Nirenburg. Lexical Semantics of Adjectives A Microtheory of Adjectival Meaning. article, 1995, P 7-9.

٥ حاتەم ولیا محمد، دلێر صادق کانەبی، دانا تەحسین محمد، پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچونی (یۆخین سپلیت و هۆندس نورشە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: ژمارە: ٥، ٢٠١٥، ل١٦٣.

6 بۆ زانیاری لەبارەی پۆلێنی دیکسۆن و فراولی بڕوانە:

1- Dixon, R. M. W. Where Have All the Adjectives Gone? and other essays in Semantics and Syntax. Mouton Publishers: Berlin. New York. Amsterdam, 1977, PP24.

2- Frawley, William. Linguistic Semantics, First Published. New York: Routledge, 1992, PP452-475

ب- باری جەستەیی(Physical State) (جوان، قۆز، باڵابەرز، لاواز، ...)

پ- باری ئاوەزی (Mental State) (ژیر، زیرەک، هۆشمەند، ...)

٥- تایبەتمەندیی فیزیکی شت (Physical Propensity):

ا- ڕواڵەت و پێکهاتەی شت (Texture) (ڕەق، نەرم، جیڕ، شل، توند، ...)

ب- کێش (Weight) (قورس، سوک)

پ- قەبارە و پێوانە (Size and Index) (گەورە، بچوک، درێژ، بەرز، ....)

ت- پلەی گەرمی (Temperature) (سارد، گەرم، شلەتێن، شێدار، ...)

ج- تام (Taste) (سوێر، شیرین، تاڵ، مێخۆش، ...)

٦- خێرایی (Speed) (هێدی، خێرا، هێواش، تیژ، ...)

٧- دوری (Dimension) (دور، نزیک)[٧]

### ٣.٢.٤ ئاوەڵناو و پەیوەندییە واتاییەکان

پەیوەندییە واتاییەکان دو جۆرن: (پەیوەندیی ئاماژەیی، پەیوەندیی شوێنی)، ئەم دو پەیوەندییە ڕۆڵیکی گرنگ دەبینن لە لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی واتای وشە، لەبەرئەوە هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی ئەم دو پەیوەندییەوە لەسەر ئاستی واتای وشە واتای ئاوەڵناو ڕونبکرێتەوە. چونکە "زمان بە پەیوەندییەکی ئاڵوزی تێکچرژاو دادەنرێت، بە جۆرێک، کە یەکەکانی تەواو چونەتە ناو یەکەوە، هەر یەکەیان واتای ئەوی تریان دەردەخات"[٨]

### ١.٣.٢.٤ پەیوەندیی ئاماژەیی

ئەم پەیوەندییە برتییە لە " پەیوەندیی کەرەستەی فەرهەنگی بە جیهانی دەرەوە، کە ئاماژە بۆ شت، ڕوداو، چۆنییەتی یا پەیوەندییەک بە هەرشتێکی دیکە لەو جیهانەدا دەکات"[٩] ئەم جۆرە پەیوەندییە لە ڕونکردنەوەی واتای وشەکان ڕۆڵدەبینێت، هەندێک لەو وشانە لە

---

[٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٢.١.٤.٤)

[٨] تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١١.

[٩] ڤیان سلیمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، ل٩٢.

جیهانی دەرەوەدا کەرەستەیەکیان لە بەرانبەردا هەیە، هەندێکی تر هیچ کەرەستەیەک لە بەرانبەریاندا نییە. بۆ نمونە وشەیەکی وەک (بەرد) ئاماژە بۆ کەرەستەیەک دەکات، کە لە جیهانی دەرەوەدا بونی هەیە، بەڵام وشەیەکی وەک (بچوک) هیچ کەرەستەیەک لە بەرانبەریدا نییە، بەڵکو ئاماژە بۆ قەبارەی کەرەستەیەک دەکات، کە بچوکە، واتە ئاوەڵناو لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە تایبەتمەندی و ئادگاری شتەکان پەیوەندیی بە دنیای دەرەوەی زمانەوە هەیە، لە ئەنجامی پەیوەسبونی بە کەرەستەکانەوە واتاکەی ڕوندەبێتەوە.

### ٢.٣.٢.٤ پەیوەندیی شوێنی

ئەم پەیوەندییە پێچەوانەی پەیوەندی ئاماژەییە، تەنیا گرنگی بە پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان دەدات، کە لەنێوان کەرەستە زمانییەکان (بەتایبەتی وشەکان) خۆیاندا هەیە.[١٠] تۆڕی واتایی نێوان وشەکان بەپێی دوری و نزیکیان دروستدەبن، (جۆن لاینز) پێوایە، کە وشە نییە پەیوەندی، لەگەڵ وشەی تردا نەبێت، وشە پەیوەندییەکی دور و نزیکی بە وشەکانی ترەوە هەیە.[١١] ئەم پەیوەندییەش لە شێوەی ئاسۆیی و ستونیدا دەردەکەوێت.

### ١.٢.٣.٢.٤ پەیوەندیی ستونی

بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان وشەیەک و وشەکانی تری کاتیگۆرییەکەیدا هەیە، کە دەتوانن لە جیاتی یەکتر بێن و واتای فرێز، یان ڕستە بگۆڕن. وەک پەیوەندیی نێوان وشەی (زەنگین) و وشەکانی (دەوڵەمەند، هەژار)، کە هەر سێ وشە سەر بە کاتیگۆریی ئاوەڵناون و دەتوانن لەجیاتی یەکتر بێن و واتای ڕستەکە بگۆڕن.[١٢] بڕوانە (١)

١. شڤان مرۆڤێکی ▲ زەنگینە.
دەوڵەمەند
▼ هەژار

---

[١٠] بێخاڵ عبدالله سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل٧٣.
[١١] عەبدولواحید مشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، هەولێر: ئاوێر، ٢٠١٥، ل٤٥.
[١٢] ڤیان سلیمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا، ل٩٢-٩٣.

پەیوەندیی ستونی لە چەند پەیوەندییەکی تری نێوان وشەکانی زماندا بەدیدەکرێت وەک: هاوواتایی، دژواتایی، ...تاد.[13] دەکرێت لەسەر ئاستی دانە فەرهەنگییەکان ئەم پەیوەندییانە بۆ دیاریکردنی واتای ئاوەڵناوەکان لەگەڵ یەکتردا بەکاربهێنرێت:

١- هاوواتایی: بەو وشانە دەڵێن، کە یەک واتا دەبەخشن یان واتایان لێکنزیکە.[14] بۆ نمونە ئاوەڵناوی (پاک) پەیوەندیی هاوواتایی لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەک (خاوێن، پاکژ، بێگەرد)دا هەیە. دەتوانرێت واتای هەر یەکێک لەم ئاوەڵناوانە بەهۆی هاوواتاکانیان ڕونبکرێتەوە.

٢- دژواتایی: بەو وشانە دەگوترێت، کە لە واتادا بەرانبەر بەیەک دژ وەستاون، یان دو وشەی جیاواز، کە دو واتای جیاوازیی دژ بەیەکیان هەیە.[15] ئاوەڵناوی (پاک) پەیوەندیی دژواتایی لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەک (پیس، چڵکن)دا هەیە. ئەم پەیوەندیەش هۆکارێکە بۆ ڕونکردنەوەی واتای ئاوەڵناوەکان.

٣- فرەواتایی: هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە، یان وشەیەک بە ژمارەیەک واتاوە پێیدەگوترێ فرەواتایی.[16] هەر ئاوەڵناوی (پاک) جگە لە واتا فەرهەنگیەکەی بەپێی دەوروبەر و مەبەستەکانی بەکارهێنان، چەند واتایەکی تری هەیە، وەک: (دەستپاک، بێتاوان، باش، پەسەند، ...تاد)

٤- هاوبێژی: هاوبێژی یەکێکی ترە لە پەیوەندییە واتاییەکان، ئەگەر وشەیەک پەیوەندیی هاوبێژی لەگەڵ هەر ئاوەڵناوێکدا هەبێت دەتوانرێت بۆ ڕونکردنەوەی واتای ئاوەڵناوەکە بەکاربهێنرێت، چونکە هاوبێژی کاتێک دێتە ئاراوە، کە " یەک فۆڕم دو

---

[13] تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی، ل٦١.

[14] ئاوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥، ل٢٠.

[15] تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی، ل ٨٨.

[16] محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، سلێمانی: چاپخانەی ڕون، ٢٠٠٦، ل٦٦.

واتا یا زیاتری هەبێت."[17] بۆ نموونە: (دانا) وەک ئاوەڵناو مەبەست لێی زیرەکی و لێهاتوییە، بەڵام کرداری (دانا) بە واتای (دانان) دێت.

٥- گرتنەوە (هایپۆنیم): ئاوەڵناوەکانی (بەنرخ، بەکەڵک، چاک، نایاب، پەسەند، ...تاد) هایپۆنیمی ئاوەڵناوی (باش)ن، واتای هەر یەکێک لەم ئاوەڵناوانە دەتوانرێت بەهۆی هایپۆنیمەکەیانەوە دەربخرێت. چونکە "هایپۆنیم دیاردەیەکی پەیوەندیی واتایی فەرهەنگییە شان بەشانی هاوبێژی و هاوواتایی و دژواتایی و فرەواتایی کاردەکات، ... هەمیشە هایپۆنیمی وشەی ژێرخان، سەرخانەکەی خۆی دەگرێتەوە."[18]

### ٢.٢.٣.٢.٤ پەیوەندیی ئاسۆیی

بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی و واتایی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لەناو چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی.[19] ئەم پەیوەندییە لەنێوان کاتیگۆرییە جیاوازەکاندا دەبینرێت. وەک پەیوەندیی نێوان ناو و ئاوەڵناو، کردار و پێکهێنەکانی تری ڕستە، واتە ئەم پەیوەندییە لەنێوان دو وشە، یان زیاتردا دەردەکەوێت، کە دەبێت لە ڕوی سینتاکس و واتاوە ڕێگەپێدراوبن، لە پەیوەندیی واتایی ئاسۆییدا هەمیشە یەکێک لە کەرەستەکان زاڵە بەسەر کەرەستە، یان کەرەستەکانی تری ڕستەدا و سیماکانی بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێت.[20] ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا لقە تیۆری سیتا گرنگی بە پەیوەندیی ئاسۆیی کەرەستە پێکهێنەکانی فرێز و ڕستە دەدات، بۆیە لە تەوەرەی داهاتودا بەپێی ئەم لقە تیۆرە لە پەیوەندیی ئاسۆیی ئاوەڵناو لەگەڵ کەرەستەکانی تردا دەکۆڵرێتەوە.

ئاوەڵناو لەم پەیوەندییەدا لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا کەرەستەی بە دەسەڵاتە و


---

[17] هەمان سەرچاوە، ل٦٥.
[18] تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی، ل٩٨-٩٩.
[19] طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل٣٣.
[20] ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا، ل٩٣.

ناوە دیارخراوەکەی بەپێی کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن هەڵدەبژێرێت[21]، چەندین دیاردەی وەک ڕێککەوتن، ڕێکنەکەوتن، هاوڕێیەتی، واتای پێکهاتەیی و واتای ناپێکهاتەیی (ئیدیەم، میتافۆڕ) دێتە ئاراوە، کە بەکورتی لێیان دەدوێین:

١- ڕێککەوتنی واتایی: بریتییە لە ڕێککەوتنی کەرەستەکان و سازان و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە ڕوی واتاوە، واتە یەکگرتن و ڕێککەوتنی سیما واتاییەکانی کەرەستە پێکهێنەرەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانەوە، کە بەهۆیەوە کەرەستەی بە دەسەڵات هەندێک کۆتی واتایی تایبەت بە سەر کەرەستە بێدەسەڵاتەکان دەسەبێنێت.[22] بۆ ئەوەی بەهەمان واتایی پێکهاتەییەوە لە ڕۆنانی فرێز و ڕستەکەدا دەربکەوێت. بڕوانە نمونەی(٢) و نەخشەی (٤-١)

٢. نانی نەرم، قوماشی نەرم، ...تاد.





**نەخشەی ٤-١ ڕێککەوتنی سیمای واتایی ناو و ئاوەڵناو**

٢- ڕێکنەکەوتنی واتایی: مەبەست لە ڕێکنەکەوتن ئەوەیە، کە سیمای واتایی بنەڕەتی ئاوەڵناوەکە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێکناکەوێت و دەبێتە هۆی نادروستی واتایی بڕوانە (٣) و نەخشەی (٤-٢)

[21] هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

[22] مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا، شەهرزاد نایب موحەمەد، نیعمەت سابیر عوسمان، ڕێککەوتن لە دروستە مۆرفۆلۆجییەکانی شێوەزاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی: ٥، ژمارە: ٥، ٢٠٢٠، ل٥.

٣. *خەونی نەرم، بەردی نەرم، ...تاد.




**نەخشەی ٤-٢ ڕێکنەکەوتنی سیمای واتایی ناو و ئاوەڵناو**

٢-هاوڕێیەتی: بریتییە لە پەیوەندیەکی دیاریکراوی وشەیەک، لەگەڵ هەندێک وشەی تردا لە یەکەیەکی سینتاکسیدا،[٢٣] ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەکی گشتی " لە نێوان ناو ئاوەڵناودا پەیوەندییەکی تەرخان بەندە لە سنورێکی تەسکدا قۆرخکراوە، بە تایبەتمەندی تەنیا ناوێکەوە"[٢٤] بڕوانە(٤)

٤. هەناری مێخۆش، ماستی بۆکز، سەگی پێسوتاو، ژنی دوگیان، ...تاد.

### ٣.٤ تیۆری سیتا (Theta)

تیۆری سیتا لقە تیۆرێکی حوکمکردن و بەستنەوەیە، کە بەستراوەتەوە بە ڕۆنانی ژێرەوە، گرنگی بە پێدانی (ڕۆڵە بابەتانە) دەدات،[٢٥] ڕۆڵەکان سیمانتیکین و پەیوەندیی واتایی نێوان ئارگۆمێنت_داواکەر و ئارگۆمێنتەکان دەردەبڕێت[٢٦] یان تیۆری (Theta) لە (GB)دا مۆدەلێکە مامەڵە لەگەڵ داواکارییە گونجاوەکانی کرداردا دەکات و کۆمەڵێ ڕۆڵی تایبەت لە سنوری کرداردا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.[٢٧] ئێستا ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە، ئەگەر تیۆرەکە مامەڵە لەگەڵ کردار و داواکارییەکانیدا بکات، دەبێت ئاوەڵناو چ

[23] P. H. Matthews. The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Second edition, Oxford University Press, 2007, PP 114.

[٢٤] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١٧٨.

[25] P. H. Matthews. The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Second edition, PP 757.

[٢٦] هەژار حسەین والی، بە بەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە و ڕامیاری چەمچەماڵ، سکوڵی پەروەردە: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٩.

[٢٧] سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، ل١٠٦.

پەیوەندییەکی بەم تیۆرەوە هەبێت؟ ئایا ئاوەڵناو داواکراوی هەیە، یان بە دەربڕینێکی تر ئایا ئاوەڵناو ئارگۆمێت_داواکەرە؟ توانای هەڵاوێرکردنی هەیە؟ لە چ بەکارهێنانێکدا ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکانی دەدات؟ لە تەوەرەکانی داهاتودا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدرێتەوە.

### ١.٣.٤ پێوەری سیتا (Thteta Criterion)

بەپێی ڕێسای سەرەکی پێوەری سیتا (That Criterion) "هەر ئارگۆمێنتێک یەک ڕۆڵ و تەنیا یەک ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت، هەر ڕۆڵێکی بابەتانەش بە یەک و تەنیا بە یەک ئارگۆمێنت دەدرێت"[٢٨]

### ٢.٣.٤ کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن

هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکان بەهۆی ئەو زانیارییانەوە دەبێت، کە ئارگۆمێنت_داواکەر لە بارەی ئارگۆمێنتەکان هەڵیگرتووە، ئەو زانیارییانە، پەیوەستن بە ڕۆڵی سیمانتیکی ئارگۆمێنت_داواکەرەکانەوە، کە بەشێکە لە زانیاری فەرهەنگی ( Lexical Knowledge) قسەکەری زمانی دایک، دەبێت لە فەرهەنگدا تۆمارکرابێت، ئەمەش لە تیۆری (GB)دا بە سیمانتیک گرید (Thematic grid) یان سیتا گرید (Theta grid) ئاماژەی پێدەدرێت، کە بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگی (Lexical entry)[٢٩] ئەو زانیارییانە کۆتوبوندی هەڵاوێرکردنی واتایی (S_Selection) و کاتیگۆری (C_Selection) و "ڕێکەوتن و گونجانی ئارگۆمێنت_ داواکەر و ئارگۆمێنتەکانی لە ڕۆنانێکدا دێننە ئاراوە و ڕێگەنادەن ڕستەی ناڕێزمانی دروست ببێت."[٣٠]

#### ١.٢.٣.٤ هەڵاوێرکردنی واتایی (S_Selection)

بریتییە لە توانای ئارگۆمێنت_داواکەرەکان بۆ کۆتوبەندکردنی جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە بەشداری لەگەڵدا دەکەن، بەمەش ئارگۆمێنت_داواکەر ژمارەیەکی

---

[28] Comsky, Noam. Lectures Government and Binding the pisa Lectures, PP 36

[٢٩] تارا موحسین قادر، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، ل٥٦.

[٣٠] هەژار حسەین والی، بە بەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، ل٢٨.

دیـاریکراو لەو ئارگۆمێنتـانە هەڵـدەبژێرێت، کە ڕۆڵـی سـێتا وەردەگـرن.[31] لە ڕۆنـانی هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێکـدا تـۆڕی بابەتـانە هەیە و هەڵگـری ئەو ڕۆڵە بابەتانـانەیە، کە بە ئارگۆمێنتەکـان دەبەخشـرێت، تـۆڕی بابەتـانە بەشـێکە لە تۆمـاری فەرهەنگـی هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێـک[32] بـۆ نمـونە کـرداری (خـوارد) دەروازەیەکـی فەرهەنگـی ئەمەی خوارەوەی هەیە:

٥. خوارد: (کردار)

**خشتەی سێتا گریدی ٤-١ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کرداری خوارد**

| کارا | کارتێکراو |
|---|---|
| | |

هەڵاوێرکردنـی سـیمانتیکی مەرج و یاسـای خـۆی هەیە. یاسـای هەڵاوێرکردنـی سیمانتیکی ئەوەیە، کە ئارگۆمێنت_داواکەرێک دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتانەی لە تۆڕی بابەتەنەیدا هەیەتی، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کۆمەڵەی ئارگۆمێنتێک بکات. بڕوانە (٦)

٦. ئەو شاخەکە دەخوات.

ڕستەی (٦) لەڕوی سینتاکسیەوە ڕستەیەکی دروستە و ژمارەی ئارگۆمێنتەکانیشـی تەواوە، بەڵام لەڕوی سروشـت و جـۆری ئەو ئـارگۆمێنتەی، کە دیـاریکردووە واتـا ناڕاسـتە، چـونکە ئـارگۆمێنتی دووەمـی کـرداری (خـوارد)، کە (شـاخ)ە، دەبێـت هەڵگـری سـیماکانی [+ قوتدان، + جوین، + لەناوچون، + لەبار بێت بۆ خواردن]بێت، کەچی سیماکانی [– جوین – قوتـدان، – هەرسـکردن، ...تـاد]ی هەیە. لەبەر ئەوەی سـیما واتاییەکـانی ئەم ئـارگۆمێنتە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە واتاییـانەی، لە ڕۆڵـی بابەتـانەی تـۆڕی بابەتـانەی ئاڕگۆمێنـت_داواکەرەکەدا هەیە ڕێکنـاکەون و نـاگونجێن، ناتوانرێـت ڕۆڵـی بابەتـانەکە بـدرێت و کـردەی کـردەکە

[31] سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، ل١٠٨.
[32] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٧٧.

جێبەجێبکرێـت. لە ئەنجامـدا نـاتەواوی و نادروسـتی دێنێـتە ئـاراوە،[٣٣] واتە دەبێـت بـۆ جێبەجێبـوونی کۆتوبەنـدی هەڵاوێرکردنـی سـیمانتیکی ڕێککەوتـن لەنێـوان ڕۆڵـی بابەتـانە و سـیمای واتـایی ئارگۆمێنتەکانـدا هەبێت. بەهـۆی ئەمەشـەوە ئـارگۆمێنتەکە ڕۆڵە بابەتـانەکە وەردەگرێت.

### ٢.٢.٣.٤ هەڵاوێرکردنی کاتیگۆری (C_Selection)

هەڵاوێرکردنـی کـاتیگۆری لەپاڵ هەڵبژاردنـی واتـایی، وەکـو تایبەتمەنـدییەکی تـری ئارگۆمێنت_داواکەر کاردەکات، ئەمەش توانای ئارگۆمێنت_داواکەر لە هەڵبژاردنی کاتیگۆریی تەواوکەر (Complement)، کە یەکە فەرهەنگیـیەکە بـواری پێـدەدات.[٣٤] هەڵاوێرکردنـی کـاتیگۆری تایبەتییەکـانی زاراوەیەکـی فەرهەنگیـیە، کە بەهـۆیەوە ئەو زاراوەیە بڕیـاری هەڵبژاردنـی پـۆلە ڕەگەزی تەواوکەرەکـانی دەدات.[٣٥] ئەگەر هەڵاوێرکردنـی کـاتیگۆری هەر لەسەر کرداری (خـوارد) نیشـانبدرێت، دەتوانرێت، لەگەڵ سـێتا گریدەکەی پێشـو جۆری ئەو کاتیگۆرییە سینتاکسیەش دیاریبکرێت، کە ڕۆڵە بابەتانەکەی دەدرێتەپاڵ:

**خشتەی سێتا گریدی ٤-٢ هەڵاوێکردنی سیمانتیکی و کاتیگۆریی کرداری خوارد**

| کارا<br>NP | کارتێکراو<br>NP |
|---|---|
| | |

ئەوەی مـاوەتەوە ئامـاژەی بـۆ بکرێت خـانە بەتاڵەکانە لە سـێتا گریدەکەدا بۆ دانـانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە، ئەویش بە جۆرێکە، کە فرێزە ناوییەکان بەهۆی ئیندێکس (Index)ێک

[٣٣] هەمان سەرچاوە، ل٨٦.
[٣٤] سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، ل١٠٨.
[٣٥] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٨٦.

سیما دەکرێن، کە بریتییە لە دانانی ژمارەیەک یان پیتێکی (k, j, i) لە خوارەوەی لایەکی فرێزە ناوییەکان دواتریش دانانیان لە سێتا گریدەکە. بڕاونە (٧)

٧_ ا. شڤان$_i$ نان$_j$ دەخوات$_i$ .

ب. *شڤان$_i$ دەخوات$_i$

پ. *شڤان$_i$ گۆشت$_k$ نان$_j$ دەخوات$_i$

ئەگەر ڕستەی (٧_ا) لە سێتا گریدەکە دیارییبکرێت دەبینین، هەر دو خانەی کارا و کارتێکراو پڕدەکرێتەوە، چونکە ڕۆڵی بابەتانە بە تەواوی بەخشراوە.

**خشتەی سێتا گریدی ٤-٣ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_ا)**

| کارا NP | کارتێکراو NP |
|---|---|
| i | j |

ئەگەر ڕستەی (٧_ب) لە سێتا گریدەکە دیارییبکرێت دەبینین، یەکێک لە خانەکان بەتاڵە پڕنەکراوەتەوە، چونکە یەکێک لە ڕۆڵە بابەتانەکە نەبەخشراوە.

**خشتەی سێتا گریدی ٤-٤ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_ب)**

| کارا NP | کارتێکراو NP |
|---|---|
| i | ؟ |

لە ڕستەی (٧_پ)دا بە پێچەوانەی (٧_ب) ئیندێکسێکی ئاماژەکەر هەیە، کە ناتوانرێت لە سێتا گریدەکەدا دابنرێت، چونکە ڕۆڵی بابەتانەی پێنەبەخشراوە.[٣٦]

[٣٦] بڕوانە:

1- Haegeman, Liliane. Introduction to Government and Binding Theory, Second EditIon. Oxford: Blackwell, 1998, PP 51-54.

٢- حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل٣٩-٤١.

**خشتەی سێتا گریدی ٤-٥ دانانی سیمای ڕۆڵی بابەتانە ڕستەی (٧_پ)**

| | کارتێکراو NP | کارا NP |
|---|---|---|
| K? | j | i |

بەپێی ئەوەی لە سەرەوە خرایەڕو، ئەگەر ئەو ئارگۆمێنتەی، کە پێویستە لە ڕستەکەدا نەبو، یان ئارگۆمێنێکی زیادە لە ڕستەکەدا هەبو، هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی بۆ تەرخان نەکرابو، ڕستەکە ناڕیزمانی دەردەچێت، چونکە ئارگۆمێنت_داواکەرەکە نەیتوانیوە هەڵاوێری کاتیگۆری ئارگۆمێنتەکە بکات.

**٣.٣.٤ نواندنی سێتا گرید**

بۆ نواندنی تۆڕی بابەتانە و ئەو ڕۆڵانەی، کە ئارگۆمێنتەکان هەڵیدەگرن بە دو شێوەی سەرەکی دەنوێنرێن، یەکێک لەوانە نواندنە لە خشتەیەکدا (بڕوانە خشتەی (٤-١تا٥)) جۆری دووەمی نواندنە لە کەوانی شکاوەدا، کە سادەترین شێوەی نواندنی ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتەکانە. بڕوانە نواندنی ڕستەی (٨)

٨. ئازاد نانی خوارد.

- نواندنی ئارگۆمێنت و کاتیگۆری:

خوارد: کردار [< NP > 1، < NP > 2]

- نواندنی ئارگۆمێنت و کاتیگۆری و ڕۆڵی بابەتانە:

خوارد: کردار [ 1 < NP کارا>، 2 < NP کارتێکراو>] [٣٧]

**٤.٣.٤ جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە**

ژمارە و جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە لای زمانەوانەکان جیاوازی هەیە، تا ئێستا ڕێکنەکەوتن لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو، بەکورتی هەندێک لەو ڕۆڵانە دەخرێنەڕو:

---

[37] Aarts Bas, English Syntax and Argumentation, Second dition, PP 93.

١- کــارا (Agent): ئەنجامــدەری ئەو کــردەیە، کە لە بەشــەکردارەکەدا (predicate) ئاماژەپێدراوە. بڕوانە (٩)

٩. منداڵەکە یاری دەکات.

٢- کارتێکراو/ تەوەر (Patient/ Theme): کەسێکە یان شتێکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو کردەیە، یان ئەو ڕوداوەی، کە لە بەشەکردارەکەدا ئاماژەپێدراوە. بڕوانە (١٠)

١٠. پۆلیسەکە دزەکەی گرت.

٣- ئەزمونکار (Experiencer): ئەو کەسەیە، کە ئەزمونی ئەو کردەیە، یان ئەو ڕوداوە دەکات، کە لە بەشەکردارەکەدا ئاماژەپێدراوە. بڕوانە (١١)

١١. ژیلە لە جاڵجاڵۆکە دەترسێت.

٤- ئامانج (Goal): شوێنێکە، یان بونەوەرێکە، شتێک بە ئاڕاستەی ئەوان دەجوڵێت یان دەگوێزرێتەوە. بڕوانە (١٢)

١٢_ ا. من دەچمە لای سیروان.

ب. شڤان ڕۆیشت بۆماڵەوە.

٥- ســودمەند (Benefactive): ئەو بــونەوەرەیە، کە ســودمەندە لەو کــردەیەی، یــان ڕوداوەی لە بەشەکردارەکدا ئاماژەپێدراوە. بڕوانە (١٣)

١٣. دایکەکە ملوانکەیەکی بۆ کچەکەی کڕی.

٦- ســەرچاوە (Source): ئەو شــوێنەیە، یــان ئەو بــوونەوەرەیە، کە شــتێک لێــیەوە دەجووڵێت. بڕوانە (١٤)

١٤_ ا. ئەم وێنەیەم لە برادەرەکەمەوە بۆ هاتووە.

ب. ئەم هاوڕێیەم لە سلێمانییەوە هاتووە.

٧- ئــامێر (Instrument): کەرەســتەیەکە، ئەو کــردەیە، یــان ئەو ڕوداوەی پــێ ئەنجامدەدرێت، کە لە بەشەکردارەکە ئاماژەپێدراوە. بڕوانە (١٥)

١٥_ ا. شڤان دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

ب. به ئاوی گەرم سوتا.

٨- شوێن (Locative): ئەو شوێنەیە، کە ئەو کردەیە، یان ئەو ڕوداوەی تێداڕودەدات، کە لە بەشەکردارەکەدا ئاماژەپێدراوە.[38] بڕوانە (١٦)

١٦. شڤان لە مەلەوانگە مەلەدەکات.

**٥.٣.٤ جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر**

تا ئێستا تەنیا کردار وەکو ئارگۆمێنت_داواکەر نیشاندراوە، کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تریش ئارگۆمێنت_داواکەرن و ڕۆنانی ئارگۆمێنتیان هەیە،[39] چونکە هەر کاتیگۆرییەک ئارگۆمێنتی بوێت پێدەگوترێت ئارگۆمێنت_ داواکەر[٤٠] بەپێی ئەمە هەریەک لە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو).[٤١] ئارگۆمێنت_داواکەرن، چونکە لە ڕۆنانی فرێز و ڕستەدا داوای ئارگۆمێنت دەکەن و توانای هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی و کاتیگۆرییان هەیە، واتە لە زمانی کوردیدا تەنیا کردار ئارگۆمێنت_داواکەر نییە، بەڵکو ئارگۆمێنت_داواکەرێکی چالاککترە لەوانی تر. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئارگۆمێنت_داواکەرەکان دو جۆرن (ئارگۆمێنت_داواکەری کرداری، ئارگۆمێنت_داواکەری ناکرداری).

**٦.٣.٤ ڕۆنانی ئارگۆمێنت**

مەبەست لە ڕۆنانی ئارگۆمێنت دیاریکردنی ژمارە و سروشت و جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەیە، کە ئارگۆمێنت_داواکەر داوایان دەکات، ئەمەش لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، چونکە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا (Mental Lexicon) زانیاری فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و

[38] Ibid: 94-95.

[39] Haegeman, Liliane. Introduction to Government and Binding Theory, PP 51-53.

[٤٠] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٢٦.

[٤١] هەژار حسەین والی، بە بەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، ل٢٧.

واتـایی دیـاریکراوە.[42] ئـارگۆمێنتیش هەر کەرەسـتەیەکی سینتاکسـی دەگـرێتەوە، کە لەلایەن ئارگۆمێنت_داواکەرێکەوە داوابکرێت[43] بە پێویسـتی دەزانرێت، ڕۆنـانی ئـارگۆمێنتی هەریەکە لە (کـردار، نـاو، پێشـناو) نیشـانبدرێت، دواتـر هەمـان ڕۆنـان لە تەوەرەیەکـی سـەربەخۆدا بۆ ئاوەڵناو بخرێتەڕو، چونکە تیۆری سێتا لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاڤەکردنی ڕۆنانی ئارگۆمێنتەکانی ڕستە و ئەرکی واتایی هەر ئارگۆمێنتێک لە ڕستەدا دەکات.[44]

**١.٦.٣.٤ کـــــردار**

کردار یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر، کە بەپێی زانیاری دەروازە فەرهەنگییەکەی داواکارییەکانی خۆی و ژمـارە و جۆری ئاگۆمێنتەکانی داوادەکـات، بەمەش کردار ئارگۆمێنت_داواکەری یەک جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی یان زیـاتر دەبێت. بڕوانە نمونەکانی (١٧)

١٧_ ا. شڤان هات. هات: (کردار) [< NP >1]

ب. شڤان خانووەکەی فرۆشت. فرۆشت: (کردار) [< NP > 1 ،< NP > 2]

پ. شڤان شوتییەکەی خستە حەوزەکەوە.خست:(کردار)[< NP >1،< NP >2، < PP >3]

کـردارەکە لە(١٧_ا)دا یەک ئـارگۆمێنتی داواکـردووە، کە (شـڤان)ە، لە (١٧_ب)دا دو ئارگۆمێنتی داواکردووە، کە (شڤان، خانووەکە)یە، لە (١٧_پ)دا سێ ئارگۆمێنتی داواکردووە، کە (شـــــڤان، شـــــوتییەکە، حەوزەکە) یە، واتە " کـــــــردارەکە لە ڕســــــتەی (١٧_ا)دا ئارگۆمێنـــــــــت_داواکەری یەک جێکەوتەیـــــــــیە (monadic predicate)، لە (١٧_ب)دا

[42] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٧٥.

[43] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل٢٩.

[44] سانیا جبار عەبوزەید، جهگۆرینا کەرستان درستێدا (گۆڤەرا بەهدینی)، ل٢٤.

ئارگۆمێنـــــــــــت_داواکەری دو جێکەوتەیـــــــــــیە(dyadic predicate)، لە (١٧_پ)دا ئارگۆمێنت_داواکەری سێ جێکەوتەییە (triadic predicate)"[٤٥]

**٢.٦.٣.٤ نـــــاو**

ناو لە دو باردا ئارگۆمێنت_داواکەرە، هەندێک سـەرەناو (Substantive)ی دیـاریکراو هەن، ئارگۆمێنـت_داواکەرن و داواکراویـان هەیە. دیـارە، کە سـیما واتاییەکـانی ئەم چەشـنە سەرەناوانە لە سیما واتاییەکانی سـەرەناوەکانی تـر جیـاوازن، ئەمـانە نـاوی ئـاوەڵکردارییـن و داوای ناوێکی نا_ئاوەڵکرداریی دەکەن، بۆ ئەوەی پێکەوە نـاوێکی ئـاوەڵکرداریی دروسـتبکەن و لەڕێی پێشـناوێکەوە لە ڕسـتەدا وەک ئـاوەڵکردار بەکـاربهێنرێن ئەمـانەش بـریتین لە سـەرە ناوەکانی وەک (ژێر، تەنیشـت، خـوار، سـەر، سـەرو، ....تـاد) (بڕاونە (١٨_ا) هەر ئەم سـەرە نـــاوانە دەتـــوانن لە پێکهـــاتویەکی خســـتنەپاڵی (genitive construction) بە تەنیـــا بەبـــێ پێشناوەکە ئارگۆمێنت_داواکەربن.[٤٦] بڕوانە (١٨_ب)

١٨_ ا. گوڵدانەکە لە سەر مێزەکە دابنێ، نەک لەژێریدا.    سەر: (ناو) [< NP > 1]

ب. سەروی قوتابخانەکەیان یاریگایە.    سەرو: (ناو) [< NP > 1]

چاوگ لە زمانی کوردیدا مامەڵەی نـاوی لەگەڵدا دەکرێت، دەگونجێت هەمـان ڕێگەی شیکردنەوەی کردارەکانی هەبێت.[٤٧] بڕوانە (١٩_ب)

١٩_ ا. توێژەرەکە داتاکان شیدەکاتەوە.    شیکدەکاتەوە: (کردار) [< NP >1، < NP > 2]

ب. شیکردنەوەی توێژەرەکە بۆ داتاکان بو.   شیکردنەوە: (ناو) [< NP >1، < PP > 2]

---

45 Aarts, Bas. English Syntax and Argumentation, Second edition, PP 91-92.

٤٦ محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٨٤.

٤٧ سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، ل١١٨.

کـرداره‌که له (١٩_ا)دا پێویسـتی به دو ئـارگۆمێنته، له (١٩_ب)دا چـاوگه‌که‌ش چه‌مـک و ناوه‌ڕۆکی کرداره‌که هه‌ڵده‌گرێت، بۆیه پێویستی به دو ئارگۆمێنته.[٤٨]

### ٣.٦.٣.٤ پێشنـاو

پێشناو یه‌کێکی تره له ئارگۆمێنت_داواکه‌ره‌کان ده‌توانێت ڕۆڵی بابه‌تانه‌ی جۆراوجۆر به ئارگۆمێنته‌که‌ی ببه‌خشێت.[٤٩]

## ٤.٤ ئاوه‌ڵناو و تیۆری سیتا

هه‌ر وه‌کو پێشتر ئاماژه‌ی بۆ کرا، لقه تیۆری سیتا به شێوه‌یه‌کی سه‌ره‌کی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ کردار و داواکارییه‌کانی کرداردا ده‌کات، به‌ڵام به هۆی بونی چه‌ند خاڵێکی هاوبه‌ش له نێوان کردار و ئاوه‌ڵناودا، له‌وانه ئاوه‌ڵناو وه‌کو کردار ئارگۆمێنت_داواکه‌ره، به‌پێی ئه‌و زانیارییه فه‌رهه‌نگیانه‌ی، که له تۆمارکردنه فه‌رهه‌نگییه‌که‌یدا تۆمارکراون ئارگۆمێنته‌که‌ی هه‌ڵاوێرده‌کات. له فرێزی خستنه‌پاڵیدا به هۆی ته‌واوکه‌ره‌که‌ی دێته به‌جێهێنان، هه‌روه‌کو "چۆن کردار به هۆی (بکه‌ر و ته‌واوکه‌ره‌کان)ی دێته به‌جێهێنان"[٥٠] جگه له‌مه له چوارچێوه‌ی به‌شه‌کرداردا هه‌روه‌کو کردار چه‌ند ڕۆڵێکی بابه‌تانه به ئارگۆمێنته‌کانی ده‌دات، واته به‌پێی ئه‌م تیـۆره ده‌توانرێـت، ئاوه‌ڵنـاو وه‌ک ئارگۆمێنت_داواکه‌رێـک ده‌ستنیشـانبکرێت و لێیبکۆڵرێته‌وه.

### ١.٤.٤ ئاوه‌ڵناو له به‌کارهێنانی ئاوه‌ڵناویدا

هه‌روه‌کو له ته‌وه‌ره‌ی (٣.٦.٣) ئاماژه‌ی بۆ کرا، ئاوه‌ڵناو له به‌کارهێنانی ئاوه‌ڵناویدا فرێزی خستنه‌پاڵی ئاوه‌ڵناوی پێکده‌هێنێت، به‌پێی زانیاری سینتاکسی و واتایی هه‌ڵاوێری کاتیگۆری و سیمانتیکی ئارگۆمێنته‌کانی ده‌کات.

---

48 Haegeman, Liliane. Introduction to Government and Binding Theory, PP 48.

٤٩ بۆ نمونه و جۆره‌کانی ڕۆڵی بابه‌تانه‌ی پێشناو بڕوانه: (٤.٣.٤) خاڵی ٤ تا ٨.

٥٠ محه‌مه‌د مه‌حوی، کاروان عومه‌ر قادر، شیلان عومه‌ر حسێن، دروسته‌ی کردار له زمانی کوردیدا بنه‌ما و دیارده، ل٢٩.

### ١.١.٤.٤ هەڵاوێرکردنی سیماتیکی لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا

ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵیدا ئاکاری پەسنکەرانەی هەیە. وەک جۆرەکانی تری ئارگۆمێنت_داواکەر لە پێکهاتەی فرێزدا دەسەڵاتی هەیە و لە فەرهەنگەوە کۆتوبەندی واتایی بۆ دیاریکراوە، واتە زانیاری واتایی لە ئاوەڵناوەکاندایە بەپێی ئەو زانیارییە ئارگۆمێنتەکان داوادەکات،[51] زانیارییەکانی لەسەر بنەمای پێوەری کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن ( Selection Restrictions) لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە ڕێکدەخرێت و ئارگۆمێنتەکەش لە دەروازەی زانیارییەکانیدا زانیاری لەسەر پەیوەندی بە ئارگۆمێنت_داواکەرەکەیەوە تۆمارکراوە، واتە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنەکە لەسەر دو بنەما کاردەکات: (ا) ئارگۆمێنت_داواکەرەکە کام زانیارییە داوادەکات (ب) ئارگۆمێنتەکە پەیوەست بە ئارگۆمێنت_داواکەرەکەوە کام سیمای واتایی فەرهەنگی هەیە.[52] بۆ نمونە لە فرێزێکی وەک (کچێکی زیرەک)دا، ئاوەڵناوی (زیرەک) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنەکەی بە سیمای [+ زیندو، + مرۆڤ، – نێر، + تایبەتمەندی کەسی، + کۆنکرێت] دەبێت، لە بەرانبەردا ناوی (کچ) لە دەروازەی زانیارییەکانیدا هەمان زانیاری تۆمارکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاوەڵناوی (زیرەک) ئارگۆمێنتی (کچ) هەڵاوێربکات بە واتای پێکهاتەییەوە لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵیدا هەمو کاتێک پەیوەست نییە بەو کۆتوبەندەی لە فەرهەنگەوە بۆی دانراوە، بەڵکو زۆربەی کات ئەو کۆتانە دەبەزێنێت، بۆ نمونە هەر ئاوەڵناوی زیرەک لە فرێزی (مۆبایلی زیرەک)دا سیما واتاییەکانی بە سیما [– زیندو، – مرۆڤ، – تایبەتمەندی کەسی] بەزاندووە.

#### ١.١.١.٤.٤ واتای پێکهاتەیی

هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی لە واتای پێکهاتەییدا بریتییە لە هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتێک بەپێی ئەو کۆتە واتاییەی، کە لەسەر دەسەڵاتی واتایی ئارگۆمێنت_داواکەرەکە دانراوە،

---

[51] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و بژوێن یەحیا محەمەد، واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد ژمارە: ٤١ ، ٢٠١٨، ٥١.

[52] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٣٩.

چونکە هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێک کۆت لەسەر دەسەڵاتی واتایی هەیە و لە فەرهەنگەوە بۆی دانراوە و نایبەزێنێت، ئەمە لە زماندا بە واتای پێکهاتەیی/ بنەڕەتی ناودەبرێت، کە مەبەست لە واتای فەرهەنگی واتای ئارگۆمێنت_داواکەرەکەیە، ئەمجۆرە واتایە لە فەرهەنگدا چەسپاوە، هەم واتای فەرهەنگی وشەکە هەم سیما واتاییەکانی بە [- ، +] دیاریکراون و لە مێشکی قسەکەری زمانەکەدا بونیان هەیە.[53] بۆ نمونە (گەرم) لە فرێزی (ئاسنێکی گەرم)دا واتایەکی پێکهاتەیی هەیە، چونکە هەڵاوێرکردنە سیمانتیکییەکەی بۆ دەربڕینی بیر و واتای تایبەتمەندی فیزیکیی شت ئەنجامداوە، واتە واتای پێکهاتەیی ئەو واتایەیە، کە ئاوەڵناوەکە لە هەڵاوێرکردنی سیماتیکیدا ئەو کۆتەی لە فەرهەنگەوە بۆی دانراوە و نایبەزێنێت، بۆ دەربڕینی ئەو بوارە واتاییە بەکاردێت، کە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوەکە هەیەتی.

### ٢.١.١.٤.٤ واتای ناپێکهاتەیی (میتافۆر، ئیدیەم)[54]

لە واتای ناپێکهاتەییدا ئارگۆمێنت_داواکەرەکان دەبنە زانیاری داواکەرێک فراوانتر، واتە لەبری دارِشتنی فۆرمێکی نوێ، زانیاری و ناواخنی واتایی ئارگۆمێنت_داواکەرەکان فراواندەبن، بەوەش ئارگۆمێنت_داواکەرەکان داواکردنی ئارگۆمێنتەکانی ئازادانە دەبێت و سیماکانی بە [+/-]ەوە هەڵدەبژێرێت.[55] بۆ نمونە هەر ئاوەڵناوی (گەرم) لە فرێزی (بەخێرهاتنێکی گەرم)دا واتای ناپێکهاتەیی هەیە. هەڵاوێرکردنەکەی لە [+ کۆنکرێت]ەوە،

---

[53] بژوێن یەحیا محەمەد، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل٩٠-٩١.

[54] ١. میتافۆر: تایبەتمەندییەکی دیاری زمانە و مەبەست لێی پێدانی واتای زیاد و نوێیە بۆ وشەکان، یان میتافۆر ئاماژەیە بۆ واتایەکی ناڕاستەوخۆ (ناڕاستەقینە)، کە واتای ئاسایی وەکو خۆی بەکارناهێنرێت، بەڵکو لە بریتی واتای بنەڕەتی بەکاردەهێنرێت. (عەبدلمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، میتافۆر لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٧، ل٧٠). ٢. ئیدیەم: بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسایی دو وشە، یان زیاتر پێکیدێنن. ئەو واتایەی، کە دێتە کایەوە لە واتای کەرتەکانەوە، یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت. محەمەد مەعروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل١٦٧.

[55] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٥٠.

گـۆڕاوە بـۆ [- کۆنکرێـت] واتـایەکی میتـافۆری هەیە، ئەمەش دورە لە واتـای پێکهـاتەیی/ بنەڕەتـی ئاوەڵنـاوەکەوە، بۆیە بە واتـای ناپێکهـاتەیی دادەنرێت. واتە ئاوەڵناوەکـان لە واتـای ناپێکهاتەییـدا دەکـرێنە کەرەسـتەیەک بـۆ دەربڕینـی واتـا و مەبەسـتی تـر، کە ئەمەش بە جێگرەوەی فۆرمدارڕشتن دادەنرێت، واتە لەبری ئەوەی فۆرمێکی نوێ بۆ واتا و مەبەستێک دابڕێژیت، مەبەستەکە بە کەرەستە هەبووەکانی زمانەکە دەردەبڕدرێت و واتایەکی تریان لێباردەکرێت.

**٢.١.٤.٤ کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو**

کۆتوبەندی هەڵاوێکردنی سیمانتیکی بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو دەگۆڕێت، هەروەکو ئامـاژەی بـۆ کـرا، یـان بە هەمـان ئەو سـیما واتاییـانەی، کە لە فەرهەنگدا بـۆی دیـاریکراوە ئارگۆمێنتەکەی هەڵاوێردەکات، یان سیما واتاییەکان دەبەزێنێت.

**١.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تەمەن**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە تەمەن دەردەخەن، وەک (ساوا، گەنج، پیر، تازەپێگەیشتو، ...تاد) بەپێی زانیاری واتـایی و ئەو دەسـەڵاتە واتـاییەی لە فەرهەنگدا بۆیـان دیـاریکراوە لە واتـای پێکهاتەییـدا بە سـیمای [+ زینـدو، +/- مـرۆڤ، + تەمەن، + کۆنکرێـت] ئارگۆمێنتەکەیـان هەڵاوێـردەکەن و کۆتوبەنـدی ڕێککەوتنـی سـیما واتاییەکـانی بەسـەر ئارگۆمێنتەکەیانـدا دەسەپێنێن، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە نەبو، ڕێگە پێدراو نییە. بڕوانە (٢٠)

٢٠_ ا. منداڵی ساوا

پ. *منداڵی پیر

مەرجنییـە هەڵاوێرکردنـی ئـارگۆمێنتەکە لە چوارچێـوەی ڕێککەوتنـی تەواوی سـیما واتاییەکانـدا بمێنێـتەوە، بەڵکـو بە مەبەسـتی بەرجەسـتەکردنی چەمکـی تەمەن، لەگەڵ ئەو نـاوانەدا بەکاردێت، کە سـیمای [- گیانلەبەر]یـان هەیە، ئەمەش لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتنـی یەکێک لە سیما واتاییەکانە، کە بریتییە لە [+ تەمەن]. بڕوانە (٢١)

٢١. حکومەتی ساوا، داری پیر، ...تاد

ئەگەر ئەم ئاوەڵناوانە بکرێنە پلەی بەراورد پێویستیان بە هەڵاوێرکردنی دو ئارگۆمێنت دەبێت، بۆ پێدانی پلەیەکی بەرزتر بە ئارگۆمێنتی یەکەم بەراورد بە ئارگۆمێنتی دووەم، کە دەبێت سیما واتاییەکانی ئاوەڵناوەکە لەگەڵ هەر دو ئارگۆمێنتەکەدا ڕێکبکەوێت و بتوانرێت، ئاوەڵناوەکە لەڕوی سیمانتیکەوە بکرێتە پلەی بەراورد، واتە ئاوەڵناوەکە پلەدار بێت. بڕوانە (٢٢)

٢٢. ژنێکی لە دایکم پیرتر

لە (٢٢)دا ئاوەڵناوی (پیر) بە واتای پێکهاتەییەوە سیما واتاییەکانی لەگەڵ هەر دو ئارگۆمێنتی (ژن، دایک)دا ڕێککەوتووە.

شایانی باسە ئاوەڵناوی (بچوک، گەورە) کە سەر بە بواری واتایی (قەبارە و بارستایی)ن، لەگەڵ ئەو ناوانەی، کە سیمای [+ گیانلەبەر]یان هەیە گوزارشت لە چەمکی تەمەن دەکەن. بڕوانە (٢٣)

٢٣_ ا. بەردی گەورە [+ قەبارە و بارستایی]

ب. خوشکی گەورە [+ تەمەن]

### ٢.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی ڕەنگ

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە پەیوەستن بە ڕەنگی گیانلەبەر و کەرەستە و شتەکانەوە. وەک: (سور، زەرد، شین، ڕەش، سپی، مۆر، بۆر، بۆز، دێز، پرتەقاڵی، ئەرخەوانی، ...تاد) بە واتای پێکهاتەییەوە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکەیان بە سیما [+/- زیندو، + ڕەنگ، + کۆنکرێت] دەبێت. بڕوانە (٢٤)

٢٤_ ا. چاوی ڕەش، پێستی ڕەش، ڕیشی ڕەش، ....تاد

ب. کراسی ڕەش، چاویلکەی ڕەش، ئۆتۆمبێلی ڕەش ....تاد

پ. پشیلەی ڕەش، ئەسپی ڕەش، مریشکی ڕەش، ....تاد

پێویســـتە ئامـــاژە بـــۆ ئەوە بکرێـــت ئاوەڵنـــاوی ڕەنـــگ " لە ڕوانـــگەی ڕاســـتییەوە ئـارگۆمێنتەکەی هەڵاوێردەکات، ناتوانرێت نکۆڵی لە ڕەنگەکەی بکرێت و بە درۆ بخـرێتەوە، واتە ڕاســتییەکی ناچــارییە"[٥٦] لە (٢٤_ا)دا، ئاوەڵنــاوی (ڕەش) ئــارگۆمێنتێکی وەک (چــاو)ی هەڵاوێرکردووە سیما واتاییەکانی لەگەڵیدا ڕێککەوتووە، چونکە لە جیهانی دەرەوەدا چاوێک هەیە، ڕەنگی ڕەشـە، بەڵام ئاوەڵناوی (ئەرخەوانی) ناتوانێت (چاو) هەڵاوێر بکات، چونکە " ڕێککەوتنی نـالۆژیکییە و لە دەرەری زمانـدا ئەم ڕێککەوتـنە نیـیە"[٥٧] لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی تێبینــی دەکرێــت ئاوەڵنــاوی ڕەنــگ پەیوەنــدی " لەگەڵ شــتەکانی سروشــتدا فراوانتــرە و ڕووبەرەکەشی فراوانترە"[٥٨] بۆیە ئاوەڵناوی (ڕەش) دەتوانێت هەر ئارگۆمێنێک هەڵاوێر بکات لە دنیای دەرەوەی زماندا، ڕەنگی ڕەشبێت. بڕوانە (٢٤_ ب، پ)

هەنـدێک ئاوەڵنـاوی ڕەنـگ کەمتـر فـراوان و سـنوردارن، پەیوەنـدی هاوڕێیەتییـان دروســتکردووە،[٥٩] لەگەڵ ڕوخســاری مــرۆڤ و ڕەنگــی گیانلەبەرانــدا. "ئەم پەیوەنــدییە لە ئەنجـامی بەیەکەوە هـاتنی زۆر و دوبـارەبونەوە دروسـتدەبێت."[٦٠] دەبـن بەیەکەیەکـی بیـری چەسپاو لای بەکارهێنەرانی زمانەکە و لەگەڵی ڕادێن.[٦١] بڕوانە (٢٥)

٢٥_ ا. قژ/ ڕیشی ماشوبرنجی

ب. گۆنا/ لێوی ئاڵ

پ. کۆتری صابونی، کۆتری دەمری، کۆتری قەلی

ت. کەری دێز

---

[٥٦] بەهرە سەلام حمە غەریب، شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، ل١٢٩.

[٥٧] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١٢١.

[٥٨] بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانە و ڕەنگدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٣١ بەشی: B، ٢٠١١، ل٣٧.

[٥٩] هەمان سەرچاوە، ل٣٨-٣٩.

[٦٠] عەبدولواحد موشیر دزەیی، واتاسازی، هەولێر: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩، ل٧٣.

[٦١] عبدالله عزیز محمد بابان، هەندێک لایەنی دیاردەی واتای هاوڕێیەتی لە زمانی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی، پەڕبەندا: ٢٢ ، ژمارە :١، ٢٠١٩، ١٨٠.

هەندێک شت لە سروشتدا تەنیا یەک ڕەنگی هەیە، یان ناوەکەی لە ڕەنگەکەیەوە وەرگیراوە، بۆیە لە فریزی خستنەپاڵیدا هەڵاوێرکردنی ئەم ناوە لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە لەڕوی واتاوە کەم بەهایە. بڕوانە (٢٦)

٢٦_ ا. ؟؟ماستی سپی ب. ؟؟ڕەشکەی ڕەش

لە (٢٦_ا، ب)دا فریزەکان لەڕوی واتاوە کەم بەهان، چونکە (ماست) هەر بە شێوەیەکی سروشتی ڕەنگی سپییە و (ڕەشکە)ش سەرەڕای ئەوەی هەڵگری سیمای واتایی [+ ڕەش]ە، ناوەکەشی لە ڕەنگەکەیەوە وەرگیراوە.

ئاوەڵناوی ڕەنگ کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی هەر لە چوارچێوەی سروشت و ڕاستیدا نامێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی فراوانی لەڕوی بەکارهێنانەوە دەتوانرێت بە واتای ناپێکهاتەیش بەکاربهێنرێت، دەگونجێت "ڕێککەوتنی ڕەنگەکە لەگەڵ ئارگۆمێنتەکەیدا بە پێی ئەو سیما واتاییە بێت، کە ڕەنگەکە لە کۆمەڵی کوردیدا وەریگرتووە بۆ نمونە ڕەنگی ڕەش ئەم سیما واتاییانەی وەرگرتووە [+ بەدبەختی، + شومی، + تەعزیەباری، + خراپە و سەرلێشێوان] بۆیە ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ (ڕۆژی ڕەش، بەختی ڕەش، ئیشی ڕەش، ...تاد)دا، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەنگی (پرتەقاڵی) ئەم سیما واتاییانەی وەرنەگرتووە، ناتوانێت ڕێککەوتن بکات لەگەڵ ئەم وشانەدا "[٦٢]

### ٣.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی نرخ و بەها

ئەو ئاوەڵناوەن، کە بەشێوەیەکی گشتی واتای بەها و هەڵسەنگاندن دەگەیەنن، بە هایپۆنیمی (باش، خراپ) دادەنرێن.[٦٣] وەک: (باش، خراپ، هەرزان، چاک، گرنگ، بەکەڵک، بێکەڵک، سەنگین، ... تاد)، ئەمجۆرە ئاوەڵناوە بە واتای پێکهاتەیی بە سیما [+/ - زیندو، +/- کۆنکرێت، + نرخ و بەها] ئارگۆمێنتەکەی هەڵاوێردەکات و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت بەمشێوەیە:

[٦٢] فەرهاد تۆفیق حەسەن، پەیوەندییە سیمانتیکیەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، ل٦٩.
[63] Frawley, William. Linguistic Semantics, First Published. New York: Routledge, 1992, PP452.

ا- [+ زیندو، + کۆنکرێت] لەم بارەدا ئارگۆمێنتەکەی ناوی مرۆڤە یان گیانلەبەرانە. بڕوانە (٢٧)

٢٧_ ا. پیاوێکی باش، ژنێکی باش

ب. پزیشکی باش، ئاسنگەرێکی باش

پ. ماسی هەرزان، کۆترێکی گران

ب- [- زیندو، +کۆنکرێت] بڕوانە (٢٨)

٢٨. برنجی باش، گەوهەری بەنرخ

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەمجۆرە ئاوەڵناوە بەپێی ئارگۆمێنتەکەی واتایەکی دەستنشانکراوی کاتی پێدەبەخشرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئاوەڵناوەکە هەر جارەو بە پێوەرێکی جیاواز بەهای ناوەکە دیاریدەکات. بۆ نمونە ئاوەڵناوی (باش) لە نموونەکانی (٢٧)دا واتاکەی بەمشێوەی خوارەوە دەگۆڕێت:

١- لەگەڵ ناوی مرۆڤدا (پیاو، ژن، کچ، ...تاد)، مانا و مەبەستی لایەنی ڕەوشتی کەسەکە نیشاندەدات. بڕوانە (٢٧_ ا)

٢- لەگەڵ ئەو ناوانەی پیشەی مرۆڤ نیشاندەدەن، وەک: (پزیشک، وەستا، دارتاش، ...تاد)، مانای سەرکەوتویی و توانای کەسەکە دەردەخات، نەک لایەنی ڕەشتی. بڕوانە (٢٧_ب)

٣- بۆ پەسنکردنی ڕادە چۆنێتی شت (برنج، ئارد، نیسک، ...تاد)، واتای بێگەردی و خاوێنی شتەکە نیشاندەدات.[٦٤] بڕوانە (٢٨)

پ- [- زیندو، - کۆنکرێت] بڕوانە (٢٩)

٢٩ . خوی خراپ، پرسیارێکی گران، کاتێکی بەنرخ، ...تاد

---

[٦٤] تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی، ل٤٦.

له (٢٩)دا، ئاوەڵنـای (خـراپ، گـران، بەنـرخ) بە واتـای پێکهـاتەییەوە ئارگۆمێنتەکەیـان هەڵاوێرکـردووە، ئەوەی تێبینـی دەکرێـت ئەم جـۆرە ئاوەڵنـاوە لە فرێـزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناویدا، هەڵاوێرکردنی فراوانترە، چونکە زۆربەی ناوەکان دەتوانرێت نرخ و بەهاکەیان دیاریبکرێت.[٦٥]

شـایانی باسـە ئاوەڵنـاوی (بـاش) لەگەڵ هەنـدێک نـاودا، کە سـیمای [- زینـدو]یان هەیە، بەپێی ئەو دەوروبەرە زمانییەی تێیدادەردەکەوێت، بوارە واتـاییەکەی دەگۆڕێت بـۆ (خێرایی، تام، تایبەتمەندیی فیزیکی شت) بڕوانە (٣٠)

٣٠_ ا. ئەوان زو دەگەن، چونکە ئۆتۆمبیلێکی باشیان پێیە.

ب. خواردنێکی باشم خوارد.

پ. چەقۆیەکی باشم کڕی.

ئاوەڵناوی (باش) لە (٣٠_ا)دا واتای (تیـژڕەو/ خێرا) دەگەیەنێت، لە (٣٠_ب)دا، واتـای (بەچێژ/خـۆش) دەگەیەنێـت، لە (٣٠_پ)دا، واتـای (تیـژ) دەگەیەنێـت، واتە ئاوەڵنـاوی (بـاش) دەگونجێـت بـۆ دەربڕینـی بـواری واتـایی تـریش بەکاربهێنرێـت ئەمەش وەک فرەواتـایی ئاوەڵناوەکە دادەنرێت.

#### ٤.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تایبەتمەندی کەسی/ گیانلەبەران

ئەو ئاوەڵنـاوانەن، کە جـۆر و سـیفەت، یـان شـێوە و چـۆنیەتی هەڵکەوتنـی لەشـولار، چـالاکی، هۆشـیاری، بـاری دەرونـی، فسـیۆلۆژی مـرۆڤ و گیـانلەبەر دەردەخەن.[٦٦] پێشـبینیدەکرێت ژمـارەی ئەو ئاوەڵنـاوانەی، کە بـۆ پەسـنکردنی تایبەتمەنـدی کەسـی و گیانلەبەران بەکاردەهێنرێن لە جۆرەکانی تر زیاتر بن، کە دابەشدەبن بۆ سێ جۆر:

[٦٥] ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە بەشێوەیەکی گشتی لە بەشەکرداردا بە واتای ناپێکهاتەیی (میتافۆر) بەکاردەهێنرێن وەک: ژنێکی گرانە. واتە کەسایەتی هەیە، دەستی گرانە، واتە لێدان، گوێی گرانە، واتە باش نابیستێ. بوارە واتاییەکەیان دەگۆڕێت بۆ ڕەفتاری مرۆڤ.

[٦٦] شنە جەبار فەتاح، ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، ل١٤.


**ا- ئاوەڵناوەی باری ڕەفتاری**

ئەم پۆلە ئاوەڵناوانە دەگرێتەخۆ، کە دەلالەت لە چەمکێک لە چەمکەکانی کەسایەتی یان هەڵسوکەوت یا پەروەردە یا توانستی لەش، ...تاد دەکەن.[٦٧] وەک: (بەپەرۆش، دڵخۆش، دڵتەنگ، دڵنیا، ئارام، میهرەبان، شێت، بەوەفا، دڵسۆز، .... تاد) بەسیمای [+ زیندو، + باری ڕەفتاری، + کۆنکرێت] ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێردەکەن و لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون. بڕوانە (٣١)

٣١. مامۆستای دڵسۆز، دایکی میهرەبان، ...تاد

تایبەتمەندی ئەو ئاوەڵناوانە ئەوەیە، ئارگۆمێنتێک بە سیمای [- زیندو] هەڵاوێر ناکەن، چونکە سیما واتاییەکانیان لەگەڵ یەکتردا ڕێکناکەوێت و دەبێتە هۆی نادروستی واتایی. بڕوانە نمونەکانی (٣٢)و نەخشەی (٤-٣)

٣٢. *خەونی دڵسۆز، ئاشتی دڵپاک، بەردی میهرەبان، ...تاد




**نەخشەی ٤-٣ ڕێکنەکەوتنی واتایی ئاوەڵناوی باری دەرونی**

**ب- ئاوەڵناوی باری جەستەیی**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە بۆ پەسنکردنی تایبەتمەندیی ئەندامەکانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ/ گیانلەبەران بەکاردەهێنرێن، واتە ئاوەڵناوەکان تایبەتمەندیی جەستە دەردەخەن، جیاوازن لەو ئاوەڵناوانەی تایبەتمەندیی فیزیکی شت دەردەخەن، نابێت تێکەڵبکرێن. وەک:

[٦٧] حاتەم ولیا محمد، دلێر صادق کانەبی، دانا تەحسین محمد، پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچونی (یۆخین سپلیت و هۆندس نورشە)، ل١٦٧.

(جوان، قۆز، لاواز، قەڵەو، باڵابەرز، کەڵەگەت، چوارشانە، کەمەرباریک، جوانکیلە، ناشیرین، کەتە، تینو، برسی، .... تاد) ئەم ئاوەڵناوانە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنیاندا داوای ناوێک دەکەن کە هەڵگری سیمای [+ زیندو، + مرۆڤ/ گیانلەبەر، + تایبەتمەندی جەستەیی، + کۆنکرێت] بێت. بڕوانە (٣٣)

٣٣. کوڕێکی قۆز، پیاوێکی باڵابەرز، منداڵێکی برسی، ....تاد

بەشێک لەم ئاوەڵناوانە جیاوازی جێندەری لە هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکانیاندا نیشاندەدەن، ناوێک بە سیمای [+/- نێر] کۆتوبەنددەکەن.[٦٨] بڕوانە (٣٤)

٣٤_ ا. پیاوی کەڵەگەت/ چوارشانە/ کەتە، کوڕی کەڵەگەت/ چوارشانە/ کەتە، * کچی کەڵەگەت/ چوارشانە/ کەتە، *منداڵی کەڵەگەت/ چوارشانە/ کەتە

ب. کوڕی قۆز، * کچی قۆز، *منداڵی قۆز

پ. کچی کەمەرباریک/ جوانکیلە، * پیاوی کەمەرباریک/ جوانکیلە، * کوڕی کەمەرباریک/ جوانکیلە *منداڵی کەمەرباریک

ت. کچی جوان، کوڕی جوان

لە (٣٤_ا، ب)دا ئاوەڵناوی (کەڵەگەت، چوارشانە، قۆز) ئارگۆمێنتی [+ نێر]ی هەڵاوێرکردووە، بەڵام لە (٣٤_پ)دا ئاوەڵناوی (کەمەرباریک، جوانکیلە) ئارگۆمێنتی [- نێر]ی هەڵاوێرکردووە، لە (٣٤_ت)دا ئەگەرچی ئاوەڵناوی (جوان) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی بە سیمای [- نێر]ە، بەڵام ئێستا ئەو جیاوازییە نەماوە ئاوەڵناوی (جوان) بۆ هەردوو ڕەگەز بە یەکسانی بەکاردێت.

ئەوەی پێشبینیدەکرێت ئەم جۆرە ئاوەڵناوە سیما واتاییە بنەڕەتییەکان ببەزێنێت و بە واتای ناپێکهاتەیی بەشدارییەکی فراوان بکات بۆ دەربڕینی واتا و چەمکی تازە، بەتایبەتی لە

[٦٨] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، ل١٤٠.

دەربڕینی ئەدەبیدا، کە تێیدا " لادان و بەزاندن بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێت."[٦٩] بڕوانە (٣٥_ا،ب)

٣٥_ ا. [– زیندو، – کۆنکرێت] وەک: خۆشەویستی تینو، خەونی برسی، ئاشتی کوێر، .....تاد

ب. [– زیندو، + کۆنکرێت] وەک: پێنوسی تینو، شاخی باڵابەرز، کانی تەزیو، .....تاد

(٣٥_ا، ب) لە واقیعدا بە لۆژیک دانانرێت، دەکرێت لە ڕێی میتافۆرەوە ئەنجامبدرێت لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت،[٧٠] بۆیە ئەمانە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بە نادروستی واتایی دادەنرێن، بەڵام لە زمانی شیعردا بە پەسند دادەنرێن.[٧١]

**پ– ئاوەڵناوی ئاوەزی**

ئەم پۆلە ئاوەڵناوانە دەگرێتەخۆ، کە دەلالەت لە چەمکێک لە چەمکەکانی توانستی ئاوەزی (عەقڵی) دەکەن.[٧٢] وەک: (ژیر، زیرەک، زانا، هۆشمەند، دانا، ...تاد) ئەم ئاوەڵناوانەش بە سیمای واتایی [+ زیندو، + گیانلەبەر، + ئاوەز، + کۆنکرێت] ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێردەکەن. بڕوانە (٣٦)

٣٦. منداڵی ژیر، قوتابی زیرەک، ...تاد

بەشێک لەم ئاوەڵناوانە چالاکن، هەڵاوێرکردنەکەیان ئازادانەیە، بەهۆی فراوانی بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ [– گیانلەبەر] بەکاردەهێنرێن.[٧٣] بڕوانە (٣٧)

٣٧_ ا. مۆبایلی زیرەک، شاشەی زیرەک، پێوەری زیرەک، ...تاد

---

[٦٩] محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل٤٠٤.
[٧٠] ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، میتافۆر لە شیعرەکانی هاوژین صلیوەدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە: ٤٢، ٢٠١٧، ل٥٦.
[٧١] محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل٤٠٨.
[٧٢] حاتەم ولیا محمد، دلێر صادق کانەبی، دانا تەحسین محمد، پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچونی (یۆخین سپلیت و هۆندس نورشە)، ل١٦٧.
[٧٣] بژوێن یەحیا محەمەد، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، ل٩٥.

ب. *بەردی زیرەک، *خانوی زیرەک، *تەختەی زیرەک، ...تاد

لە (٣٧_ ا)دا ئاوەڵناوی (زیرەک) لەگەڵ ناوی ئامێرێکدا ڕێککەوتووە، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی سیمای [+ ئاوەز، + کۆنکرێت] چونکە ئەم ئامێرانە لە ئیشپێکردنیاندا کۆمەڵێک تایبەتمەندیان تێدایە لە ڕەفتاری زیرەکی مرۆڤ دەچێن، بەڵام ناوێک بە سیمای [- زیندو، - گیانلەبەر، - ئاوەز، + کۆنکرێت] هەڵاوێرناکات، چونکە لەگەڵیدا ڕێکناکەوێت و نادروستی واتایی دێتە ئاراوە. بڕوانە (٣٧_ب)

**٥.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی تایبەتمەندیی فیزیکیی شت**

شتەکانی دەوروبەرمان خاوەنی تایبەتمەندیی فیزیکیی جۆراوجۆرن، بۆیە ئەم جۆرە ئاوەڵناوە دابەشدەبێت بۆ چەند جۆرێکی تر:

**ا- ئاوەڵناوی پلەی گەرمی**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە ئاماژە بە سیفەتی پلەی گەرمی کەرەستەکان و شلەمەنی و کەشوهەوا دەکەن. وەک: (سارد، فێنک، شلەتێن، گەرم، بارانـاوی، شێدار، .....تاد) ئەم ئاوەڵناوانە هەرچەندە ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام بەپێی دەروازەی فەرهەنگییەکەیان کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنیان جیاوازە، ئاوەڵناوی (سارد، گەرم) لەگەڵ کەرەستە و شلەمەنییەکان و ئاووهەودا بە سیمای [- زیندو، + هەستی بەرکەوتن، + کۆنکرێت] ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێردەکەن. بڕوانە (٣٨)

٣٨_ ا. قاوەیەکی گەرم، ئاوی سارد، خانوی گەرم، ...تاد

ب. بەیانییەکی سارد، ڕۆژێکی گەرم، هاوینێکی گەرم، ...تاد

ئاوەڵناوی (شلەتێن، فێنک) پلەی گەرمییان لە نێوان (گەرم و سارد)دایە، بونی ئەم دو فۆرمە جیاوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئاوەڵناوی (شلەتێن) تەنیا ناوێکی وەک (ئاو) هەڵاوێردەکات، (بڕوانە (٣٩_ا))، بەلای ئاوەڵناوی (گەرم)دا دەشکێتەوە، پەیوەندییەکی

هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا دروستبووە، لە ڕوی سیمانتیکەوە ناکرێت بە پلەی بەراورد و باڵا، چونکە ڕێژەیەکی چەسپاوی هەیە و بە ڕێژەیی ناکرێت (بڕوانە (٣٩_ب))، بەڵام ئاوەڵناوی (فێنک) تەنیا ئەو ناوانە هەڵاوێردەکات کە سیمای [+ کەشوهەوا]یان هەیە. (بڕوانە (٣٩_پ))، بەلای ئاوەڵناوی (سارد)دا دەشکێتەوە، هەرچەندە پلەی [+ ناوەند]ی هەیە، بەڵام دەکرێتە پلەی بەراورد و باڵا. بڕوانە (٣٩_ت)

٣٩_ ا. ئاوی شلەتێن

ب. *ئاوی شلەتێنتر، شلەتێنترین ئاو

پ. ژورێکی فێنک

ت. ژورێکی فێنکتر، فێنکترین ژور[٧٤]

ئاوەڵناوی (سارد، گەرم) واتاکەیان فروان بووە، ئارگۆمێنتێک بەم سیمایانەی خوارەوە بە واتای ناپێکهاتەیی هەڵاوێردەکەن. بڕوانە (٤٠)

٤٠_ ا. [+ زیندو، + کۆنکرێت، – هەستی بەرکەوتن، + هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن]

وەک: ژنێکی ساردە/ ژنێکی خوێنساردە، ...تاد

ب. [– زیندو، – کۆنکرێت، – هەستی بەرکەوتن، + هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن]

وەک: سڵاوێکی گەرم، بەخێرهاتنێکی گەرم، ...تاد

لە (٤٠_ا)دا ئاوەڵناوەکان سیما واتاییەکانیان بەزاندووە و بەمەش واتا پێکهاتەییەکەیان لە دەستداوە لە (٤٠_ا)دا (سارد) بە واتای بێ مەیلی لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن دێت. لە (٤٠_ب)دا "(گەرم) بە واتای (بەدەمەوە هاتنێکی زۆر ڕێکوپێک و

[٧٤] لەم فرێزانەدا دەگوترێ (وەرز، ڕۆژ، ژور، دۆڵ، باخ)ێکی گەرم یان سارد یان فێنک مەبەست لە ئاووهەوایەکەیەتی ئاوەڵناوەکە پەسنی ئاووهەوا دەکات، بۆیە هەمان واتای پێکهاتەیی هەیە. بڕوانە: هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١٠٨.

ڕوخۆش) دێت."[٧٥]

**ب- ئاوەڵناوی ڕواڵەت و پێکهاتەی شت**

ئەو ئاوەڵنـاوانەن، ڕواڵەت و پێکهـاتە و شـێوەی هەسـتپێکراوی شـتەکان دەردەخەن، زیاتر پەیوەستن بە سیما و خەسڵەتی دەرەوەی شتەکان. وەک: (ڕەق، نەرم، جیر، شل، توند، خەست، زبر، لوس، ساف، بەتاڵ، پڕ، شکاو، تیژ، لار، ڕاست، خوار، کۆن، نوێ، .....تاد) ئەم ئاوەڵنـاوانە بەشـێوەیەکی گشـتی بە سـیمای واتـایی [- زینـدو، + کۆنکرێـت، + تایبەتمەنـدی فیزیکی، + هەستی بەرکەوتن] ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێردەکەن و لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون، بەڵام هەریەکێک لە ئاوەڵناوەکان لە ڕێککەوتنی واتاییدا خاوەنی سیمای وردترن. بڕوانە نەخشـەی (٤-٤)

| ڕەق | نەرم | کۆن |
|---|---|---|
| + شکان | - ڕەق | - نوێ |
| - شل | - شکان | + ڕەنگتێکچون |

**نەخشەی ٤-٤ سیمای واتایی ئاوەڵناوی ڕواڵەت**

ئەم ئاوەڵنـاوانە لە واتـای ناپێکهاتەییـدا ئەو کـۆتە واتـایەی، کە لە فەرهەنگـدا بۆیـان دانـراوە دەبەزێـنن، چـونکە بەشـێوەیەکی بەربـڵاو لە ئاخـاوتنی ڕۆژانەدا وەک " خـوازە بـۆ باسلێکردن لە کەس و گیانلەبەریش بەکاردێن"[٧٦] بڕوانە (٤١)

٤١_ ا. [- زیندو، - کۆنکرێت] وەک: ( قسەی ڕەق، قسەی زبر، قسەی لوس، .....تاد)

ب. [+ زیندو، + کۆنکرێت] وەک: (مرۆڤێکی وشکە، کوڕێکی لارە، پیاوێکی ڕاستە، .....تاد)

لە (٤١_ا)دا، ئاوەڵناوەکـان واتـا فەرهەنگییەکەیـان لەدەسـتداوە، (ڕەق) بەو واتـایە

---

[٧٥] حاتەم ولیا محمد، میتافۆڕی چەمکی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی: ٢٤، ژمارە: ٦، ٢٠٢٠، ل١٨٢.

[٧٦] محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل٣١٤.

بەکارنەهاتووە، کە شتێک پتەو ڕەق بێت و بەدەستلێدان هەستی پێبکرێت، بەڵکو بە واتای میتافۆری واتە قسەی بێهەست و سۆز، کە دەبێتە هۆی ئازار گەیاندن بە کەسی بەرانبەر. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ئاوەڵناوانە توانای هەڵاوێرکردنی هەمو ئەو ناوانەیان نییە، کە سیمای [- کۆنکرێت]یان هەیە. بڕوانە (٤٢)

٤٢. *خۆشەویستی جیر، ئازایەتی ساف، کوردایەتیەکی وشک، ....تاد

## پ- ئاوەڵناوی تام

ئەو جۆرە ئاوەڵناوانەن، کە تام و چێژی خواردن و خواردنەوە دەردەخەن. ئەو تامانەی، کە لەڕێگەی زمانەوە لێکجیادەکرێنەوە هەمویان بە ئاوەڵناوی تام دادەنرێن. وەک: (سوێر، ترش، تاڵ، شیرین، تون، مزر، بەتام، بێتام، کاڵ، کرک، .....تاد)[٧٧] ئەم ئاوەڵناوانە پەیوەستن بەو کەرەستانەی، کە لە سروشتدا هەن بابەتی چێشتن یان خواردن و خواردنەوەن. هەریەکە بەپێی چێژی خۆی ئارگۆمێنتێک هەڵاوێردەکات، کە خاوەنی سیمای [+ خواردن/ خواردنەوە، + کۆنکرێت، + چێژتن، + توانەوە]بێت، هاوڕێیەتییەک لە نێوان ئاوەڵناو و ناوەکەدا دروستدەبێت. هەر تێکدانێک لەو هاوڕێیەتییەدا کرا ڕێگەی پێنادرێت، چونکە هەر خواردن و خواردنەوەیەک بە سیمای واتایی تامەکەیەوە لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە، لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا هەڵگیراون.[٧٨] بڕوانە (٤٣)

٤٣_ ا. شوتی شیرین، بیبەری تیژ، هەناری مێخۆش، چوالەی شیرین، .....تاد

ب. *شوتیەکی سوێر، هەنارێکی سوێر، هەنگوینی مێخۆش، .....تاد

ئەم ئاوەڵناوانەش لە هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکەیاندا بە واتای ناپێکهاتەیی کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن دەبەزێن. بڕوانە (٤٤)

---

[٧٧] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ل٧٤.

[٧٨] هۆگر محمود فەرەج، بوارە واتاییەکان، ل٨٤-٨٥.

٤٤_ ا. [+ زیندو، + کۆنکرێت، - خواردن/ خواردنەوە – چێشتن] وەک: منداڵێکی شیرینە، دایکێکی شیرینە، پیاوێکی بێتامە، ..... تاد

ب. [- زیندو، - کۆنکرێت، - خواردن/ خواردنەوە – چێشتن] وەک: ڕۆژگارێکی تاڵ، قسەی شیرین، ڕاستیەکی تاڵ، .....تاد

لە (٤٤_ا)دا ئاوەڵناوەکان سیما واتاییەکانیان بەزاندووە، واتا فەرهەنگییەکەیان گۆڕاوە بۆ واتایەکی میتافۆری. (شیرین) لە (منداڵێکی شیرین)دا بە واتای تام بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەست لە منداڵێکە، کە خۆشەویست و ڕوحسوکە، هەروەها لە (٤٤_ب) (تاڵ) لە (ڕۆژگارێکی تاڵ)دا بە واتا پڕ خەم و پڕ لەمەینەت و سەخت دێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو هەڵسوکەوتەی، کە ئەرێنییە، بە تامە چێژبەخشەکان بەرجەستە دەکرێن و ئەوانەی نەرێنین بەو تامانە بەرجەستە دەکرێن کە جێژبەخشنین.

شایانی باسە هەمو ئاوەڵناوەکانی تام لە ڕۆنانی واتای ناپێکهاتەیدا توانایان وەکیەک نییە لە (٤٥)دا، ناوەکە هەمان سیمای واتایی ئەم ناوانەی سەرەوەی هەیە، بەڵام لە ئاخاوتنی ئاخێوەراندا چاوەڕوان ناکرێت.

٤٥. خۆشەویستی سوێر، ڕاستیەکی سوێر، بەختێکی مێخۆش، .....تاد

ئاوەڵناوی تام ناوێک بەسیمای [- زیندو، + کۆنکرێت، - خواردن/ خواردنەوە – چێشتن] هەڵاوێرناکات، چونکە نە ڕێککەوتنی واتاییە لەنێوان ناو و ئاوەڵناوەکەدا بەدیدەکرێت، نە لە ڕوی واتاوە ڕاستە. بڕوانە (٤٦)

٤٦. بەردی شیرین، ئاسنی تاڵ، تەختەی سوێر، ....تاد

ئاوەڵناوی (مێخۆش) کۆتوبەندی واتاییەکەی تەنیا بۆ هەڵاوێرکردنی ناوی (هەنار)ە، چونکە " تامێکی تایبەت بە (هەنارە) و ڕێککەوتنی واتایی لەگەڵ هیچ ناوێکدا نییە، کە ئاماژە

بێت بۆ میوه و خواردنێکی تر"،[79] ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوڕێیەتییەکی تایبەت، لەگەڵ ناوی هەناردا دروستبکات، هەر تێکدانێک لەو هاوڕێیەتییە ڕێگەی پێنادرێت. ئەوەی جێی سەرنجە لەبەرئەوەی ئەم ئاوەڵناوە پلەیەکی چەسپاوی هەیە بە ڕێژەیی ناکرێت، لەڕوی سیمانتیکییەوە ناکرێتە پلەی بەراورد و باڵا. بڕوانە (٤٧)

٤٧_ ا. هەناری مێخۆش

ب. * سێوی مێخۆش

پ. * مێخۆشتر، مێخۆشترین

**ت- ئاوەڵناوی بارستایی و پێوانە**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە ئاماژە بە قەبارە و بارستایی شتێک دەکەن، کە بونێکی مادیان هەیە و ڕوبەرێک داگیردەکەن و بەریەکێک لە هەستەکان دەکەون.[80] وەک: (گەورە، بچوک، کورت، درێژ، پان، باریک، بەرز، نزم، ئەستور، تەنک، قەبە، تەنگ، تەسک، فراوان، .....تاد) لە واتایی پێکهاتەییدا ناوێک بە سیمای [- زیندو، + قەبارە، + بارستایی، + کۆنکرێت] هەڵاوێردەکەن، چونکە ئاوەڵناوەکانیش هەمان سیمای واتاییان هەیە لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون. بڕوانە (٤٨)

٤٨. خانوێکی بچوک، دارێکی درێژ، گوریسێکی ئەستور، ژورێکی فراوان، ...تاد

هەندێک لەم ئاوەڵناوانە واتای پێوانەیان هەیە وەک (بەرز، نزم، درێژ، کورت، ...تاد) زۆرجار ئاوەڵناوی (درێژ) دەبێتە لایەنگری لە باری ماوەی پێوانەدا.[81] بڕوانە (٤٩)

٤٩_ ا. ڕێگایەکی دور

ب. ڕێگایەکی درێژ

[79] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ل٦٢.
[80] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل١١١.
[81] هەمان سەرچاوە، ل١١٢.

ئەم ئاوەڵنـاوانە لە واتـای ناپێکهاتەییـدا زۆر چـالاکن بەتـایبەتی لە دارشـتنی فـۆرمی ئیـدیەم بە سـیمای واتـایی [+ ئەنـدامی لەش، + قەبـارە و بارسـتایی، + کۆنکرێـت] لەگەڵ ناوەکەدا ڕێکدەکەون و ئاوەڵناوێکی لێکدراو پێکدەهێنن، واتە ئەم جۆرە ئاوەڵناوەش سیما واتاییە بنەڕەتییەکانیان دەبەزێنن. بڕوانە (٥٠)

٥٠. دەستکورت، زماندرێژ، دڵتەنگ، سەرزل، لوتبەرز، ...تاد

هەر لە واتـای ناپێکهاتەیـدا ناوێـک بە سـیمای [- زینـدو، - قەبـارە و بارسـتایی، - کۆنکرێت] هەڵاوێردەکەن. بڕوانە (٥١)

٥١. درۆی گەورە، خەیاڵی فراوان، ...تاد

ئاوەڵناوی (درێژ، کورت) لەگەڵ ناوی کات و زەمەندا بە سیمای [+ کات، + ماوەی پێوانەی زەمەن] ڕێکدەکەوێت.[٨٢] بڕوانە (٥٢)

٥٢. ڕۆژگاری درێژ، ڕۆژگاری کورت

**ج- ئاوەڵناوی کێش**

ئەو ئاوەڵنـاوەن، کە کـێش و قورسـایی دیاریـدەکەن، بە زۆری هەر دو ئاوەڵنـاوی (قورس، سوک) وەک ئەمجۆرە ئاوەڵناوە ڕەفتاردەکەن،[٨٣] واتە هەر شتێک قورسایی هەبێت ئەم ئاوەڵنـاوانە بە سـیمای واتـایی [- زینـدو، + کـێش، + کۆنکرێـت] ئارگۆمێنتەکەیـان هەڵاوێردەکەن و لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون. بڕوانە (٥٣)

٥٣. بەردێکی قورس، گۆزەیەکی سوک، دارێکی قورس، ...تاد

ئەوەی چاوەڕواندەکرێت ئەم دو ئاوەڵناوە سیما واتاییەکان ببەزێن و بەشدارییەکی چالاک بکەن لە ڕۆنانی واتایی ناپێکهاتەییدا بەم سیما واتاییانەی خوارەوە:

---

[٨٢] هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

[٨٣] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل٧٧.

١- [+ زیندو، - کێش، + کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٤)

٥٤. پیاوێکی سوکە، دەوڵەمەندێکی قورسە، کەسێکی سوکبو، دەستی قورس/سوکە، گوێقورس گوێسوک، ...تاد

٢- [- زیندو، - کێش، - کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٥)

٥٥. پرسیارێکی قورس/ سوک، شەڕێکی قورس، لێدانێکی سوک/ قورس، .....تاد

٣- [- زیندو، - کێش، + کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٦)

٥٦. کتێبکی قورسە.

**٦.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی خێرایی**

ئەو ئاوەڵناوەن، کە خێرایی دەردەبڕن، خێرایش تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندی (مرۆڤ، گیانلەبەران، شت)، کە بە سیمای واتایی [ +/ - زیندو، + جوڵە، +/ - کۆنکرێت] ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێردەکەن. وەک ئاوەڵناوەکان (خێرا، هێواش، لەسەرەخۆ، تیژڕەو، هێدی، ...تاد) بەمشێوەی خوارەوە:

١- [ + زیندو، + جوڵە، + کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٧)

٥٧. یاریزانێکی خێرا، شۆفێرێکی تیژڕەو، ئەسپێکی خێرا، .....تاد

٢- [- زیندو، + جوڵە، + کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٨)

٥٨. ئۆتۆمبیلێکی خێرا، کۆمپیوتەرێکی هێواش، کەشتیەکی خێرا، ...تاد

٣- [ - زیندو، - جوڵە، - کۆنکرێت]  بڕوانە (٥٩)

٥٩. هەڵاوسانێکی لەسەرەخۆ، وەڵامدانەوەیەکی خێرا، گفتوگۆی لەسەرەخۆ، ......تاد

لە (٥٩)دا ئاوەڵناوەکان بە واتای ناپێکهاتەیی ئارگۆمێنتەکەیان هەڵاوێرکردووە، چونکە لە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردندا سیمای [+ جوڵە]ی بەزاندووە.

هەندێک لە ئاوەڵناوەکانی بواری واتایی (تام) لەگەڵ هەندێک ناودا، گوزارشت لە چەمکی خێرایی دەکەن. بڕوانە (٦٠)

٦٠. ڕۆیشتنێکی توند، ڕۆیشتنێکی خاو، ...تاد

### ٧.٢.١.٤.٤ ئاوەڵناوی دوری

بریتییە لەو جۆرە ئاوەڵناوانەی، کە دوری و نزیکی شتێک دەردەبڕین. ئەمجۆرە ئاوەڵناوە هەر دو ئاوەڵناوی (دور، نزیک) دەگرێتەوە.[٨٤] بە واتای پێکهاتەیی بە سیمای واتایی [– زیندو، – مرۆڤ، + کۆنکرێت] ناوێک هەڵاوێردەکەن. بڕاونە (٦١)

٦١. کتێبخانەیەکی دور، خواردنگەیەکی نزیک، ...تاد

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بە واتای ناپێکهاتەیی بەکاردەهێنرێت و بەم شێوەیە سیما واتاییەکانی دەبەزێنێت:

١- [ + زیندو، + مرۆڤ، + کۆنکرێت] بڕوانە (٦٢)

٦٢. خزمێکی دور، خزمێکی نزیک

٢- [ – زیندو، + پێوانە، + کۆنکرێت] دەبێتە لایەنگری لە باری ماوەی پێوانەدا و بۆ دەربڕینی بیر و واتای پێوانە بەکاردێن. بڕوانە (٦٣)

٦٣. ڕێگەیەکی دور، ڕێگەیەکی نزیک

٣- [ – زیندو، – مرۆڤ، – کۆنکرێت] بڕوانە (٦٤)

٦٤. ئایندەیەکی نزیک، خەیاڵێکی دور، ...تاد

---

[٨٤] عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل٧٣.

### ٢.٤.٤ ئاوەڵناو لەبەکارهێنانی بەشەکرداریدا

هەروەکو لە تەوەرەی (٤.٦.٣) ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە ئاوەڵناو لە بەشەکرداردا لەگەڵ کاری (بون، کردن، هەڵگەڕا، چوەوە، دەچێتەوە، ...تاد)دا، دەردەکەوێت و دەچێتە ڕۆنانی کرداربەندییەوە، یان کردارێکی لێکدارو پێکدەهێنێت، ئەوەی لەم تەوەرەیەدا مەبەستە کرداربەندییە ڕێسای کرداربەندی بریتییە لە:

هەر XP یێک لەسەر ئاستی S-S ڕۆڵی بابەتانەکەی دیارینەکراوە، دەبێت بە ئارگۆمێنتێکەوە ببەسترێتەوە، بە مەرجێک ئەم، ئەو وەچە ئاڕاستە بکات و ئەویش، ئەم وەچە ئاڕاستە بکات.[٨٥]

ئەم ڕێسایە کرداری (بون) دەگرێتەوە، کە ڕۆڵی بابەتانە (سیمانتیک) و دۆخی ڕێزمانی پێنییە، تاکو بیداتە تەواوکەرەکەی، بۆ ئەوەی ڕێی دەستوریش بە ئاوەڵناوە تەواوکەرەکەی بدرێت، لە ڕێی کرداربەندییەوە بەکردارەکەوە دەبەسترێتەوە.[٨٦] دەتوانین بڵێین کردارەکە تەنیا بۆ گەیاندنی سیمای تافە (ڕابردو، ڕانەبردو)[٨٧] لەڕێی ڕێککەوتنەوە ئاوەڵناوەکە بە بکەرەوە پەیوەندیدار دەکات.[٨٨] واتە کرداری (بون) بە تەنیا واتا نادات، توانای هەڵاوێرکردنیشی نییە، بەڵکو ئاوەڵناو لە ناو ڕۆنانی کرداربەندییەکەدا، وەک ئارگۆمێنت_داواکەر گۆدەکات،[٨٩] سەرەی واتایی فرێزە کردارییەکەیە[٩٠] پەیوەندییە واتاییەکە لەنێوان ئاوەڵناو و ئارگۆمێنتەکان دایە، "ئاوەڵناوەکە لەم بارەدا قورسایی سەرەکی بۆ خۆی ڕادەکێشێت، کە واتای هەموو کردارەکە هەڵدەگرێت و کرداری (بو) لەڕوی واتاوە لە هەڵوێستی قسەکەردا تاڕادەیەک بۆشە. واتە ناتوانرێت لەڕێی کردارەکەوە هیچ زانیارییەکی

[٨٥] محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، ل٢٨.

[٨٦] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارودا، ل٤٢-٤٣.

[٨٧] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل١٠٥.

[٨٨] محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، ل٨١.

[٨٩] سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، ل٢٧.

[٩٠] محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارودا، ل٧٢.

فەرهەنگیی نوێ بگەیەنرێت"[٩١] بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی بابەتانە لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە بە ئارگۆمێنتەکان دەدرێت. بڕوانە (٦٥)

٦٥. شڤان باڵابەرزە.        باڵابەرز: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP تەوەر > ]

لە (٦٥)دا (باڵابەرزە) ئارگۆمێنت_داواکەرە، داوای یەک ئارگۆمێنت دەکات، کە (شڤانە) بەڵام پەیوەندییە واتاییەکە لە نێوان (شڤان) و (باڵابەرز)دایە (شڤان) ڕۆڵی بابەتەنەی تەوەری پێدراوە.

### ١.٢.٤.٤ ڕۆنانی ئارگۆمێنت لەبەشەکرداردا

ئاوەڵناو کاتێک بەشداری لە ڕۆنانی کرداربەندیدا دەکات، بەشەکردارەکە بەهەمان شێوەی کردارێکی تەواو یەک جێکەوتە یان دو جێکەوتەیی یان زیاتری هەیە، واتە داوای ئارگۆمێنتێک یان زیاتر دەکات.[٩٢] ئەمەش بەپێی زانیاری دەروازەی فەرهەنگی، یان پلەی ئاوەڵناوەکە دەبێت. ئاوەڵناو لە پلەی چەسپاودا ئارگۆمێنت_داواکەری یەک جێکەوتەییە (بڕوانە(٦٦_ا))، بەڵام ئاوەڵناوەکانی وەک: (بەپەرۆش، زیز، زویر...) لە پلەی چەسپاودا ئارگۆمێنت_داواکەری دو جێکەوتەیین (بڕوانە(٦٦_ب))، ئاوەڵناو لە پلەی بەراوردو باڵادا ئارگۆمێنت_داواکەری دو جێکەوتەیین، (بڕوانە(٦٦_پ، ت))، شایانی باسە ئاوەڵناوەکانی (بەپەرۆش، زیز، زویر...) لە پلەی بەراوردا سێ ئارگۆمێنت داوادەکەن. بڕوانە(٦٦_ج)

٦٦_ ا.شڤان ژیرە.        ژیر (چەسپاو)   [<NP> 1]

ب. شڤان لەمن زیزە.        زیز (چەسپاو)   [<PP> 2 ,<NP> 1 ]

پ. ژیار لە شڤان ژیرترە.        ژیرتر (بەراورد)   [<PP> 2 ,<NP> 1]

ت. شڤان ژیرترین قوتابییە.        ژیرترین (باڵا)   [<NP> 2 , <NP> 1 ]

ج. شڤان بۆ من بەپەرۆشترە لە تۆ. بەپەرۆشتر (بەراورد) [<PP> 3 , <PP> 2 , <NP> 1]

---

[٩١] هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

[٩٢] هەژار حسەین والی، بە بەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ل٢٦.

### ٢.٢.٤.٤ ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتەکان

دوای ئەوەی ئامـــاژە بـــۆ ئەوە کـــرا، داواکردنـــی ئارگۆمێنتەکـــان لە بەشـــەکرداردا پەیوەستە بە جۆری ئاوەڵنـاوەکەوە و ڕۆنـانی ئارگۆمێنتەکانیش نیشـاندران، لەمەودوا ڕۆڵـی بابەتانە ئارگۆمێنتەکان دەخرێتەڕو:

١- ئاوەڵنـاو لەو بەشـەکردارەی داوای یەک ئارگۆمێنـت دەکـات ئەم ڕۆڵانە بە ئـارگۆمێنتەکە دەدات:

**ا- تـــــــەوەر** (Theme)

ڕۆڵێکی بابەتانەی زۆر بێلایەنە[٩٣] کەسێک، یان شتێک لەڕێی کرداربەندییەوە سیفەتی ئاوەڵناوەکەی دەدرێتەپاڵ، هیچ کارێک ئەنجامنـادات، "ڕسـتەکە لە پێنـاوی بەدەرخسـتنی ئەو کەسە یان ئەو شتە دروستبووە"[٩٤] بڕوانە (٦٧)

٦٧. کتێبەکە سەوزە.        سەوز: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP تەورە < ]

لە (٦٧)دا ڕۆڵی بابەتانەی (تەوەر) بە (کتێبەکە) بەخشراوە و  لە بارێکی جێگیردایە و سیفەتی ئاوەڵناوەکەی دراوەتەپاڵ.

ئەگەر ئاوەڵنـــاوەکە سـیمای [+/- داینـــامیکی][٩٥] هەبێـت و کـرداری ڕسـتەکە لە هەر

---

[٩٣] صلاح حویز رسول، ڕستەسازی و واتاسازیی (بون)، نامەی ماستەر، ل٩٨.

[٩٤] بڕوا ڕەسول ئەحمەد، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان: زانکۆی کۆیە، ٢٠١١، ل٧٠.

[٩٥] کـویرک و هاوکارەکـانی ئاوەڵنـاو لە ڕوی سـیمانتیکەوە دابەشـدەکەن بـۆ ئاوەڵنـاوی نەگـۆڕ (Stative) و گۆڕاو (Dynamic)، ئاوەڵناوی نەگۆڕ ئەو ئاوەڵنـاوانەن، کە لەبـارێکی جێگیـردان گۆڕانیـان بەسـەردانایەت، لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نین. وەک (بەرز، پان، درێژ، سپی، باریک، ...تـاد) ئەم ئاوەڵنـاوانە لەگەڵ کرداری (بـون)دا نـاکرێن بە داخـوازی (*بەرزبە، پـان بە، ...تـاد) بەڵام ئاوەڵنـاوی گـۆڕاو ئەو ئاوەڵنـاوانەن کە گۆڕانیان بەسەردادێت و لەژێردەسەڵاتی مرۆڤدان وەک: (وریا، ئارام، هێواش، بەپەرۆش، ...تاد) ئەم جۆرە بەپێچەوانەی ئاوەڵنـاوی جێگیر لەگەڵ کرداری (بـون)دا دەکرێن بە داخـوازی (وریـا بە، هێـواش بە، ...تـاد) بڕوانە: Quirk, Randolph, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech, and Jan Svartvik. A Comprehensive Grammar of the English Language. London: Longman, 1985, PP 434.

کاتێکدا بێت[96]، ڕۆڵی بابەتانەی (تەوەر) بە ئارگۆمێنتەکە دەدات.  بڕوانە (٦٨)

٦٨_ ا. منداڵەکە وریایە.

ب. ئەم شەقامە پانە.

پ. بەرد ڕەقە.

ت. کیژەکە جوان بو.

ح. *بەرد ڕەق بو

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەگەر کرداری (بون) بۆ کاتی ڕابردو بو، ئاوەڵناوەکەش بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی مرۆڤ و گیانلەبەران بو، ڕستەکە دو واتای جیاوازی دەبێت، لە هەردو واتاکەدا ڕۆڵی بابەتانەی تەوەر بە ئارگۆمێنتەکەی دەدات، هەرچەندە لە ڕستەی (٦٩_ب)دا هۆکارێکی دەرەکی هەیە بۆ ڕودانی جوانبونەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کردەیەک (Action) لە کردارەکەدا نییە، ناتوانرێت (کیژەکە) بە کارتێکراو دابنرێت.

٦٩_ ا. کیژەکە جوان بو. ( ئەوسا جوان بو.)

ب. کیژەکە جوان بو. ( گۆڕا، ئێستا جوانە.)[97]

**ب- ئەزمونکار** (Experience)

ڕۆڵی بابەتانەی کەسێکە، کە بەشداریدەکات لە لایەنی دەرونی یان هۆشەکی یان سۆزداری، کە ئارگۆمێنت_داواکەرەکە ئاماژەی بۆ دەکات.[98] ئەو ئاوەڵناوانەی، کە ئەم ڕۆڵە بابەتانەیە دەبەخشن سیمای [+ داینامیکی] هەیە و لە جۆری ئاوەڵناوی تایبەتمەندی کەسین

---

[96] ئەو ناوانەی خەسڵەت و سیما هەمیشەییەکەیان، لەگەڵ بونیاندا ئەزەلییە و کارکردەیەکی نەگۆڕ لە کرۆکە واتاییەکەیاندایە، ئاوەڵناوەکە تەنیا لەگەڵ تافی ئێستای هەمیشەیی ڕۆڵیان پێدەدرێت. وەک (بەرد ڕەقە.) (*بەرد ڕەق بو.) هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، ل ١٦١.

[97] لە واتای دووەمدا کاری (بو) هێزی سەرەکی لەسەرە، بەمە لە قسەکردندا لە یەکەم جیادەکرێتەوە. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل٢٦٢.

[98] https://lexicon.hum.uu.nl/

"شـارەزایی و گۆڕان لە بـاری هۆشـەکی و دەرونـی کەسـێکدا نیشـاندەدەن"[99] لەم بارەشـدا ڕستەکە دو واتای جیاوازی دەبێت.

٧٠_ ا. شڤان زیرەک بو.[100]      زیرەک: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP ئەزمونکار > ]

ب. شڤان دڵخۆش بو.      دڵخۆش: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP ئەزمونکار > ]

لە (٧٠_ا)دا، بە هەردو واتاکەی (گۆڕا، ئێستا زیرەکە.)، (ئەوسـا زیـرەک بـو.) گـۆڕان لە بـاری هۆشەکی (شڤان)دا دەگەیەنێت و لە لایەنی هۆشـەکیەوە بەشـداریکردووە، بەڵام لە (٧٠_ب)دا (شـڤان) بە هەردو واتـاکەی (گـۆڕا، ئێسـتا دڵخۆشـە.)، (ئەوسـا دڵخـۆش بـو.) گـۆڕان لەبـاری دەرونیدا دەگەیەنێت. بۆیە ڕۆڵی بابەتانەی ئەزمونکاری هەیە.

**پ- شـــوێن** (Location)

ئەو شوێنەیە، کە بەهۆی ئاوەڵناوەکەوە لە بەشەکرداردا گوزارشتی لێدەکرێت، بارێک نیشاندەدات.  بڕوانە(٧١)

٧١. ئەم شارە خۆشە.      خۆش: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP شوێن > ]

**ت- کـــات** (Temporal)

ئەم ڕۆڵە لەو فرێزە نـاوییەدا بەدیـدەکرێت، کە چەمکـی کـات لەخـۆدەگرن، کە بەهـۆی ئاوەڵناوەکەوە لە بەشەکرداردا گوزارشتیان لێدەکرێت، بارێک نیشاندەدات.  بڕوانە(٧٢)

٧٢_ ا. دوێنێ  خۆش بو.      خۆش: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP کات > ]

ب. ئەمڕۆ  زۆر ساردە.      سارد: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP کات > ]

---

[99] یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩، ل٣٤.

[100] لەم ڕستەیەدا مەبەست لە زیرەکی بەدەستهاتویە لە بوارێک لە بوارەکانی وەک (فیزیا، کیمیا، ...تاد)، چونکە ئەمانە بەهۆی هەوڵدان و کۆششکردن مرۆڤ ئەزمونی تێدا وەردەگرێت و شارەزادەبێت.

٢- ئاوەڵنـاو لەو بەشـەکردارەی، داوای دو ئارگۆمێنـت دەکـات ئەم ڕۆڵانە بە ئارگۆمێنتەکـان دەدات:

**ا- ئەزمونکار و سەرچاوە**[١٠١]

ئەم ڕۆڵە لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەک (بەپەرۆش، پەرێشـان، دڵنیا، دڵسـۆز، زیـز، زویـر، یاخی، سەرسام، ...تاد) کە سیمای [+ داینامیکی]یان هەیە. لەڕستەدا گوزارشت لە دو شوێنی سیمانتیکی دەکەن، ئارگۆمێنتی یەکەم دەبێتە (ئەزمونکار)، چونکە گۆڕان لە باری دەرونـی و هەسـتی کەسـێکدا نیشـاندەدات، ئـارگۆمێنتی دووەمـیش دەبێـتە (سـەرچاوە Source)، چـونکە سەرچاوەی دروستبوونی ئەمجۆرە هەستەیە لە کەسەکەدا.[١٠٢] بڕوانە (٧٣)

٧٣_ ا. ئەو لە من دڵنیایە.     دڵنیا: (ئاوەڵناو)  [ 1 < NP ئەزمونکار >، 2 < PP سەرچاوە >]

ب. ئەوان لە من توڕە بون. توڕە: (ئاوەڵناو)[ 1 < NP ئەزمونکار >، 2 < PP سەرچاوە >]

**ب- ئاوەڵناو لە پلەی بەراوردا**

ئاوەڵنـاو لە پـلەی بەراورددا دو ئارگۆمێنـت داوادەکـات، هەر دو ئـارگۆمێنتەکە یەک ڕۆڵـی بابەتانەیـان پێـدەدرێت، چـونکە داواکردنـی ئـارگۆمێنتی دووەم بـۆ وەرگرتنـی ڕۆڵـی بابەتانەی جیـاواز نییە، بەڵکو بۆ بەراوردکردن و بە دیارخسـتنی پلەی ئـارگۆمێنتی یەکەمە، ئەمەش وا دەکـات لە ڕۆڵەکەدا هاوبەشـبن، بەڵام لە پـلەدا جیـاوازبن، کەواتە بە شـکانەوەی ئاوەڵنـاوەکە لە پـلەی بەراورددا گـۆڕان لە تـۆڕی بابەتـانەی ئاوەڵنـاوەکەدا ڕونـادات، بـۆیە بەخشـینی یەک ڕۆڵ بە دو ئارگۆمێنت بە لادان لە پێـوەری سـێتا دانانرێت، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە فۆڕمی شکاوەی ئاوەڵناوەکەوە هەیە، نەک فۆرمە فەرهەنگییەکەی.

[١٠١] ئەم ڕۆڵە لەو ڕستانەی، کە ئارگۆمێنت_داواکەرکەی کاری (بون)ی تێدانییە، لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە جوڵە یان ڕوی کار (ئاڕاستە) نیشاندەدەن، واتە ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکەن، کە لێیەوە شتێک لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج دەجوڵێت وەک (لە هەولێرەوە (سەرچاوە) بەرەو شەقڵاوە (ئامانج) بەڕێکەوتین.) بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل٣٨.

[١٠٢] محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ل٢٦٣.

بڕوانە (٧٤)

٧٤_ا. شڤان لە شیرین لاوازترە. لاوازتر: ئاوەڵناو [ 1 < NP تەوەر >، 2 < PP تەوەر > ]

ب. ئاسۆ لە کارزان دڵخۆشتربو.

دڵخۆشتر: ئاوەڵناو [ 1 < NP ئەزمونکار >، 2 < PP ئەزمونکار > ]

پ. هەولێر لە سلێمانی خۆشترە. خۆشترە: ئاوەڵناو[ 1 < NP شوێن >، 2 < PP شوێن > ]

ت. ئەمڕۆ لە دوێنێ ساردترە. ساردتر: ئاوەڵناو [ 1 < NP کات >، 2 < PP کات > ]

**پ- ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا**

ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا هەروەکو پلەی بەراورد دو ئارگۆمێنت داوادەکات، یەک ڕۆڵ بە هەردوکیان دەبەخشێت، چونکە بە هەمان شێوەی پلەی بەراورد داواکردنەکە بۆ ڕۆڵبینینی جیاوازنییە، بەڵکو بۆ نیشاندانی پلەی باڵای ئارگۆمێنتی یەکەمە بەراورد بە ئارگۆمێنتی دووەم، واتە هەر دو ئارگۆمێنتەکە لە ڕۆڵەکەیاندا هاوبەشن، بەڵام لە پلەدا جیاوازن. بڕوانە (٧٥)

٧٥. کیژان جوانترین کچە. جوانترین: ئاوەڵناو [ 1 < NP تەوەر >، 2 < NP تەوەر > ]

٣- ئاوەڵناو لەو بەشەکردارەی داوای سێ ئارگۆمێنت دەکات ئەم ڕۆڵانە بە ئارگۆمێنتەکان دەدات:

ئەو ئاوەڵناوانەی لە پلەی چەسپاودا، بە پێی ناواخنی سیمانتیکیان دو ئارگۆمێنت داوادەکەن، کاتێک لە پلەی بەراورددا دەشکێنەوە دەبنە ئارگۆمێنت_داواکەری سێ جێکەوتەیی ئارگۆمێنتی یەکەم و سێیەم یەک ڕۆڵی بابەتانەیان هەیە و ئارگۆمێنتی دووەم ڕۆڵی بابەتانەکەی جیاوازە. بڕوانە (٧٦)

٧٦. ئەو بۆ تۆ لە من بەپەرۆشترە.

بەپەرۆشتر: ئاوەڵناو [ 1 < NP ئەزمونکار>، 2 < PP سەرچاوە >، 3 < PP ئەزمونکار >]

## ٥. ئەنجام

١- ئاوەڵناو کاتیگۆرییەکی فەرهەنگی سەربەخۆ زمانی کوردییە، چونکە خاوەنی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکییە.

٢- بەپێی تیۆری ئێکس_بار و هەندێک لقە تیۆری تر، کە هاوشان و پەیکاڵن لەگەڵ ئەم تیۆرەدا، ڕۆنانە سینتاکسییەکان بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکان و ئەو زانیارییانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بنیاتدەنرێن، لەم بارەشدا ئاوەڵناو بەپێی ناواخنی سینتاکسی، کە لە فەرهەنگدا بۆی دیاریکراوە و شکانەوەی لە پلەی بەراورد و باڵادا توانای هەڵاوێرکردنی سینتاکسی هەیە و وەک سەرەیەکی ڕێزمانی هەمو تایبەتمەندییەکانی سەرەی تێدایە.

٣- دیاریکردنی ئاوەڵناو وەک سەرەیەکی ڕێزمانی پرۆژەسازدەر لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا، دەبێتە هۆی ئەوەی، پێشێلی بنەمای تیۆری ئێکس_بار نەکرێت، چونکە بەپێی یەکێک لە بنەماکانی ئەم تیۆرە بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێز لە زمانی مرۆڤدا بەهۆی سەرە و تەواوکەرەوەیە، لە هەمان کاتدا پەیکاڵی ڕێسای سەرە_کۆتای کاتیگۆرییەکانی تر و پێدانی دۆخەیشە لە چەپەوە بۆ ڕاست.

٤- لەفرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە پلەی چەسپاودا بێت، (NP)یەک، وەک تەواوکەر دیاریدەکات، بەڵام ئەگەر هەمان ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵیدا لە پلەی بەراوردا بشکێتەوە، جگە لە (NP)یەکە، (PP)یەکیش بۆ بەراوردکردنەکە داوادەکات و لە هەردو بارەکەشدا پەیڕەوی ڕێسای (سەرە_کۆتا) دەکات. بە هەمان ڕۆنان و سەرەوڕیزبونیشەوە دەچێتە ڕۆنانی (DP)و (PP)یەوە.

٥- بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان بەبێ ئەوەی داوای تەواوکەر بکەن، لەگەڵ کرداری (بون)دا بەشەکرداری ڕستە پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە پلە بەراوردا بو، یان گروپی ئاوەڵناوەکانی (بەپەرۆش، زیز، زویر، ...تاد) بو لە بەشەکرداردا (PP)یەک، داوادەکەن و ڕیزبونەکەش بەپێی ڕێسای سەرە_کۆتایە، هەرچی ئاوەڵناوەکانی وەک (ئاشکرا، دڵنیا،

ڕاست، ...تاد) بە پێی ناواخنی سینتاکسیان لە بەشەکرداردا یان لە فرێزی تافدا، لاڕستەیەک وەک تەواوکەر داوادەکەن و دەکەونە پێش لاڕستەکە و پەیڕەوی (سەرە_سەرەتا) دەکەن.

٦- ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا (NP)یەک، وەک تەواوکەر داوادەکات و بەترۆپک (Topic) هێنراوەتە پێشەوە و بەسترێس، بەخستنەتەکیەک (Coordinte) حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی دەداتێ بەمەش سەرە و ڕیزبونەکەی دەبێتە (سەرە_سەرتا).

٧- لەو فرێزە دیارخەرییەی، کە تێیدا ئاوەڵناوێک پەسنکەری فرێزی ناوییە، ڕۆنانی سینتاکسی و بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی لە فرێز و ڕستەکاندا درکیان پێدەکرێت ڕێگە خۆشدەکەن بۆ دەرنەبڕینی ناوەکە، جێگەی ناوە دەرنەبڕدراوەکە پەیوەندییان بە (pro)ی بچوکەوە نییە، بەڵکو دەبەسترێتەوە بە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە.

٨- ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا کۆتوبەندی واتایی هەیە، بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵناو کۆتوبەندەکەی دەگۆڕێت، یان بەهەمان ئەو سیما واتاییانەی، کە لە فەرهەنگدا بۆی دیاریکراوە بە واتایی پێکهاتەییەوە لەگەڵ ئارگۆمێنتەکەیدا ڕێکدەکەوێت، یان سیماکان دەبەزێنێت و هەڵاوێرکردنی ئازادانە دەبێت و واتایەکی ناپێکهاتەیی دەبێت.

٩- توانای هەمو ئاوەڵناوەکان بۆ هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکەیان وەکو یەک نییە و هەندێکیان توانایان سنوردارە، ڕێککەوتن لەگەڵ یەک ناو، یان زیاتر دەکەن، وەکو هەندێک لە ئاوەڵناوی (ڕەنگ، تایبەتمەندیی کەسی، پلەی گەرمی، تام) ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی تایبەتی هاوڕێیەتی لەنێوان ناو و ئاوەڵناوەکەدا دروست ببێت.

١٠- ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا سەرەی واتایی فرێزەکەیە، داواکردنی ئارگۆمێنتەکان و پێدانی ڕۆڵی بابەتانە دەوەستێتە سەر ئاوەڵناوەکە نەک کرداری بون، چونکە کردارەکە ڕۆڵی بابەتانە پێنییە تا بەئارگۆمێنتەکانی بدات و لە ڕێی کردارەکەوە ناتوانرێت هیچ زانیارێکی نوێ بگەیەنرێت.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**

**١. کتێبەکان:**

– ئەمیر حەسەن پور،سەدەیەک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا (تیۆری، سیاسەت، ئیدەلۆژی)، سلێمانی: چاپخانەی ژین، (٢٠١٥).

– ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، بەغدا: دار الحرية للطباعة، (١٩٩١).

– ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، ناو، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٧٩.

– ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغداد: دار الحرية للطباعة، (١٩٩٨).

– احمد حسن احمد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی دار الجاحظ، (١٩٧٦).

– امیر محمد محمدامین، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین، (٢٠١٦).

– تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١١).

– تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١٤).

– تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، بغداد: الطابعة الحديثة، (١٩٢٩).

– حاتەم ولیا محمد، مۆرفۆلۆجی، هەولیر، (٢٠١٩).

– ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر: دەزگای موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١١).

– ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، (٢٠١٣).

- سعيد صدقى، صرف و نحوى كوردى، بغداد: چاپخانەی نجاح، (١٩٢٨).
- سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، (٢٠٠٩).
- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم ، دووەم ، سێیەم) هەولێر: چاپخانەی منارە، (٢٠٠٩).
- شێرکۆ بابان، هەندێک لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، دهۆک: چاپخانەی خان، (٢٠٠٨).
- شیلان عومەر، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، (٢٠١٢).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، (٢٠١٠).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، سلێمانی: چاپخانەی سارا، (٢٠٢٠).
- عەبدولواحد موشیر دزەیی، واتاسازی، هەولێر: چاپخانەی خانی، (٢٠٠٩).
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر: ئاوێر، (٢٠١٣).
- عەبدولواحید مشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، هەولێر: ئاوێر، (٢٠١٥).
- کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند، سلێمانی: چاپخانەی تیشک، (٢٠٠٨).
- ک. ک. کوردۆیڤ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆران، وەرگێڕانی: کوردستان موکریان، هەولێر: مطبعة الأديب البغدادية، (١٩٨٤).
- محەمەد ڕەزا باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، چاپ و بڵاوکردنەوەی سوید، (١٩٩٣).
- محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠١).

- محەمەد مەحوی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (٢٠٠١).
- محەمەدی مەحوی، زانستی هێما- هێما، واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند، (٢٠٠٩).
- محەمەد مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١١).
- محەمەد مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٠).
- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١٠).
- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، بەغداد: چاپخانەی مەعاریف، (١٩٧٤).
- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی: چاپخانەی کامەران، (١٩٦٠).
- نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر: کۆلێژی ئاداب، (١٩٨٢).
- یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، (٢٠٠٩).

**٢. نامەی ئەکادیمی:**

- ئارام ڕەشید مەجید، دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کردارییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٦).
- ئازاد ئەحمەد حسەین، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨).
- ئاوات ساڵح قادر، ڕێککەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٥).

- ئەردەلان تۆفیق فەتاح شێروانی، پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠١٥).
- بڕوا ڕەسول ئەحمەد، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان: زانکۆی کۆیە، (٢٠١١).
- بژوێن یەحیا محەمەد، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٦).
- بێستون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١١).
- بێخاڵ عبدالله سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، (١٩٨٩).
- بەهرە سەلام حمە غەریب، شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٥).
- تارا موحسین قادر، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خوارو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٤).
- تارا موحسین قادر، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١١).
- حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠٠٦).
- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە ئیبن روشد: زانکۆی بەغدا، (١٩٩٨).
- سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٩).

- سانیا جبار عەبوزەید، جهگۆرینا کەرستان درستێدا (گۆڤەرا بەهدینی)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب: زانکۆی سۆران، (٢٠١٣).
- شنە جەبار فەتاح، ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٦).
- شیروان حسین حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٤).
- صلاح حویز رسول، ڕستەسازی و واتاسازیی (بون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە: زانکۆی کۆیە، (٢٠٠٦).
- طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، (١٩٩٨).
- عومەر ئەحمەد عەبدولرەحمان، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٩).
- عومەر ئەحمەد عەزیز، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان: کۆلێجی پەروەردە، (٢٠١٦).
- عەبدلمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، میتافۆڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠١٧).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٩).
- فەرهاد تۆفیق حەسەن، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٠).
- ڤیان سلیمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠١).

- ڤیان سلیمان حاجی، کەرەستە بەتاڵەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی: زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٧).
- ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو .دوخ د زمانێ کوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، نامەی دکتۆرا، سکولا ئاداب، فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی: زانکۆیا دهۆکێ، (٢٠١٥).
- ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبۆ، تایبەتێن هەڤالناڤی د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژا ئاداب: زانکۆی دهۆکێ، (٢٠٠٨).
- کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، (١٩٩٠).
- محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨).
- نەرمین عومەر ئەحمەد، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٠).
- هۆگر محمود فەرەج، بوارە واتاییەکان، (نامەی ماستەر)، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین، (١٩٩٣).
- هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٢).
- هەژار حسەین والی، بە بەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە و ڕامیاری چەمچەماڵ، سکوڵی پەروەردە: زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٥).

**٣. گۆڤـــار:**

- ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، گۆڤاری کوردۆلۆجی: ژمارە: ٣، (٢٠١٠).
- ئازاد ئەحمەد حسەین، یاساکانی گواستنەوە بە گشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: بەشیB، ژمارە٣٤، (٢٠١٢).

- ئەبوبەکر عومەر قادر، شرۆڤەکردنی رستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی: بەرگی ٣، ژمارە: ٤، (٢٠١٧).
- بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانە و ڕەنگدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٣١ بەشی: B، (٢٠١١).
- حاتەم ولیا محمد، دلێر صادق کانەبی، دانا تەحسین محمد، پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچونی (یۆخین سپلیت و هۆندس نورشە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: ژمارە: ٥، (٢٠١٥).
- حاتەم ولیا محمد، میتافۆری چەمکی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی: ٢٤، ژمارە: ٦، (٢٠٢٠).
- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، میتافۆر لە شیعرەکانی هاوژین صلیوەدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە: ٤٢، (٢٠١٧).
- شیروان حسین حمد، پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ: بەربەندا: ٦، ژمارە: ١، بەرگێ: ١، (٢٠١٨).
- عبدالله عزیز محمد بابان، هەندێک لایەنی دیاردەی واتای هاوڕێتی لە زمانی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی، پەڕبەندا: ٢٢ ، ژمارە :١، (٢٠١٩).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و بژوێن یەحیا محەمەد، واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد ژمارە: ٤١ ، (٢٠١٨).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و سازان زاهیر سەعید، فرێزی ئاوەڵکرداری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە: ٥، (٢٠١٩).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ: زانکۆی بغداد، العدد: ١٨٦، (٢٠١١).

- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمەگۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: ژمارە: ٣٨، (٢٠١٣).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە: ژمارە: ٢٤، (٢٠١٢).
- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر، بۆچوونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە: ژمارە: ٢٨، (٢٠١٣).
- کوردستان موکریانی، ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردیدا بە کەرەستەی کرمانجی خوارو و کرمانجی ژورو، گۆڤاری کاروان: ژمارە: ٥، (١٩٨٣).
- محمد مەعروف فتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: ١٢٥، (١٩٩٠).
- محەمەدی مەحوی، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداری و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٤٢، (٢٠١٣).
- محەمەدی مەحوی، ئاوەڵناوی کوردی لەنێوان تیۆر و تایبەتمەندییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٤٤، (٢٠١٤).
- مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا، شەهرزاد نایب موحەمەد، نیعمەت سابیر عوسمان، ڕێککەوتن لە دروستە مۆرفۆلۆجییەکانی شێوەزاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە: ٥، (٢٠٢٠).

**بەزمانی عەرەبی:**

- ر هـ .روبنز، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: د .أحمد عوض، الكويت: المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأدب (١٩٩٧).
- محمد حسن عبدالعزيز، علم اللغة الحديث، القاهرة: مكتبة الأداب، الطبعة الأولى، (٢٠١١).
- محمد علي الخولي، مدخل إلى علم اللغة، الأردن: دار الفلاح للنشر و التوزيع، (٢٠٠٠).

– ميلكا أفيتش، اتجاهات البحث اللساني، الطبعة الثانية، ترجمة: د. سعد عبدالعزيز مصلوح، د. وفاء كامل فايد، (٢٠٠٠).

**٤. به زمانى ئينگليزى:**

- ARTS, BAS. English Syntax and Argumentation, Second edition. New York: Palgrave, (2001).

- ABNEY, STEVEN PAUL. The English Noun Phrase In Its Sentential Aspect. Massachusetts: Institute of Technology, (1987).

- BAUER, LAURIE. English Word-formation. Press. Cambridge: University, (2004).

- BLACK, CHERYL A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax. Lecture notes on: linguistics, (1998)

- CHOMSKY, NOAM . Lectures on Government and Binding_ The Pisa Lectures-Mouton de Gruyter. Fifth edition: Holland, (1981).

- CHOMSKY, NOAM. Knowledge of Language: Its Nature, Origin, and Use. New York: Praeger, (1986a).

- CHOMSKY, NOAM. Lectures on Government and Binding, Fifth edition. U.S.A: Dordrecht- Holland, (1988).

- COMSKY, NOAM. Lectures Government and Binding the pisa Lectures, 7th ed. Berlin, New York: Mouton, The Hague, (1993).

- CHOMSKY, NOAM - The Minimalist Program –Cambridge, Mass, MIT: Press (1995)

- CRYSTAL, DAVID. A doctionary of Linguistics and Phonetics. sixth edition: Oxford.uk, (2006).

- DIXON, R. M. W. AND ALEXANDRA Y. AIKHENVALD, Adjective Classes, A Cross-Linguistic Typology, New York: Oxford University Press, (2004).

- DIXON, R. M. W. Where Have All the Adjectives Gone? and other essays in Semantics and Syntax. Mouton Publishers: Berlin. New York. Amsterdam, (1977).
- FATTAH, MUHAMMAD MARUF. A generative Grammar of kurdish. Unpublished Doctoral Disseration: Unverstity of Amsterdum, (1997).
- FNCH,GEOFFRY. Key Concepts In Language And Linguistics, 2 Nd Ed. palgrave: macmillan, (2005).
- FRAWLEY, WILLIAM. Linguistic Semantics, First Published. New York: Routledge, (1992).
- FROMKIN, VICTORIA. ROBERT RODMAN, AND NINA HYAMS. An Introduction to Language. Printed in the United States of America, (2014).
- HAEGEMAN, LILIANE. Introduction to Government and Binding Theory, Second EditIon. Oxford: Blackwell, (1998).
- HASPELMATH, MARTIN. AND ANDREA D.SIMS. Understanding Morphology, 2nd edition. London: Hodder Education, (2010).
- HASPELMATH, MARTIN. Word Classes and Parts of Speech, (International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences). (2001).
- HENGEVELD, KEES. Non-verbal Predication, Theory, Typology, Diachrony . New York: Mouton de Gruyter, (1992).
- HUDDLESTON, RODNEY. AND PULLUM GEOFFREY . A Student's Introduction To English Grammar . New York: Cambridge University Press, (2005).
- KATAMBA, FRANCIS. Morphology. New York: St. Martin's Press, (1993).
- LYONS, JOHN. Language and linguistics, an introdction. london: cambridoe Universty, (2009).

- MACKENZIE, D.N. Kurdish dialect studies-1, Oxford University Press, London, (1961).
- MATTHEWS, P. H. The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Second edition, Oxford University Press, (2007).
- MCCARUS, ERNEST N. A Kurdish Grammar, Descriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq, New York: Washington, (1958).
- MURRAY, LINDLEY. English Grammar, Adapted to the Diffrent Classes of Leariners, (1809).
- PIROT, FATIMA HASSAN. Adjective complementation in english and central kurdish- a contrastive study. College of languges: Salahaddin University- Erbil, (2008).
- QUIRK, RANDOLPH, SIDNEY GREENBAUM, GEOFFREY LEECH, AND JAN SVARTVIK. A Comprehensive Grammar of the English Language. London: Longman, (1985).
- RADFORD, ANDREW. AND MARTIN ATKINSON. linguistics an introduction. New York: Cambridbe Universty, (2009).
- RADFORD, ANDREW. English Syntax: An Introduction. Cambridge University Press: Cambridge, (2004).
- RASKIN, VICTOR, AND SERGEI NIRENBURG. Lexical Semantics of Adjectives A Microtheory of Adjectival Meaning. article, (1995).
- RIEMER, NICK. Introducing Semantics. Cambridge University Press: UK, (2010).
- STONE, ROGER. An Automated Template Approach to Morphology and Syntax Description for Ayta Abellen (using FLEx and PAWS), M.A. Applied Linguistics, Faculty of the Graduate Institute of Applied Linguistics, (2010)
- TALLERMAN, MAGGIE. Understanding Syntax, Fifth edition. New York: Routledge, (2020).

- TRASK, R L. A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. London: Roultedge, (1993).
- YULE, GEORGE. The Study of Language, Fourth edition. New York: Cambridge, (2010).
- ZADRAPA, LUKAS. Word-Class Flexibility in Classical Chinese, Verbal and Adverbial Uses of Nouns. Volume2: Hotei, (2011).

### ٥. پێگەی ئینتەرنێت:

- https://lexicon.hum.uu.nl

# پاشکۆکان

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مساعد رئيس الجامعة للشؤون العلمية والدراسات العليا
مجلة جامعة رابرين

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Presidency of University of Raparin
Vice- President for Scientific Affairs and Higher Education
Journal of University of Raparin

ژمارە: ٥٩٠

ڕێکەوت: ١٧/ ٠٨/ ٢٠٢٢ زاینی
٢٦ / خەرمان /٢٧٢٢ کوردی

## پەسەندکردن بۆ بڵاوکردنەوە

**بۆ توێژەرانی بەڕێز:**

**محەمەد حوسێن محەمەد [١] - پ.د. تالیب حوسێن عەلی [٢]**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ناونیشانی توێژینەوە:**

**(فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا )**

بە خۆشحاڵییەوە بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین، کە دەستەی نوسەرانی گۆڤار بڕیاریاندا بە پەسەندکردنی ئەو توێژینەوەی سەرەوە بۆ بڵاوکردنەوە لەگۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، دوای ڕەچاوکردنی سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و ئەنجامدانی سەرجەم ڕێکارەکان، لە ژمارە (Vol.10 – No.2) لە ڕێکەوتی (٢٩-٠٦-٢٠٢٣) بڵاودەکرێتەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**پ.ی.د. ابراهيم عبدالرحمن محمد**
سکرتێری گۆڤار

وێنەیەک بۆ:
- ✓ دۆسیەی توێژینەوە.
- ✓ توێژەران.
- ✓ دەرکردە.

کارزان محمود

هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ڕانیە، شەقامی گشتی
Phone: +964 (0) 751 045 85 93
Email: govar@uor.edu.krd
Kurdistan Region, Al-Sulaimania, Rania, General Street
www.uor.edu.krd

# فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا

**محەمەد حوسێن محەمەد**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستان-عێراق

ئیمەیل: mohammed.h.mohammed@student.su.edu.krd

**پ.د. تاڵیب حوسێن عەلی**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستان-عێراق

ئیمەیل: talib5151@yahoo.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا، بەپێی تیۆری (X-Bar) و هەندێک لقە تیۆری تر، کە هاوشان و پەیکاڵن لەگەڵ ئەم تیۆرەدا، کە بەپێی ئەم لقە تیۆرانە ڕۆنانە سینتاکسییەکان بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکان و ئەو زانیارییانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بنیاتدەنرێن، بە پشتبەستن بە زانیاری سینتاکسی و سیمانتیکی، بەڵام ئێمە بۆ پەسنکردن و شیکردنەوەی فرێزەکان زیاتر پشتمان بە زانیارییە سینتاکسییەکان بەستووە، بەپێی پێویستیش پەنامان بۆ زانیارییە سیمانتیکییەکان بردووە، توانا و ویستی ئاوەڵناومان وەک سەرەیەکی ڕێزمانی نیشانداوە و ڕۆنان و سەرەوریزبونی سەرە و تەواوکەرەکانمان خستۆتەڕو، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە ئاوەڵناو وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی پرۆژەسازدەر لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا نیشانبدرێت، چونکە ئاوەڵناو توانای هەڵاوێرکردنی سینتاکسی و سیمانتیکی هەیە و وەک سەرەیەکی ڕێزمانی هەمو تایبەتمەندییەکانی سەرەی تێدایە و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆنانی فرێزەکاندا (سەرە_کۆتا)یە. هەمو ئەمانەش لە توێژینەوەکەدا جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دو تەوەرەدا خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:**

X-Bar ، ئاوەڵناو، فرێزی ئاوەڵناوی، بەکارهێنانی ئاوەڵناو، پلەکانی ئاوەڵناو

## Abstract

This research under the title (Syntax and Semantics of Adjective in Kurdish), mainly an attempt to highlight the syntax and semantics of Adjective according to the Government-Binding theory, in this theory the theoretical branches (X-bar, Case and Theta) are used to study the syntax and semantics of Adjective in Kurdish. For this purpose, the study is divided into five parts:

**The first part** is the introduction, which includes the title of the study, the bound of the study, the research methodology, the significance of the study, the research question, and the chapters of the study.

**The second part** is devoted to presenting some general articles on word categories and adjective categories, emphasizing the classification of words into a more detailed classification than that of traditional grammarians and identifying adjective categories as an independent lexical category. Morphological, syntactic, semantic, position, use of adjective, commonalities and differences, with other lexical categories such as (nouns, adverbs, and verbs) are explained. In a separate section, ways of forming adjectives are presented. It should be noted that the opinions of extraneous and Kurdish linguists have been relied upon in each article and their opinions have been reviewed in some articles.

**The third part** is devoted to the syntax of adjective, attempting to identify the structure of adjective phrases, according to the theory (X-bar) and some other branches of theory, which are parallel to this theory. In addition to presenting the structure of phrases, in an independent section on the use of adjective, adjective are shown as grammatical heads, their characteristics, structure, heads and order of their complements are presented, and the phrases in which adjective phrases occur are identified. The influence of comparative and superior degree morphemes in the formation of adverbial phrases is also

presented. In another section, according to the case theory, case assigner of Kurdish language are discussed. According to the use of adjective, the situation is discussed and finally the relationship of pronouns to the small pro is explained.

**The fourth part** discusses the semantics of adjective, focusing on explaining the concept and meaning of adjective. First, at the level of word semantics, according to the theory of semantic fields, the semantic fields expressed by adjective classification. In order to further explain the meaning of adjective, semantic relationships have been used, especially the syntagmatic relation of adjective with other components of phrases and sentences according to the branch of Theta theory. Within this framework, attention has been paid to Selection Restrictions types of theta roles, predicate, and argument structure.

In the context of this article, The adjective has been identified as a predicate. In the use of adjective, semantic selection restrictions are presented according to the adjective types, it is shown by what semantic features an adjective with the same lexical semantics distinguishes its name and when semantic inaccuracies arise and how they override semantic features and have non-compositional meaning (metaphor and idiom). In the predicate, in sentences where the adjective complements the verb (to be), it is designated as the semantic head of the phrase, where the request of the arguments and their theta role depend on the adjective.

**The fifth part** presents the most important results.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Syntax and Semantics of Adjective in Kurdish

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Education at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language

By
**Mohammed Hussein Mohammed**
BA. in Kurdish Language – Salahaddin University –Erbil – 2004

Supervised by
**Prof. Dr. Talib Hussein Ali**

Erbil, KURDISTAN
November, 2022